بڕێکە، بۆ نواندنی نزمبوونەوەی پلەی بەستنی توێنەر دیاری دەگرێت، لەگیراوەیەکدا کە خەستییەکەی 1 مۆلال بێ وتواوەیەکی نەفرۆك و نا ئەلەکترۆلیتیی تێدابێت. (51)

**جێگیری پلەی کوڵاندی مۆلالی**
molal boiling - point constant
بڕێکە، بۆ نواندنی بەرزبوونەوەی پلەی کوڵانی توێنەر دیاری دەکرێت، لە گیراوەیەکدا کە خەستییەکەی 1 مۆلال بێ و تواوەیەکی نەفرۆك و نائەلەکترۆلیتیی تێدابێت. (54)

**جووڵ** joule
یەکەیەکی بەکارهێنراوە بۆ دەربڕینی وزەو، دەکاتە بڕی ئەو نیشەی هێزی 1 نیوتن دەیکات بۆ ماوەی 1 مەتر بە ئاراستەی هێزەکەدا (بەهێتی j هێما دەکرێت). (127)

**جادووە ژمارەکان** magic numbers
ئەو ژمارانەن (126، 82، 50، 28، 20، 8، 2) کە ژمارەی تەنوکەکانی ناوکی گەردیلەیەکی زۆر ئارام (جێگیر) پیشان دەدەن، چەند چینێکی ئەلکترۆنی پڕە پرۆتۆن ونیوترۆنیان هەیە. (333)

**جێگیری هاوسەنگی**
equilibrium constant
ڕێژەی ئەنجامی لێکدانی خەستی ماددە بەرهەمهاتووەکانە لەباری هاوسەنگیدا، بۆ ئەنجامی لێکدانی خەستیی ماددە کارلێککردووەکان هەریەکەیان بەرزکرابێتەوە بۆ توانێك کە یەکسانە بە کۆلکەی ئەو ماددەیە لە هاوکێشە کیمیاییەکەدا. (180)

**جێگیری ئایۆنیی ترش**
acid ionization constant
جێگیری هاوسەنگیی کارلێکی ئایۆنێتی ترشە، بە Ka هێمادەکرێت. (293)

**جێگیری ئەنجامی تواندنەوە**
solubility product constant
ئەنجامی لێکدانی خەستیی مۆلاریی ئایۆنەکانی ماددەیەکی دیاریکراوە لە گیراوە تێرەکەیدا. (201)

**جەمسەر** electrode
گەیێنێکە، بۆ پەیداکردنی پێوەندیی کارەبایی لەگەڵ بەشێکی ناکانزایی (ئایۆنی) ئەڵقە (بازنە)کە، وەك ئەلەکترۆلیت. (236)

## خ

**خەستی** concentration
بڕی ماددەیەکی دیاریکراوە، لە بڕێکی دراوی تێکەڵ یان گیراوە یان خاویکدا. (26)

**خێرایی کارلێك** reaction rate
ئەو خێراییەیە، کە کارلێکێکی کیمیایی پێ ڕوودەدا و کارلێککردووەکان دەپێورێت. (160)

**خوێ** salt
ئاوێتەیەکی ئایۆنییە، کاتێك گەردیلەی کانزایەك یان ئایۆنێکی مووجەب شوێنی هایدرۆجینی ترشێك دەگرێتەوە پەیدادەبێت. (89)

**خانەی ئەلەکترۆلیتی** electrolytic cell
دەزگایەکی کارۆکیمیاییە، بەکارەبا شیبوونەوەی تێدا ڕوودەدات، کاتێك تەزووی کارەبایی پێدا تێ پەڕێت. (247)

**خانەی ڤۆڵتایی** voltaic cell
خانەیەکە لە دوو جەمسەری لە دوو کانزای جیاواز دروستکراوو لە ئەلەکترۆلیتدا دانراو پێك دێت، بۆ گۆڕینی وزەی کیمیایی بۆ وزەی کارەبایی. (238)

**خاوکەرەوە (هێورکەرەوە)** moderator
ماددەیەکە خێرایی نیوترۆنەکان خاو (هێواش) دەکاتەوە، تاکو ناوکەکان بتوانن بیانمژن. (348)

## د

**دیلکردنی ئەلەکترۆن** electron capture
ئەو کردەیەیە، کە ناوکی گەردیلەیەك ئەلەکترۆنێك لە خولگەی ناوەکیی ئەو گەردیلەیە دەگرێت. (337)

**دایکە ناوکید** parent nuclide
ناوکیدی تیشکنە وقورسترینە لە هەموو زنجیرەی شیبوونەوەدا. (340)

**دادان یان دەڵاندن** osmosis
بڵاوبوونەوەی ئاو یان نوێنەرێکی ترە، لەگیراوە ڕوونترەکەوە (تواوە) بەناو پەردەیەکی دادەردا بە پێی توێنەر. (56)

**دوو کارلێك** amphoteric
ڕەوشێکی ماددەیە کە، وەك ئاو، کە ڕەوشی ترش و تفتیشی هەیە. (85)

## ڕ

**ڕێبازی کارلێك** reaction mechanism
ئەو ڕێگەیەیە کە کارلێکی کیمیایی پێ ڕوودەدات، بە زنجیرە هەنگاو یان هاوکێشەیەکی کیمیایی دەردەبڕدرێن. (153)

**ڕەوشە کۆکارییەکان**
colligative properties
ئەو ڕوشانەن، کە پشت بە ژمارەی ئەو تەنۆکانە دەبەستن کە لە سیستمێکدا هەن وپشت بە خودی ڕەوشەکانی تەنۆکەکان نابەستن. (50)

**ڕەنووسی هایدرۆجینی (هایدرۆجینە ژمارە)** pH
بەهایەکە، بۆ دەربڕینی ترشێتی یان تفتێتیی سیستمێك بەکردێت وە هەر ژمارەیە تەواو نیشانەی پێوەری pH لەسەر دەنەوەندەی گۆڕانی ترشێتییە، کە 7pH بێت واتە هاوکێشەو pH لە 7 کەمتر ترش و، pH لە 7 زۆرتر تفتە. (99)

**ڕەنووسی هایدرۆکسیدی (هایدرۆکسیدە ژمارە)** pOH
سالبیی لۆگاریتمی بنچینە 10ی، خەستیی ئایۆنەکانی هایدرۆکسیدە. (99)

**ڕەم** rem
بڕی ئەو تیشکە ئایۆنێنەی کە دەبێتە هۆی زیان لێدانی شانەکانی مرۆڤ کە یەکسانە بەو زیانەی یەك ڕۆنتگن تیشکی xی ڤۆڵتێتیی بەرزدەیدات. (348)

**ڕۆنتگن** roentgen
یەکەی پێوانی بڕی تیشکی x یان تیشکی گاما کە یەکسانە بە بڕی ئەو تیشکەی $2 \times 10^9$ جووت ئایۆن بەرهەم دەهێنێت لەکاتی پێداتێپەڕینی بە $1cm^3$ هەوای وشکدا. (343)

## ز

**زنجیرەیەك تیشکە شیبوونەوە**
decay series
زنجیرەیەك ناوکیدی تیشکنی بەرهەمهێنن، لەکاتی تیشکە شیبوونەوەی یەك لە دوای یەك تا دەگاتە ناوکیدێکی ئارام. (340)

**زنجیرەی چونیەك** homologous series
زنجیرەیەکە، شێوگی ئاوێتە دراوسێکان بەیەکەیەکی جێگیر جیاوازن. (268)

## ژ

**ژمێرۆکی گایگەر – مۆلەر**
geiger - muller counter

ئامێرێکە تیشك دەدۆزێتەوە لە ڕێی دۆزینەوەی نیشانە کارەباییە پەیدابووەکە لە گازێکی ئایۆنێنراو بەکاری تیشکدانەوەوە. (344)

## ش

**شێوگی پێکهاتن** structural formula

شێوگێکە شوێنی گەردیلە یان کۆمەڵە گەردیلە یان ئایۆنەکان، هەندێکیان بەپێی هەندێکی تریان لە گەرددا وەهەروەها ژمارەی بەندە کیمیاییەکان و شوێنەکانیان پیشان دەدات. (264)

## ف

**فیلمە نیشان** film badge

ئامێرێکە، بڕی نزیکەی ئەو بەرتیشککەوتنە دەپێوێت کە ئەوانەی لەوبوارەدا کاردەکەن بەریان دەکەوێت، لە ماوەیەکی دیاریکراوی کاتدا. (344)

**فولیرین** fullerene

شێوەیەکی ڕەسەنی کاربۆنە، ومادەیەکی ڕەقی ڕەنگ تێرە لە گەردیلەی کاربۆن پێك هاتووە وبەشێوەی قەفەزی خڕ ڕیزکراون. (260)

**فرمانە کۆمەڵە (کۆمەڵەی کارا)**
functional group

گەردیلە یان کۆمەڵە گەردیلەیەکە، بەرپرسی ڕەوشە جۆرییەکانی ئاوێتەی ئەندامییە. (295)

## ڤ

**ڤەلکەناندن (سەختاندن)** vulcanization

کردەیەکی پێکداچوونی نێوان گەردەکانی پۆلی ئایزۆپرینی تەنیشت یەکن کە لە کاتی گەرمکردنی گەردەکان لەگەڵ گەردیلەکانی گۆگرددا ڕوودەدات. (319)

## ك

**کاری ئایۆنی هاوبەش**
common ion effect

ئەو دیاردەیەیە کە بە هۆیەوە تێکردنی ئایۆنێکی هاوبەشی نێوان دووتواوە، دەبێتە هۆی نیشتن یان کەمکردنەوەی ئایۆنێن. (191)

**کارلێکی پێگۆڕینەوە (گۆڕینەوە)**
substitution reaction

کارلێکێکە، گەردیلەیەك یان زۆرتری گەردیلەکانی گەردێکی تێدا دەگۆڕدرێت، بەگەردیلە یان کۆمەڵە گەردیلەیەکی تر. (313)

**کارلێکی خستنەسەر** addition reaction

کارلێکێکە، گەردیلە یان گەردێکی تێدا دەخرێتە سەر گەردێکی ناتێر. (313)

**کارلێکی پێچەوانەیی**
reversible reaction

کارلێکێکی پێچەوانەیی کارلێکێکی کیمیاییە، بەرهەمهاتووەکان تێیدا کارلێك دەکەنەوە بۆ پێکهێنانەوەی کارلێککردووە بنەڕەتییەکان. (177)

**کارلێکی ئۆکسان – لێکردنەوە**
oxidation - reduction reaction

هەر گۆڕانێکی کیمیاییە، کە تێیدا ماددەیەك دەئۆکسێت (ئەلەکترۆن ون دەکات)، و ماددەیەکی تر لێ دەکرێتەوە (ئەلەکترۆن وەردەگرێت). (247)

**کارلێکی خەستبوونەوە**
condensation reaction

کارلێکێکی کیمیاییە، دوو گەرد یان بەشی هەمان گەرد پێکەوە یەك دەگرن، بە لابردنی گەردێکی بچووکی وەك ئاو. (314)

**کارلێکی لێ لابردن**
elimination reaction

کارلێکێکی کیمیاییە، گەردێکی سادەی وەك ئاو یان ئەمۆنیا، لە گەردیلە کاربۆنە دراوسێیەکانی گەردێکی ئەندامی لادەبرێت. (315)

**کارلێکی زنجیرەیی** chain reaction

کارلێکێکە، ئەو ماددەیەی کە کارلێکەکەی پێ دەست پێ دەکات، هەر خۆی یەکێکە لە بەرهەمەکانی و دەتوانێت کارلێکێکی تری نوێ دەست پێ بکات. (247)

**کاتۆد** cathode

ئەو جەمسەرەیە، کە کردەی لێکردنەوەی تێدا ڕوودەدات. (236)

**کهول** alcohol

ئاوێتەیەکی ئەندامییە،، کۆمەڵەیەك یا زۆرتری هایدرۆکسیلی تێدایە کە بەستراوە بە گەردیلەی کاربۆنەوە. (395)

**کیتۆن** ketone

ئاوێتەیەکی ئەندامییە، کە کۆمەڵەیەکی کاربۆنیلی تێیدا بەستراوە بە دوو کۆمەڵەی ئەلکیلەوە. (304)

**کیمیای کارەبایی** electrochemistry

لقێکی کیمیاییە، ڕەفتار لەگەڵ کارپێکردنەکانی کارلێکەکانی ئۆکسان ولێکردنەوە دەکات کە پەیوەستن بەکارەباوە. (235)

**کۆمەڵەی ئەلکیل** alkyl group

کۆمەڵە گەردیلەیەکە، لە لابردنی یەکێك لە گەردیلە هایدرۆجینەکانی گەردی ئەلکان پێك دێت. (270)

**کارتیاکەر (کورە)ی ناوکی** nuclear reactor

دەزگایەکە، کارلێکە زنجیرەییەکانی کەرتبوونە دابینکراوەکان بەکاردێنێت بۆ بەرهەمهێنانی وزە و ناوکیدی تیشکن. (348)

**کەمیی بارستە** mass defect

جیاوازیی نێوان بارستەی گەردیلە وکۆی بارستەی پرۆتۆن و نیوترۆن و ئەلکترۆنەکانی ئەو گەردیلەیەیە. (331)

**کارلێکی نێوان ترش وتفت برۆنشتد – لۆری**

brønsted - lowry acid - base reation

ڕۆیشتنی پرۆتۆنە لە ترشەوە بۆ تفت. (79)

**کارلێکی ترش – تفتی لویس**

lewis acid - base reaction

پەیدابوونی یەکێك یان زۆرتری هاوبەشە بەندە، لە نێوان جووتێ ئەلەکترۆن بەخش و وەرگرەکەیدا. (82)

**کارلێکی ناچونیەك**

heterogeneous reaction

کارلێکێکە، ماددە کارلێککردووەکانی لە دوو باری فیزیایی جیاوازدابن. (160)

**کارلێکی چونیەك**

homogeneous reaction

کارلێکێکە، ماددە کارلێککردوو بەرهەمهاتووەکانی لەیەك باری فیزیاییدا بن. (154)

**کیمیای گەرمی** thermochemistry

لقێکی کیمیایە، بایەخ بە خوێندن ولێکۆڵینەوەی ئەو وزەیە دەدات بە شێوەی گەرمی لەگەڵ کارلێکە کیمیاییەکان و گۆڕانە فیزیاییەکاندا دەبێت. (127)

**کیمیایی جووڵەیی** chemical kinetics

لقێکی کیمیاییە، بایەخ بە خوێندن ولێکۆڵینەوەی خێرایی وڕێبازەکانی کارلێك دەدات. (160)

## گ

**گرافیت** graphite

یەکێکە لە شێوە ڕەسەنەکانی کاربۆن، وبلوری ڕەشی وردو خاو وکارەباگەیێنە. (260)

**گازی سروشتی** natural gas

سووتەمەنییەکی بەردینەییە، لە بنچینەدا لەو هایدرۆکاربۆنانە پێك هاتوون کە لە پێکهاتنیاندا گەردیلەیەك بۆ چوار گەردیلە کاربۆنیان تێدایە. (277)

**گیراوەی ڕێکخەر** buffer solution

گیراوەیەکە، بەرهەڵستیی گۆڕانی pH دەکات، لەکاتی تێکردنی بڕێکی کەمی ترش یان تفتێکدا. (194)

**گۆڕان لە ناوەرۆکی گەرمی (ئینثالپی)دا**

enthalpy change

ئەو بڕە وزە مژراو یان دەرپەیوەیە بە شێوەی گەرمی لەلایەن سیستمێکی دیاریکراوەوە و لە کردەیەکدا کە لەژێر پەستانێکی جێگیردا ڕوودەدات. (130)

**گۆڕان لە وزەی سەربەستدا**

free energy change

جیاوازیی نێوان گۆڕان لە ناوەرۆکی گەرمی ($\triangle H$) و ئەنجامی لێکدانی پلەی گەرمی بە کەلڤن، لە گۆڕانی ئینترۆپی (واتە $T\triangle S$)، لە ژێر پەستانێکی جێگیردا. (144)

**گەرمی** heat

وزەیەکی جووڵۆکە، لە نێوان دوو تەنی پلەی گەرمی جیاوازدا کە هەمیشە وزە لە تەنە پلەی گەرمی بەرزەکەوە دەچێت بۆ تەنە پلەی گەرمی نزمترەکە تاکو باری هاوسەنگیی گەرمی پێك دێت. (128)

**گەرمی سووتان** heat of combustion

وزەی بەشێوەی گەرمی دەرپەڕیوە، لەکاتی تەواو سووتانی بڕێکی دیاریکراوی ماددەیەکدا لە پەستان یان قەبارەیەکی جێگیردا. (134)

**گەرمی کارلێك** heat of reaction

بڕی وزەی دەرپەڕیو یان مژراوە بە شێوەی گەرمی لە کارلێکی کیمیاییدا. (130)

**گەرمی مۆڵیی پێکهاتن**

molar heat of formation

بڕی وزەی دەرپەڕیو یان مژراو بە شێوەی گەرمی لە پێکهاتنی مۆڵێکی ماددەیەکی دیاریکراو لە ژێر پەستانێکی جێگیردا. (133)

**گەرمی گیراوە** heat of solution

بڕی وزەی دەرپەڕیو یان مژراوە بە شێوەی گەرمی کاتێك بڕێکی دیاریکراو تواوە لە توێنەرێکدا دەتوێتەوە. (24)

**گەرمی جۆری (جۆرەکی)** specific heat

بڕی گەرمیی پێویستە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی گەرمیی یەکەیەکی بارستەی ماددەیەکی چوونیەك پلەیەکی کەلڤن یان پلەیەکی سەدی، بە ڕێگەیەکی دیاریکراو لە ژێر پەستان و قەبارەیەکی دیاریکراو وجێگیردا. (128)

**گیراوە** solution

تێکەڵێکی چونیەکی دوو ماددە یان زۆرترە، کە بەڕێك وپێکی بە هەموو بەشەکانی دۆخێکی فیزیاییدا بڵاوبۆتەوە. (10)

**گیراوەی ژوورتێر**
supersaturated solution
گیراوەیەکە، بڕێکی تواوەی تێدایە کە گەورەترە لەو بڕەی بۆ گەیشتنە باری هاوسەنگیی پێویستە، لە پلەیەکی گەرمیی دیاریکراودا. (17)

**گیراوەی ناتێر** unsaturated solution
ئەو گیراوەیەیە، کە بڕێکی تواوەی تێدایە کەمترە لەو بڕەی لە گیراوەیەکی تێردا هەیە و دەتوانێ بڕێکی تری تواوە بتوێنێتەوە. (17)

**گیراوەی پێوانەیی** standard solution
گیراوەیەکی خەستی زانراوە، بەبڕی تواوە لە بڕێکی دیاریکراوی توێنەر یان گیراوە دەردەبڕێت. (113)

**گەرمۆکە پێو** calorimeter
ئامێرێکە، بۆ پێوانی وزەی مژراو یان دراو لەکاتی گۆڕانێکی کیمیایی یان فیزیاییدا بەکاردێت. (127)

**گیراوەی تێر** saturated solution
گیراوەیەکە، لە بارودۆخێکی دیاریکراودا ناتوانێ هیچ بڕێکی تری تواوە بتوێنێتەوە. (17)

**گیرساوە** suspension
تێکەڵێکی شل یان گازە، تەنۆکەکانی ماددەیەکی دیاریکراو بە هەموو شوێنێکدا بڵاوبۆتەوەو بە شێوەیەکی زۆرتر یان کەمتر یەکسانن. (11)

## ل

**لێکردنەوە (کەمکردنەوە)** reduction
کردەی وەرگرتنی ئەلەکترۆن یان کەمبوونەوەی ئۆکسانە ژمارەیە. (217)

**لەخۆوە ئایۆنێنی ئاو**
self ionization of water
کردەیەکە، کە دوو گەرد ئاو تێیدا ئایۆنی هایدرۆنیۆم وئایۆنی هایدرۆکسید پێك دێنن، بە گوێزرانەوەی پرۆتۆنێك لە گەردیکیانەوە بۆ ئەوەی تریان. (95)

**لێکهەڵوەشان** dissociation
لێکترازان وجیابوونەوەی گەردێکە بۆ چەند گەرد یان گەردیلە یان ڕەگ یان ئایۆنی سادەتر. (39)

## م

**مۆنۆمەر** monomer
گەردێکی سادەیە، دەتوانێت لە گەردی لێکچوو یان لێکنەچوو یەك بگرێت بۆ پێکهێنانی پۆلیمەر. (316)

**مڵەمەنییەکان** colloids
تێکەڵێکن، لە تەنۆکەی ورد پێك دێن، لە پێوانەکانیدا دەکەوێتە نێوان ئەو تەنۆکانەوە کە لە گیراوەدا هەن و ئەو تەنۆکانەی گیرساوەن لە شل یان ڕەق یان گازدا. (11)

**ماددەی پێوانەی سەرەتایی**
primary standard
ئاوێتەیەکی ڕەقی زۆر پوختەکراوە، بۆ دڵنیابوون لە خەستیی گیراوەی پێوانەیی بەکاردەهێنرێت لە پێوانەو بەراوردکردندا. (113)

**مۆلاریتی** molarity
خەستیی ئەو گیراوەیەیە، کە ژمارەی مۆڵەکانی تواوە لە لیترێکی گیراوەکەدا دەردەبڕێ. (26)

**مۆلالیتی** molality
ئەو خەستیی گیراوەیەیە کە ژمارەی مۆڵەکانی تواوە دەردەبڕێت لە کیلۆگرامێکی توێنەردا. (30)

## ن

**ناوکە تیشکدانەوە** nuclear radiation
ئەو تەنۆکانەن کە ناوك بەرەڵایان دەکات لەکاتی تیشکە شیبوونەوەدا وەك نیوترۆن وئەلەکترۆن وفۆتۆنەکان. (335)

**ناوکە یەکگرتن** nuclear fusion
یەکگرتنی ناوکی گەردیلە بارستە بچووکەکانە بۆ پێکهێنانی ناوکی قورسترو ئارامتر (جێگیرتر)، ئەم کردەیە، وزەی لە وزەی کەرتبوون گەورەتر دەردەپەڕێنێت. (349)

**ناوکە کەرتبوون** nuclear fission
کردەیەکە، ناوکە قورسەکانی تێدا کەرت دەبێت بۆ ناوکی ئارامتر لە بارستە مامناوەندییەکان، و بڕی گەورەی وزە دەردەپەڕێنێت. (347)

**ناوکە گۆڕان** transmutation
گۆڕانێکە لە ناسنامەی ناوکدا، لە گۆڕانی ژمارەی پرۆتۆنەکانی پەیدا دەبێت. (334)

**ناوکە گۆڕانی دەستکرد**
artificial transmutation
گۆڕانی گەردیلەکانی توخمێکە بۆ گەردیلەکانی توخمێکی تر لە ئەنجامی کارلێککردنێکی ناوکیدا، بە بۆردوومانکردنی ناوك بە تەنۆکەی بارگەدار یان بێبارگە. (341)

**نیوەکارلێك** half - reaction
بەشێکە لە کارلێکێك، کە هەر ئۆکسان بەتەنیا یان لێکردنەوە بەتەنیا دەگرێتەوە. (217)

**ناوکە کارلێك (کارلێکی ناوکی)**
nuclear reaction
کارلێکێکە، کاردەکاتە ناوکی گەردیلە. (334)

**نەگونجان** disproportionation
کردەیەکە، بە زۆری گۆڕانی ماددەیەك بۆ دوو ماددەی جیاواز یان زیاتری تێدا ڕوودەدات، بەهۆی ئۆکسان ولێکردنەوەیەکی هاوکاتەوە. (229)

**نیوە تەمەن** half - life

کاتی پێویستە بۆ شیبوونەوەی نیوەی بڕی گەردیلەکانی ناوکیدێکی تیشکن. (338)

**نیوە خانە** half - cell

تاکە جەمسەرێکە، لە گیراوەی ئایۆنەکانی خۆیدا نقوم کراوە. (236)

**نموونەی چینی ناوکی**
nuclear shell model

پەڕینی ئەو نموونەیە، کە ناوکۆکەکان دەکەونە ئاستەکانی وزە، یان چینە جیاوازەکانی ناو ناوك. (333)

**ناوکید** nuclide

گەردیلەیەکی جیایە (دیارە) لە ژمارەی پرۆتۆن ونیوترۆنەکانی ناوکەکە. (331)

**ناوکیدی تیشکن** radioactive nuclide

ناوکیدێکە، لەناوکێکی نائارام (ناجێگیر) پێك دێت کە تیشکە شیبوونەوەی بەسەردێت. (335)

**ناوکۆکە** nucleon

پرۆتۆن یان نیوترۆن. (331)

**نزمبوونەوەی پلەی بەستن**
freezing - point depression

جیاوازیی نێوان پلەی بەستنی توێنەری خاوێن وگیراوەیەو، ڕاستەوانە هاوڕێژەیە لەگەڵ بڕی ئەو تواوەیەی کە تێیدایەتی. (51)

**ناسرەوەکانی ترش – تفت**
acid - base indicators

ئەو ماددانەن کە ڕەنگەکانیان بەپێتی pHی ئەو گیراوەیەی کە تێیدان دەگۆڕدرێت. (107)

**نائەلەکترۆلیت** nonelectrolyte

ماددە یان تێکەڵێکی شل یان ڕەقە کە تەزووی کارەبا ناگەیێنێت. (13)

**نێوانە (ناوەند)** intermediate

ماددەیەکە، لە هەنگاوێك لە هەنگاوەکانی کارلێکی کیمیاییدا پەیدادەبێت و بەبارێکی پلە بە پلەی نێوان ماددە کارلێککردوو بەرهەمە کۆتاییەکان دادەنرێت. (154)

## ه

**هاوسەنگی کیمیایی**
chemical equilibrium

ئەو بارەیە، کە خێرایی کارلێکی پێشینە (ڕاستەوانە) یەکسانە بە خێرایی کارلێکی پاشینە (پێچەوانە) وخەستیی بەرهەمهاتو و کارلێککردووەکان جێگیرە. (178)

**هۆکاری ئۆکسێن** oxidizing agent

ماددەیەکە دەتوانێت ماددەیەکی بئۆکسێنێت. (226)

**هۆکاری لێکەرەوە** reducing agent

ماددەیەکە دەتوانێت ماددەیەکی تر لێ بکاتەوە. (226)

**هالیدی ئەلکیل** alkyl halide

ئاوێتەیەکی ئەندامییە، کە گەردیلەیەك هالۆجین (فلۆر، کلۆر، برۆم، یۆد) یان زۆرتر شوێنی یەکێك یان زیاتری گەردیلەکانی هایدرۆجین دەگرنەوە، لەگەردی هایدرۆکاربۆندا. (298)

**هایدرۆکاربۆن** hydrocarbon

ئاوێتەیەکی ئەندامییە، تەنیا لە کاربۆن وهایدرۆجین پێك دێت. (264)

**هایدرۆکاربۆنی ئارۆماتی**
aromatic hydrocarbon

هایدرۆکاربۆنێکە، ئەڵقەیەك یان زۆرتری تێدایە کە لە شەش گەردیلە کاربۆن و ئەلەکترۆنی جێ بەخۆ نەگرتو (جووڵۆك) پێك دێن. (284)

**هایدرۆکاربۆنی ناتێر**
unsaturated hydrocarbon

هایدرۆکاربۆنێکە، هەموو گەردیلەکانی کاربۆن تێیدا چوار هاوبەشە بەندی تاك پێك ناهێنن. (279)

**هایدرۆکاربۆنی تێر**
saturated hydrocarbon

هایدرۆکاربۆنێکە، کە هەموو گەردیلەیەکی کاربۆن تێیدا، چوار بەندی هاوبەش (هاوبەشەبەند)ی تاك لەگەڵ گەردیلەکانیی تردا پێك دێنن. (268)

**هاوسەنگیی گیراوە**
solution equilibrium

ئەو بارە فیزیاییەیە، کە تێکڕای خێرایی تواندنەوە لەگەڵ تێکڕای خێرایی نیشاندن یەکسان دەبێت. (16)

**هاندان** catalysis

کردەی خێراکردنی کارلێکێکی کیمیاییە بەکاری هاندەرێك. (162)

**هاوکێشبوون** neutralization

کارلێکی ئەو ئایۆنانەیە کە ترشی پێ جیادەکرێتەوە (ئایۆنەکانی هایدرۆنیۆم)، لەگەڵ ئەو ئایۆنەی کە تفتی پێ جیادەکرێتەوە (ئایۆنەکانی هایدرۆکسید)، بۆ پێکهێنانی گەردی ئاو وخوێ. (89)

**هاندەر** catalyst

ماددەیەکە خێرایی کارلێکی کیمیایی دەگۆڕێت، بێ ئەوەی خۆی لە کارلێکەکەدا کاربکرێت وبێتەوەی بە شێوەیەکی هەستپێکراو بگۆڕدرێت. (162)

**هاندەری ناچونیەك**
heterogeneous catalyst

هاندەرێکە، لەبارێکی فیزیایی جیاواز لەگەڵ باری فیزیایی ماددە کارلێککردووەکاندایە. (162)

**هاندەری چوونیەك** homogeneous catalyst
هاندەرێکە، کە هەمان باری فیزیایی کارلێککردووەکاندایە. (162)

**هاوەڵترش** conjugate acid
ترشێکە، کاتێك پەیدا دەبێت کە تفتێك پرۆتۆنێك وەردەگرێت. (83)

**هەنگاوی خێرایی دیاریکەر** rate - determining step
لەکارلێکی کیمیایی فرەهەنگاودا، ئەو هەنگاوەیە کە هێواشترین هەنگاوە و خێرایی کارلێکی گشتی دیاری دەکات. (168)

**هاوەڵ تفت** conjugate base
تفتێکە، کاتێك پێك دێت، کە ترشێك پرۆتۆنێك بدات. (83)

**هاوکێشەی ئایۆنیی پەتی** net ionic equation
تەنیا ئەو ئاوێتە وئایۆنانە دەگرێتەوە کە دەکەونە بەر گۆڕانی کیمیایی لەکاتی ڕوودانی کارلێك لە ئاوەگیراوەدا. (43)

**هاوکێشەی کیمیایی گەرمی** thermochemical equation
بڕی وزەی دەرپەڕیو یان مژراو وەك گەرمی لەکاتی کارلێکی کیمیاییدا دەگرێتەوە. (131)

**هەڵچوون** effervescence
بەخێرایی دەرپەڕینی گاز لە توێنەرێکی شل، بەڵکو نەکوڵانی. (21)

## و

**وزەی پێکەوە بەستنی ناوکی** nuclear binding energy
ئەو وزە دەرپەڕیوەیە کە لەکاتی پێکهاتنی ناوکێك لە ناوکۆکەکان پەیدادەبێت. (332)

**وزەی چالاککردن** activation energy
کەمترین بڕی وزەی پێویستە بۆ گۆڕینی کارلێککردووەکان بۆ ئاڵۆزی چالاککراو. (156)

**وزەی سەربەست** free energy
لە سیستمێکی دیاریکراودا، وزەی پێویستە بۆ ئیشکردن، یان توانی سیستمێکە بۆ جێبەجێکردنی ئیشێکی بەسوود. (144)

## ی

**یاسای خێرایی** rate law
دەربڕینێکە، دەری دەخات چۆن خێرایی پەیدابوونی بەرهەم بەستراوە بە خەستی هەموو ئەو ماددانەوە کە بەشدارن لە کارلێکەکەدا، بێجگە لە توێنەر. (164)

**یاسای هێس** Hess's law
گوڕدران لە ناوەرۆکی گەرمیی گشتی لە کارلێکدا، ئەنجامی کۆکردنەوەی گۆڕدرانی گەرمیی هەنگاوە تاکەکانە لە کردەی کارلێکەکەدا. (135)

**یاسای هێنری** Henry's law
یاسایەکە، دەقەکەی ئەوەیە کە توانەوەی گازێك لە شلێکدا ولە پلەیەکی گەرمیی جێگیردا، ڕاستەوانە دەگۆڕدرێت لەگەڵ ئەو بەشە پەستانەدا کە ئەو گازە دەیخاتە سەر ڕووی شلەکە. (135)

# فەرهەنگۆکی فیزیک

## پۆلەکانی ١٠، ١١، ١٢٩ای زانستی

# زاراوەکان

## ئـ

**ئاوێنەی ڕووچاڵ Concave spherical mirror ل 124**

ئاوێنەیەکە ڕووە ڕووناکی دەرەوەکەی بەشێکە لە ڕووی ناوەوەی گۆیەك.

**ئاوێنەی گۆیی قۆقز Convex spherical mirror ل132**

بەشێکە لە ڕووی گۆیەك کە ڕووی دەرەوەی ڕوناکی دەداتەوە.

## ب

**بۆند Bond ل 36**

هێزێکە دەبێتە هۆی کێش کردنی گەردیلەکانی ماددەیەك بە هۆی کاریگەری ئاڵوگۆڕی نێوان بارگە پۆزەتیڤەکان و نێگەتیڤەکان لەسەری.

## پ

**پرۆگرامی زانستی Scientific method ل 6**

ڕێگەیەکی پرۆگراومداری بەرنامە بۆ دارێژراوە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕووداوە سروشتییەکان

**پلەی بڕ Order of magnitude ل 22**

هێزی ژمارە 10 کە نزیکە بە هەمان ژمارەی بڕێکی فیزیایی.

**پلازما Plasma ل 34**

دۆخێکە لە دۆخەکانی ماددە کە لە پلەگەرمییە بەرزەکاندا دەستەبەر دەکرێت.

**پەستان Pressure ل 59**

بڕی ئەو هێزەیە کە بە ستونی کاردەکاتە سەر یەکەی ڕووبەر.

**پلەی گەرمی Temperature ل 65**

پێوانی تێکرای جووڵە وزەی تەنۆلکەکانی ماددەیە.

**پێوانی گەرمی Calorimetry ل 88**

ڕێگەیەکی تاقیگەییە بەکاردەهێنرێت بۆ پێوانەکردنی وزەی گەرمی ئاڵوگۆڕکراو لە نێوان دوو تەندا.

**پەروازەکردن Dispersion ل 167**

کرداری لێك جیاکردنەوەی ڕوناکییە بۆ ڕەنگە سەرەکیەکانی.

**پەرشبوونەوە Scaffering ل 186**

هەڵمژینی ڕووناکییە بەهۆی تەنۆلکەکانی هەوا و دووبارە تیشکدانەوەیەتی.

## ت

**تاقیکردنەوەی کۆنترۆڵکراو**
**Controlled experiment ل 8**

ئەو تاقیکردنەوەیەیە کە تیایدا لێکۆڵینەوە بە تەنها لەسەر یەك گۆڕاو یان هۆکار دەکرێت بە مانەوەی هۆکارەکانی تر بە جێگیری.

**تەواوی Precision ل 15**

پلەی گونجاندنی پێوانەکردنە جیاوازەکانی بڕێکی دیاری کراوە.

## ج

**جیاوازی گۆشەی تێڕوانینن Parallax ل 16**

جیاوازی خوێندنەوەکانە بۆ پێوانەکردنێکی دیاریکراو گەر لە چەند گۆشەیەکی جیاوازەوە سەیر بکرێت.

**جیری Elastisity ل 40**

توانای گەڕانەوەی تەنێکە بۆ شێوە بنەڕەتیەکەی لە دوای لابردنی هێزە کاریگەرە شێوێنەرەکە.

**جێفشاری ڕێژەیی Strain ل 42**

ڕێژەی نێوان گۆڕان لەدرێژی تەلێکی دیاریکراوە بۆ درێژییە بنەڕەتییەکەی.

**جەمسەرگری هێڵی Linear Palarization ل 182**

ڕیزبوونێکی شەپۆلە کارۆموگناتیسیەکانە بە جۆرێك کە بوارە کارەباییە لەراوەکانیان بە یەکتری تەریب بن.

## چ

**چڕی ماددە Mass Dinsity ل 53**

بارستایی یەکەی قەبارەیە لە ماددەدا.

## د

**دۆخ Phase ل 34**

ئەو بارییە کە تێیدا ماددە ڕەق یان شل یان گاز وە یان پلازمایە.

**دۆخ گۆڕان Phase Change ل 93**

ئەو گۆڕانە فیزیاییانەی دۆخی ماددەیە لە (ڕەق، شل گاز)ەوە بۆ دۆخێکی تر لە ژێر پەستانێکی جێگیردا و بە نەگۆڕانی پلەی گەرمی.

**دەورو بەرە ناوەند Environment ل 100**

هەموو شتەکانی دەرەوەی سیستمێکە کە دەتوانن کار لە سیستمەکە بکەن یان سیستمەکە کاریان لێبکات

**دانەوە Reflection ل 118**

گۆڕانێکە لە ئاڕاستەی بڵاوبوونەوەی شەپۆلی کارۆموگناتیسیدا بە هۆی ڕوویەکەوە، وایلێدەکات کە بە ئاڕاستەی بەرامبەری بجووڵێت.

**دانەوەی تەواوەتی ناوەکی**
**Total Internal Reflection ل 164**

دانەوەیەکی تەواوەتییە کاتێك گۆشەی لێدانی ڕوناکیەکە بۆ سەر ڕووە جیاکەرەوەکە لە گۆشەی مۆڵەقە زیاتربێت.

## ر، ڕ

**ڕەهەند Dimension ل 10**

پێوانەیەکە ئاماژە بە بڕێکی فیزیایی دیاریکراو دەکات.

**ڕەنووسە واتاییەکان Significaut Figures ل 17**

هەموو ڕەنووسە زانراوەکان دەگرێتەوە سەر باری دوا ڕەنووسی کە خەمڵێنراوە بە نزیکەیی.

**ڕووناکی دانەوە Reflection ل 116**

گۆڕانێکە لە ئاڕاستەی بڵاوبوونەوەی شەپۆلی کارۆموگناتیسی دا بە هۆی ڕوویەکەوە، وای لێ دەکات کە بە ئاڕاستەی بەرامبەری بجووڵێت.

## س

**سیستم System ل 6**

بەشێکی دیاریکراوە لە بوارێکی لێکۆڵینەوەدا بە هۆی کرداری تێبینی کردنەوە.

**سەخت Rigid ل 39**

ئەو تەنەیە کە پارێزگاری لە شێوە نەگۆڕەکەی دەکات کاتێك هێزێك دەخرێتە سەری.

**سیستمی داینامیکی گەرمی**
**Thermo Dynamic System ل 100**

ماددەیەکە یان کۆمەڵە ماددەیەکە، کە بە بڕێکی سەربەخۆ دادەنرێت و دەکرێت وزەی بدرێتێ یان لێی وەربگیرێت.

## ش

**شیتەڵکردنی ڕەهەندی**
**Dimensional Analyses ل 22**

بەکارهێنانی ڕەهەندەکانە بۆ بنیات نانی هەندێ لە هاوکێشە فیزیاییە ساکارەکان یان دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستیان.

**شلگاز Fluid ل 52**

ئەو ماددەیەیە کە لە دۆخی ڕەقیدا نەبێت (واتە گازبێت یان شلە) کە گەردو گەردیلەکانی بەسەربەستی دەجولێن و لەسەر یەکتری دەخلیسکێن.

**شلگازی نموونەیی Ideal Fluid ل 66**

ئەو شلگازەیە کە لێکخشانی ناوەکی یان لینجی نییە و ناپەستێورێت.

**شەپۆلی کارۆموگناتیسی**
**Electro Mognatic Wave ل 114**

شەپۆلێکە لە دوو بواری کارەبایی و موگناتیسی لەراوەی ئەستون لەسەر یەکتر پێکهاتووە و لەسەرچاوەیەکی دیاریکراوەوە بە خێرایی ڕوناکی دەردەچێت.

**شکانەوە Refraction ل 146**

گۆڕانی ئاڕاستەی شەپۆلە کاتێك بەلاری لە ناوەندێکەوە دەچێتە ناوەندێکی تری چڕی جیاواز، بەهۆی گۆڕانی خێراییەوە.

## ف

**فشار** Stress ل **41**

هێزی سەپێنراوی سەر یەکەی ڕووبەری بڕگەی تەلێکە.

**فراوانی گەرمی تایبەتی**
Specific heat capacity ل **87**

بڕی گەرمی پێویستە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی گەرمی 1kg لە ماددەیەك بە بڕی $1C^{o}$ بە جێگیربوونی پەستان.

## ك

**کردار لەکاتی نەگۆڕانی قەبارە**
Iso Volumetricle Process ل **102**

کردارێکی داینەمیکی گەرمییە کاتێك پەستان نەگۆڕ بێت، بە هیچ شێوەیەك ئاڵوگۆڕکردنی ئیش لەگەڵ سیستمەکەدا ڕوونادات.

**کرداری ئایزۆثرمی** Iso Thermal Process ل **103**

کردارێکی داینەمیکی گەرمییە کەلە پلەیەکی گەرمی نەگۆڕدا ڕوودەدات، لەکاتی ڕوودانیدا وزەی ناوەکی سیستمەکە بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە.

**کرداری ئادیاباتیکی** Adiabatic Process ل **104**

کردارێکی داینەمیکی گەرمییە کە تیایدا ئاڵوگۆڕ کردنی وزە لە نێوان سیستم و دەوروبەرەکەیدا تەنها بە شێوەی ئیش ڕوودەدات، نەك بە شێوەی گەرمی.

## گ

**گرژی** Tansion ل **40**

ئەو هێزەیە کە لە تەنێکدا پەیدا دەبێت دوای ئەوەی هەوڵدەدرێت درێژ بکرێت یان بپەستێورێت.

**گەرمی** Heat ل **81**

ئەو وزەیە کە لە نێوان تەنەکاندا دەگوازرێتەوە بە هۆی جیاوازی پلەی گەرمییەکەیانەوە.

**گەرمی شلبوونەوە** Heat Of Fusion ل 94

وزەی ئاڵوگۆڕکراوە لە یەکەی بارستاییدا، بۆ گۆڕینی دۆخی ماددە لە ڕەقییەوە بۆ شلی یان لە شلەوە بۆ ڕەقی بە نەگۆڕانی پلەی گەرمی و پەستان.

**گەرمی کوڵاندن** Heat Of Vaporization ل **94**

وزەی ئاڵوگۆڕکراوە لە یەکەی بارستاییدا بۆ گۆڕینی دۆخی ماددە لە شلییەوە بۆ گازی یان لە گازەوە بۆ شلی لە ژێر پلەیەکی گەرمی و پەستانێکی جێگیردا.

**گەرمی شاراوە** Laten Heat ل **94**

وزەی ئاڵوگۆڕکراوە لەیەکەی بارستاییدا بۆ گۆڕینی دۆخی ماددەیەك.

**گۆشەی لێدان** Angle Of Incident ل **119**

گۆشەی نێوان تیشکی لێدەر و ئەستونی سەر ڕووە ڕوناکی دەرەوەکەیە لە خاڵی لێداندا.

**گۆشەی دانەوە** Angle Of Reflection ل **119**

گۆشەی نێوان تیشکی دراوە و ئەستونی سەر ڕووە ڕوناکی دەرەوەکەیە لە خاڵی لێداندا.

**گۆشەی مۆڵەقە** Critical Angle ل **164**

ئەو گۆشەی لێدانەیە کە گۆشەیەکی شکانەوەی وەستاوی بەرامبەرە، کاتێك ڕووناکی لە ناوەندێکی هاوکۆڵکە شکانەوە گەورەوە دەچێتە ناوەندێکی تر کە هاوکۆڵکەی شکانەوەی بچووکترە.

## ل

**لێڵ ڕەنگی** Chromatic Oberration ل **169**

کۆبونەوەی ڕەنگی ڕووناکیە جیاوازەکانە لە دوری جیاواز لە پشت هاوێنەوە.

## م

**مۆدێل** Model ل **7**

پێش چاو خستنێکی ساکارە بۆ سیستمێکی لێکۆڵراوە کە هۆکارە کاریگەرەکانی دیاردەیەکی تێدا دەردەکەوێت.

## ن

**نزیککخستنەوە** Rounding ل **19**

لابردنی خانەکانە لە پێوانەکردندا بەپێی ڕێسایەکی دیاریکراو، بە شێوەیەك کە پێوانەکردنەکە ژمارەیەکی داواکراو لە خانە واتاییەکانی هەبێ.

## هـ

**هاوكۆلكەی یۆنگ** Strain Young Modulus ل **42**

بریتییە لە ڕێژەی نێوان فشار بۆ جێفشار لە ماددەیەکی دیاریکراودا.

**هێزی پاڵنەری شلگاز (پاڵهێزی شلگاز)**
Buouant Force ل **53**

ئەو هێزەیە کە شلگازێك ڕووەو سەرەوە کاری پێ دەکاتە سەر تەنێکی نقووم بوو یان سەرکەوتە.

**هاوسەنگی گەرمی** Thermal Equilibrium ل **80**

ئەو بارەیە کە پلەی گەرمی دوو تەنی (بەریەك کەوتوو) یا بەیەکەوە نووساو لە ڕووی فیزیاییەوە تێدا یەکسان دەبن.

**هاوکۆلکەی شکانەوەی ناوەند**
Index Of Refraction ل **148**

بریتییە لە ڕێژەی نێوان خێرایی ڕوناکی لە بۆشاییدا بۆ خێراییەکەی لە ناوەندێکی ڕوندا.

**هاوێنە** Lens ل **152**

تەنێکی ڕوونە کە تیشکی ڕوناکی دەشکێنێتەوە، (کۆیان دەکاتەوە یان پەرتیان دەکات) بۆ دروست کردنی وێنە.

## و

**وردی** Accuracy ل **15**

ڕادەی نزیکی نرخی پێوراوە لە نرخە ڕاستەقینەکەی ئەو برەی کە دەمانەوێت بیپێوین.

**وزەی ناوەکی** Internal Image ل **82**

ئەو وزەیەیە کە لە جوڵەی هەرەمەکی تەنۆلکەکانی ماددەوە پەیدادەبێت، وە دەکاتە کۆی وزەی هەموو تەنۆلکەکان.

**وێنەی خەیاڵی** Virtual Image ل **120**

وێنەیەکە لە خاڵێکدا دروست دەبێت لەوە دەچێت کە تیشکەکان لێوەی دەچووبن بەڵام لە ڕاستیدا وانییە.

**وێنەی ڕاستەقینە** Read Image ل **125**

ئەو وێنەیەیە کە لە ئەنجامی کۆبوونەوەی تیشکە دراوەکان لە ڕوی ئاوێنەوە پەیدا دەبێت.

# زاراوەکان

## ئـ ،

**ئیش Work** ل106 : هێندێکی ژمارەییە یەکسانە بە سەر ئەنجامی لێکدانی بڕی پێکنەری هێز کە بە ئاراستەی لادانەکەوەیە لە لادانەکە.

**ئەرکی کارەبا Electric potential** ل208
ئەو ئیشەیە کە پێویستە بەرێ بکرێت دژی هێزە کارەباییەکانەوە بۆ جوولاندنی بارگە لە خاڵێکی دەستپێکردنەوە بۆ خاڵێکی تر، دابەشی بارگە.

## ب ، پ

**بەرەنجام Resultant** ل41 : ئاراستەدارێکە سەرجەمی کۆی دوو ئاراستەدار یان زیاتر دەنوێنێت.

**باری خۆنەگۆڕین Inertia** ل80 : هەوڵدانی (ئارەزووکردنی) تەنێکە بۆ پارێزگاری کردن لە باری جووڵەکەی خۆی.

**بەرەنجامی هێزەکان Net force** ل81 : ئەو تاکە هێزەیە کە هەمان کاریگەری هەموو هێزە دەرەکییە کاریگەرەکانی سەر تەنێکی سەختی هەیە.

**بەریەککەوتنە تەواو ناجیرەکان** ل154
**Perfectly inegastic collision**: ئەو بەریەککەوتنەیە کە تیایدا دوو تەن بەیەکەوە دەنووسێن و هەردووکیان بەهەمان خێرایی لەسەر جووڵەکەیان بەردەوام دەبن.

**بەریەککەوتنی جیر Elastic Collision** ل158 :ئەو بەریەککەوتنەیە کە تیایدا هەریەکە لە تەوژم و جووڵەوزە پارێزراو دەبن.

**بواری کارەبایی Electric field** ل189 : ناوچەیەکە لە بۆشاییدا دەوری تەنی بارگاوی داوە کە شوێنکاری هێزی کارۆستاتیکی تێدا دەردەکەوێت.

**بارگەگری گەیەنەر Capacitance** ل214 : توانای گەیەنەرە بۆ تێداهەڵگرتنی وزە لە شێوەی بارگەی کارەبای جیاکراوە.

**بەرگری کارەبایی Resistance** ل224 : بەرگری ماددەیەکی دیاریکراوە بۆ تێپەڕبوونی تەزووی کارەبایی.

**پێکنەرەکانی ئاراستەدار componentd of vevtor** ل 48
جێکەوتکانی ئاراستەدارە لەسەر تەوەرەکانی سیستمی پۆتانێکی دیاریکراو.

**پەیوەندی ئیش ـ جووڵەوزە Work-energy theorem**
ل 112 : ئیشی گشتی بەرێکراو لەسەر تەنێکی دیاریکراو یەکسانە بە گۆڕان لە جووڵەوزەی ئەو تەنەدا.

**پاڵ Impulse** ل 142 : لەکاتی کارکردنی هێزێکی دەرەکی نەگۆڕدا، پاڵ بەسەرەنجامی لێکدانی هێز و کاتی کارتێکردنی هێزەکە لەسەر تەنەکە پێناسە دەکرێت.

## ت

**تەوەرە پشتیێ بەستراوەکان Frame of reference** ل 4: چوارچێوەی ئەو پۆتانەیە کە شوێنی تەن بە وردی دیاری دەکەن لە بۆشاییدا.

**تاودان Acceleration** ل 12 : تێکڕای گۆڕانی خێراییە لە کاتێکی دیاریکراودا.

**توانا power** ل 125 : ئیشی بەرێکراوە لەیەکەی کاتدا

**تەوژمی بەهێڵ linear momentum** ل 140 : بڕێکی ئاراستەدارە یەکسانە بە سەرەنجامی لێکدانی بارستایی تەنێك و خێراییەکەی.

**تووندی تەزووی کارەبا Electric current** ل 220 : تێکڕای کاتی تێپەڕبوونی بارگەی کارەبایە بە پانە بڕگەی گەیەنەرێکدا.

## ج ، چ

**جووڵەی تەنی هاوێژراو Projectile motion** ل 55 کەوتنەخوارەوەیەکی سەربەستە کە سەرەتا خێرایەکی هەیە شاولی نییە.

**جووڵاوە لێکخشندن noitcirf citaniK** ل 91 : هێزێکی بەرهەڵستکەرە بەرگری ڕێژەی نێوان دوو تەنی پێککەوتوو دەکات کە یەکێکیان بە گوێرەی ئەوی تریان دەجووڵێت.

**جووڵە وزە Kinetic energy** ل 110 : وزەی تەنێکە کە لە جووڵەکەیەوە پەیدادەبێت.

**جوول joule** ل 110 : یەکەی پێوانەی ئیش و وزەیە لە سیستمی نێودەوڵەتی SI .

**جیاوازی ئەرك Potential difference** ل 208 ئەو ئیشەی کە پێویستە بەرێ بکرێت دژی هێزی کارەبای بۆ جوولاندنی بارگە لە نێوان دوو خاڵدا، دابەشی بارگە کە کراوە.

## ح ، خ

**خێرایی ساتی Instantaneous velocity** ل 10 خێرایی تەنێکە لە ساتێکی دیاریکراودا.

**خێرایی ڕاماڵین Drift velocity** ل 223 بەرەنجامی خێرایی بارگە هەڵگری جوولاوە لە ژێر کاریگەری بوارێکی کارەباییدا.

## د

**دووری distunce** ل 6 : کۆی درێژی ڕێڕەوی جووڵەی تەنەکەیە.

**دوو هێزەکەی کاروکاردانەوە Action and reaction** ل87 دوو هێزی هاوکاتن کە لە بڕدا یەکسانن و لە ئاراستەدا پێچەوانەن و لە کارلێککردنی نێوان دوو تەنەوە بەرهەم هاتوون.

**دوایەك بەستن Series** ل 253 : وەسفی دوو بەش یان زیاتری سورێك دەكات کە هەمان ڕێڕەوی تەزووی هەبێت.

## س

**سورە کارەباییەکان Electric Circuit** ل 248 : گەیاندنی کۆمەڵە پێکهاتەیەکی کارەباین کە ڕێڕەوێکی تەواو یان زیاتر دابین دەکەن بۆ جووڵەی بارگەکان.

## ك ، گ

**کەوتنە خوارەوەی سەربەست Free Fall** ل 24 جووڵەی تەنێکە تەنها لە ژێر کاریگەری کێشەکەیدا دەکەوێتە خوارەوە واتە بە فەرامۆشکردنی بەرگری هەوا یان هەر هێزێکی تر.

**کێش Weight** ل 89 : هێزی کێشکردنە کە کار لە تەنێك دەکات.

**گەیەنەر Conductor** ل 177 : ئەو مادەیەیە کە بە ئاسانی بارگەی کارەبا دەگوازێتەوە.

## ل ، ڵ

**لادان Displacement** ل 5 : کورتترین دووری ئاراستەدارە کە لە خاڵی دەستپێکردنی جووڵەکەوە ڕوودەکاتە خاڵی کۆتایی.

**لاری ڕاستەهێڵ Slope** ل 9 : بڕی چەمانەوەی هێڵە ڕاستەکەیە بەگوێرەی تەوەرەی ئاسۆیی لە پۆوتانەکاندا.

## م

**ماتەوزە Potential energy** ل 115 : ئەو وزەیەیە کە هەر تەنێك بەهۆی شوێنەکەیەوە هەیەتی.

**ماتەوزەی کێشکردن Gravitainal potential energy** ل 115 ئەو وزەیەیە کە هەر تەنێك هەیەتی بەهۆی شوێنەکەیەوە لەچاو گۆی زەوی یان هەر تەنێکی ڕاکێشەری تردا.

**ماتە وزەی جیرپی Elastic potential energy** ل 116 ماتەوزەی کۆبووەیە لەتەنێکی جیرپدا کاتێك پەستێورابێت وە یان ڕاکێشرابێت.

**میکانیکە وزە Mechanical energy** ل 120: سەر ئەنجامی کۆکردنەوەی جووڵەوزەو هەموو شێوەکانی ماتە وزەیە.

**ماتەوزەی کارەبایی: Electrical potential energy** ل 206 ئەو وزەیەیە کە بارگەی کارەبایی هەیەتی بەهۆی جێگەکەیەوە لە بوارێکی کارەباییدا.

## ن

**ناوەندە خێرایی Average velocity** ل 7 لادانی گشتی براوە دابەشی کاتی خایەنراوە کە لادانەکەی تێدا براوە.

**نەگۆڕی سپرینگ Spring Constant**: ل 116 ئەو هاوکۆلکەیەیە کە توانای بەرگری کردنی سپرینگێك نیشان دەدات بۆ پەستاوتن یا ڕاکێشان.

## هـ

**هێندی ئاڕاستەیی vector quantity** ل 40 : هیندێکە بڕی هەیە و ئاڕاستەشی هەیە.

**هێندی ژمارەیی Scalar quantity** ل 40 : هێندێکە بڕی هەیە و ئاڕاستەی نییە.

**هێز force** ل 76 : ئەو کاریگەرەیە کە کار لە تەنێك دەکات و لەوانەیە ببێتە هۆی گۆڕینی بارەکەی لە وەستان یان لە جووڵەدا.

**هێزی بەتەنەوە نوساو Contact force** ل 77 : ئەو هێزەیە کە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی نێوان دوو تەنەوە بەرهەم دێت.

**هێزی بواری Field force** ل 77 ئەو هێزەیە کە لە نێوان دوو تەندا هەیە هەرچەندە ڕاستەوخۆ دوو تەنەکەش بەریەکتری نەکەوتبن.

**هێڵکاری هێزەکان Force diagram** ل 77 هێڵکاریەکە بۆ تەنەکان لە بارێکی دیاریکراودا، هەروەها بۆ ئەو هێزانەی کاریان لە تەنەکە کردووە.

**هاوسەنگبوون Equilibrium** ل 84 ئەو بارەیە کە جووڵەی تەنەکەی تێدا ناگۆڕێت.

**هێزە ئەستوونەکە Normal force** ل 89 ئەو هێزەیە کە تەنێك کاری پێدەکاتە سەر تەنێکی تر بە ئاڕاستەی ئەستون لەسەر ڕووە بەرکەوتنە هاوبەشەکەی نێوانیان.

**هاوکۆلکەی لێکخشاندن Coefficient of Friction** ل91 ڕێژەی نێوان بڕی هێزی لێکخشاندنە بۆ بڕی هێزە ئەستونەکەی نێوان دوو ڕووەکە.

**هاندان Induction** ل 178 : کرداری بارگاوی کردنی گەیەنەرە بە دانانی لە نزیك تەنێکی تری بارگاویەوە، ئینجا بە زەوی بگەیەنرێت.

**هێڵەکانی بواری کارەبایی Eelectri Field lines** ل193 هێڵەکان بڕو ئاڕاستەی بواری کارەبایی دەنوێنن پێکەوە.

**هاوڕێك بەستن Parallel** ل 257 : وەسفی دووبەش یان زیاتری سوڕێك دەکات کە ڕێگەی جیاوازیان هەیە بۆ تەزوو، چونکە بەشەکان لە چەند خاڵێکی هاوبەشدا بەیەکترەوە بەستراون.

## و

**وەستاوە لێکخشاندن Static Friction** ل 90 : هێزێکی بەرهەڵستیکەرە بەرگری جووڵەی ڕێژەیی چاوەڕوانکراوی نێوان دوو تەنی بەریەککەوتوو دەکات، کە هەریەکەیان لە چاو ئەویتریاندا لەباری هاوسەنگی دایە.

**وێنەی هێڵکاری Schematic diagram** ل 246 : وێنەیە بۆ ئەو سوڕەی کە تیایدا هێڵەکان بەکاردێن بۆ نواندنی تەلەکان، وە هێمای جیاواز بۆ نواندنی بەشەکانی تری سوڕەکە بەکاردێت.

# زاراوەکان

## ئـ

**ئاڵوگۆڕە موگنەکاری** Mutual inductance : کرداری دروستبوونی پاڵهێزە کارەباییە لە یەکێك لە دووسوڕدا بەهۆی گۆڕانی توندی تەزوو لەسوڕەکەی تردا

**ئاڕاستەداری ڕووبەر** Area Vector : ئاڕاستەدارێکە بڕەکەی ڕووبەرە دراوەکەیە و ئاڕاستەکەشی ستوونە لەسەر ڕووبەرەکە.

**ئاواز (جۆری دەنگ)** Timbre
ئەو ئاوازەیە کە لە تێکەڵکردنی هارمۆنیە توندی جیاوازەکانەوە پەیدادەبێت.

**ئەلەکترۆنی هاوهێزی** Valence electron
ئەلەکترۆنێکە لە دوورترین چینی دەرەوەی ناوکی گەردیلەدا هەیە.

## ب ، پ

**باسکی خولانەوە** Lever arm :
دووری ستوونییە لە نێوان تەوەری خولانەوەو ڕاستەهێڵێکی کێشراو لەسەر درێژکراوەی هێزەکە.

**پەستاوتن** Compression
ئەو ناوچەیەیە لە شەپۆلی درێژڕەدا و کە پەستان تێیدا دەگاتە گەورەترین بڕ.

**پلەی دەنگ** Pitch :
پێوەری ڕادەی تیژی یان گڕی دەنگی بیستراوە، بەپێی لەرەلەری شەپۆلە دەنگیەکە.

**بن** Crest :
ئەو خاڵەیە کە گەورەترین لادانی نێگەتیڤی لە شوێنی هاوسەنگبوونەوە هەیە.

**بنەمای سەریەکچوونی شەپۆلەکان** Superposition principle : کاتێك دوو شەپۆڵ یان زیاتر لە ناوەندێکدا بەیەکدەگەن، لادانی تەنۆلکەکانی ناوەندەکە یەکسان دەبێت بە کۆی ئەو دوولادانەی کە لە هەریەکە لە دوو شەپۆڵەکەوە پەیدادەبێت.

**بەیەکداچوونی دروستکەر** Constructive interference : ئەو بەیەکداچوونەیە کە ڕوودەدات لەکاتی بەیەکگەیشتنی لادانەکانی ئەو تەنۆلکانەی ناوەندەکە کە دەکەونە یەك لا لە شوێنی هاوسەنگ بوونەوە بۆ پێکهێنانی لادانێکی بەرئەنجامی گەورەتر لەهەر لادانێکی بەتەنهای هەر تەنۆلکەیەك.

**بەیەکداچوونی لەناوبەر** Destructive interference : ئەو بەیەکداچوونەیە کە ڕوودەدات لەکاتی بەیەکگەیشتنی لادانە دژ بە یەکەکانی تەنۆلکەیەکی ناوەندێك وە تیایدا فراوانی شەپۆلی بەرهەمهاتوو لە فراوانی هەر شەپۆلێکیان بەتەنها کەمترە

**بواری موگناتیسی** Magnetic Field : ناوچەیەکە دەتوانرێت تیایدا هێزی موگناتیسی پێوانە بکرێت.

**بەرگری پوخت** Pure resistance : بەرگرییەکە خودموگنەکاری نییە ( L = 0 ).

**بەربەستە موگنەکاری** Inductive impedance :
ڕێژەی نێوان گەورەترین بڕی جیاوازی ئەرکی دەوری دوو جەمسەری موگنەبارگێکی پوختە بۆ گەورەترین نرخی تەزوی تێپەڕبوو پیایدا لەسوڕی تەزوی گۆڕاودا یان بەرهەڵستیەکە موگنە بارگ نیشانی دەدات دژی گۆڕانی تەزو تیایدا.

**باری زەمینی گەردیلە** Ground state :
باری نزمترین وزەیە بۆ سیستمێکی بڕبڕکراو.

**باری وروژاو** Excited state :
بارێکە گەردیلە تیایدا لەباری زەمینیدا نییە.

**کریستاڵی دووانی** Diode :
دەزگایەکی ئەلەکترۆنییە ڕێگا بە تێپەڕ بوونی تەزوو بە ئاڕاستەیەك دەدات بە بەراورد لەگەڵ ئاڕاستەکەی تر.

**بە خڵتەکردن** Doping :
تێکردنی گەردیلە خڵتەیە لە نیمچە گەیەنەرەکاندا.

**پلەی برژۆڵە** Order number: ژمارەی برژۆڵەکەیە بەپێی برژۆڵەی ڕووناکی ناوەند.

**پابەندە نیش** Work function: کەمترین وزەی پێویستە بۆ جیاکردنەوەی ئەلیکترۆنێك لە ڕووی کانزاکە.

## ت

**توندی شەپۆل** Wave intensity :
تێکرای کاتی تێپەڕبوونی وزەیە بەناو یەکەی ڕووبەری ستوون لەسەر ئاڕاستەی جووڵەی شەپۆلەکە.

**تەزووی گۆڕاو** Alternating current :
تەزوویەکی کارەباییە کە بڕ و ئاراستەکەی لە کاتە یەکسانەکاندا دەگۆڕێت لە هەر چرکەیەکدا.

**تەزوی موگنەکار** Induced current : تەزوی کارەبایی پەیدابووە لە سورێکی کارەبایی داخراودا بە هۆی گۆڕینی لیشاوی موگناتیسی دەورو بەریەوە.

**ترانسفۆڕمەر** Transformer :
دەزگایەکە پاڵهێزی کارەبای موگنەکاری تەزووی گۆڕاو بەرز یان نزمدەکاتەوە.

**ترانزستەر** Transistor :
دەزگایەکە سێ تەلی گەیاندنی هەیە و دەتوانێت نیشانە گەورە بکات.

**تیشکدانی کارۆ موگناتیسی**
: Electromagnetic radiation
گواستنەوەی وزەیە بە یاوەری بواری کارەبایی و بواری موگناتیسی کە ئەویش بەشێوەیەکی ڕێك دەگۆڕێت و بە خێرایی ڕووناکی بڵاودەبێتەوە.

**تیشکدانی تەنی ڕەش**
: Blackbody radiation
ئەو تیشکدانەیە کە لە تەنێکی ڕەشەوە دەردەچێت، کە بە شێوەیەکی نموونەیی تیشکدەرێن و دەمژرێن، تیشکدانەکەش بە تەنها بەندە لەسەر پلەی گەرمی.

## ج ، چ

**جووڵەی بە خول** Rotational motion : جووڵەی تەنێکە بە دەوری تەوەرەیەکی دیاریکراودا.

**جووڵەی هارمۆنی سادە**
Simple harmonic motion لەرینەوەی تەنێکە بە دەوری شوێنی هاوسەنگ بووندا لەسەر هێڵێکی ڕاست، تێیدا هێزی گەڕێنەرەوە ڕاستەوانە دەگونجێت لەگەڵ لادانەکەی لە شوێنی هاوسەنگ بوونەوە، وە بە ئاراستەی پێچەوانە.

**جووڵە وزەی بە خول**
: Rotational kinetic energy وزەی تەنێکە کە لە ئەنجامی خولانەوەیەوە پەیدادەبێت.

**جیاوازی ڕێڕەو** Path difference : جیاوازی نێوان ئەو دوو دووریەیە کە دوو شەپۆلی دەرچوو لە دوو سەرچاوەوە دەیبڕن تا دەگەنە هەمان خاڵ.

**چەقی بارستایی** Center of mass : ئەو خاڵەیە کە دەکرێت هەموو بارستایی تەنەکەی تێدا کۆبکرێتەوە لەکاتی لێکۆڵینەوە لە جووڵەی جێگۆڕدا.

**چەقە هێز** Centripetal force : بەرەنجامی هێزی کاریگەرە لەسەر تەنێك کە لە ڕێڕەوێکی بازنەیدا دەجووڵێت وە ئاراستەکەی بەرەو چەقی ڕێڕەوەکەیە.

**چەقە تاودان** Centripetal acceleration : تێکڕای کاتی گۆڕانە لە ئاراستەی خێرایی تەنێکدا کاتێ لەسەر ڕێڕەوێکی بازنەیی دەجوڵێت.

## ح ، خ

**خود موگنەکاری** Self induction : پەیدابوونی پاڵهێزی کارەبای موگنەکارە لە کۆیلێکدا بەهۆی گۆڕانی توندی تەزووەکەی ناوییەوە.

## د

**درێژی شەپۆل** Wave length : دووری نێوان هەموو دووخاڵی یەك لە دوای یەکە، کە بە هەمان خێرایی لە برو ئاراستەدا بجووڵێن.

**دیاریدەی دۆپلەر** Doppler effect : گۆڕانێکی هەستپێکراو لە لەرلەردا لە ئەنجامی جووڵەی ڕێژەیی نێوان سەرچاوەی شەپۆلەکان و گوێگر.

**دێسیبێڵ** Decible : یەکەیەکی بێ ڕەهەندە ئاستی توندی دەنگ دەپێوێت.

**دژە پاڵهێزی کارەبای موگنەکار** Back emf : ئەو پاڵهێزە کارەبا موگنەکارەیە کە لە کۆیلی مۆتۆڕدا پەیدادەبێت و دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئەو تەزووەی پیایدا تێپەڕ دەبێت.

**دینەمۆ** Generator : دەزگایەکە وزەی میکانیکی دەگۆڕێت بۆ وزەی کارەبایی.

**دەزگای لەیزەر** Laser source : دەزگایەکە ڕووناکییەکی هاوباری تاك شەپۆلی لێوەدەردەچێت.

## ر ، ز

**رادیەن** Radian : چەقە گۆشەیەکە درێژی کەوانەکە یەکسانە بە نیوەتیرەی بازنەکەی. بە پلە بە نزیکەیی دەکاتە 57.3°.

**زەبر** Torque : بڕێکە توانستی هێز لەسەر خولانەوەی تەنێك بە دەوری تەوەرەیەکی دیاریکراو دەردەبڕێت.

**زەبری بارنەگۆڕی** Moment of interia : بڕی بەرهەڵستی تەنێکە بۆ هەر گۆڕانێك لە جووڵە بە خولەکەیدا.

**زنجیرە هارمۆنییەکان** Harmonic seires : زنجیرەیەکە لە لەرەلەرەکان، لەرەلەری بنەڕەتی و چەند جارەکانی دەگرێتەوە.

**زرنگانەوە** Resonance : دیاردەیەکە کاتێك ڕوودەدات کە لەرەلەری سیستمێکی دیاریکراو یەکسان دەبێت بە لەرەلەری سرووشتی ئەو هێزەی کە کاری پێدەکات و دەبێتە هۆی لەرینەوە بە فراوانیەکی گەورە.

## س ، ش

**سەر** Crest : ئەو خاڵەیە کە گەورەترین لادانی پۆزەتیڤی لە شوێنی هاوسەنگ بوونەوە هەیە.

**شاشبوون** Rarefaction : ئەو ناوچەیەیە لە شەپۆلی درێژەودا کە پەستان تێیدا دەگاتە کەمترین بڕ.

**شەپۆلی درێژەو** Longitudinal wave : ئەو شەپۆلەیە کە تەنۆلکەکانی ناوەندەکە تیایدا بە ئاڕاستەیەکی تەریب بە ئاڕاستەی جووڵەی شەپۆلەکە دەلەرنەوە.

**شەپۆلی پانڕەو** Transverse wave : ئەو شەپۆلەیە کە تیایدا تەنۆلکەکانی ناوەندەکە بەئاڕاستەیەکی ستون لەسەر ئاڕاستەی جوڵەی شەپۆلەکە دەلەرنەوە.

**شەپۆلی وەستاو** Standing wave : جۆرێکی شەپۆلە لە بەیەکداچوونی دوو شەپۆل پەیدادەبێت کە هەمان لەرەلەر و درێژی شەپۆل و فراوانیان هەبێت و بەدوو ئاڕاستەی پێچەوانە تێپەڕبن، لە ناوەندێکی سنووردارادا.

**شەپۆلی میکانیکی** Mechanical wave : ئەو شەپۆلەیە پێویستی بە ناوەندی ماددی هەیە بۆ تێپەڕبوونی.

**شەبەنگی دەرچوون** Emission spectrum: چەند هێڵێکی ڕەنگاوڕەنگە ئاماژە بۆ درێژی شەپۆلەکانی وزەی تیشکی دراو دەرچوو لە مادەوە دەکات.

**شەبەنگی هەڵمژین** Absorption spectrum: چەند هێڵێکی ڕەش ئاماژە بۆ درێژی شەپۆلەکانی ئەو وزەیە دەکەن کە مادەکە دەیمژێت.

**شکستی سەرەو وەنەوشەیی**
Ultrauiolet catastrophe : پێشبینی هەڵەی فیزیای کلاسیکی کەوا دادەنێت تەنی ڕەش وزەیەکی بێ شومار تیشکدەدات لە درێژییە شەپۆلە زۆر کورتەکان کە نزیکن لە سفر.

## ف ، ق

**فراوانی** Amplitude : گەورەترین لادانە لە شوێنی هاوسەنگبوونەوە.

**فۆتۆن** Photon : کەمترین بڕی وزەی کارۆموگناتیسی سەر بەخۆیە لە گەردوندا وە بارستاییەکەی سفرە.

**قوڵف** Node : خاڵێکە لە شەپۆلی وەستاودا دەکەوێتە ناوەڕاستی دووری نێوان دووگرێ. تێیدا فراوانی دەگاتە ئەوپەڕی.

## ك ، گ

**کارۆموگنەکاری** Electromagnetic induction : کرداری بەرهەمهێنانی تەزووی کارەباییە لە گەیەنەرێکدا کە بەشێك بێت لە سوڕێکی داخراو، بەهۆی گۆڕینی لێشاوە موگناتیسی دەورووبەریەوە.

**کاریگەری کارۆڕووناکی** Photoelectric effect : دەرچوونی ئەلەکترۆنەکانە لە ڕووی ماددەیەك ڕوودەدات کاتێك ڕووناکییەك بە لەرەلەرێکی دیاریکراو تیشك دەخاتە سەر ڕووەکە.

**کەلێنە گورزە (کەلێنەوزە)** Bond gap : مەودایەکی وزەیە کە بەرزترین گورزە وزەی پڕ لە ئەلەکترۆن و نزمترین گورزە وزەی بێ ئەلەکترۆن لەیەکتر جیادەکاتەوە.

**کون Hole** : ئاستەوزەیەکی نیمچە گەیەنەرە کە ئەلەکترۆنی تێدانییە.

**کاتەلەرە Period** : کاتی خایەنراو بۆ ئەنجامدانی لەرەیەکی (خولێکی) تەواو.

**گرێ Node** : خاڵێکە لە شەپۆلی وەستاودا کە هەمیشە تێیدا بەیەکداچوونی لەناویەری تەواو ڕوودەدات و نەجووڵاوە.

**گۆشەلادان Angular displacement** : گۆشەی خولانەوەی خاڵێك یا تەوەرەیەك یان تەنێکە بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراو بە دەوری تەوەرەیەکی جێگیردا.

**گۆشەخێرایی Angular speed** : تێکڕای کاتی خولانەوەی تەنێکە بە دەوری تەوەرەیەکی دیاریکراودا، یان تێکڕای کاتی گۆڕانی گۆشە لادانە، وە بەڕادیەن لەسەر چرکە دەپێورێت.

**گۆشە تاودان Angular acceleration** : تێکڕای کاتی گۆڕانی گۆشەخێراییە، بەڕادیەن لەسەر (چرکە)$^2$ دەپێورێت.

**گۆشە تەوژم Angular momentum** : ئەنجامی لێکدانی زەبری بارنەگۆڕی تەنێکە بە دەوری تەوەرەی خولانەوەدا لە گۆشە خێراییەکەی بە دەوری هەمان تەوەرە.

## ل، ڵ

**لەرەلەری بنەڕەتی Fundamental frequency** : کەمترین لەرەلەری شەپۆلی وەستاوە کە ئەگەری دروستبوونی هەیە.

**لێکەوتە خێرایی Tangential speed** : خێرایی بەهێڵی ساتی تەنێکە کە بە ئاڕاستەی لێکەوتی ڕێڕەوە بازنەییەکەی دەخولێتەوە.

**لادانی شەپۆلەکان Diffraction** : گۆڕانی ڕێڕەوی شەپۆلە، لە ئەنجامی بەرکەوتنی بە بەربەستێك یان کونێکی بچووك یان لێوارێکی تیژ.
یان: بڵاوبوونەوەی شەپۆلەکانە لە پشت ئەو بەربەستانەوە کە دێنە ڕێی بەشێوەی تەلێکی باریك یان کونێکی بچووك یان درزێکی تەسك یان لێوارێکی تیژ وابن.

**لەیزەر Laser** : بەتین کردنی ڕوناکییە بە هۆی بزوێنەدەرچوونی تیشکدانەوە.

**لادانی کۆمبتن Compton shift** : زیادبوونی درێژی شەپۆلی فۆتۆنی پەرەوازە بووە بەهۆی ئەلەکترۆنێك، بەگوێرەی درێژی شەپۆلی فۆتۆنە کەوتووەکە.

**لێکەوتە تاودان Tangential acceleration** : تێکڕای کاتی گۆڕانی بڕی خێرایی ساتی تەنێکە بە ئاراستەی لێکەوتی جووڵەی بازنەیی تەنەکە.

**لەرەلەر Frequency** : ژمارەی خولەکان یان لەرینەوەکانە لە یەکەی کاتدا.

## ن

**نرخە کاریگەرەکەی تەزوو Effective current** : نرخێکی تەزووی گۆڕاوە کە هەمان کاریگەری گەرمی تەزوویەکی نەگۆڕ لەهەمان کاتدا پەیدا دەکات.

**ناوەند Medium** : ئەو ماددەیەکە شێواندنە شەپۆلیەکان تێپەڕ دەکات.

## هـ

**هاوباری Coherence** : نەگۆڕانی جیاوازی ڕەوگەیە لە نێوان دوو شەپۆل یان زیاتردا.

**هێزی کێشکردن Gravitational Force** : هێزی کێشکردنی ئاڵوگۆڕە لە نێوان هەموو دوو تەنێکدا.

**هاوکۆلکەی خودموگنەکاری**
**Coefficient Self induction** : ڕێژەی نێوان پاڵهێزی کارەبای موگنەکارە لە سورێکدا بۆ تێکڕای کاتی گۆڕانی توندی تەزوی تێپەڕبوو تیایدا.

## و

**وێڵە تەزووەکان Eddy currents** : ئەو تەزووە موگنەکارە شێوە ئەڵقانەن کە لەناو کانزاکاندا پەیدادەبن.

# فەرهەنگۆکی زانست

## پۆلەکانی ٧، ٨، ٩ی بنەڕەتی

# زاراوەكان

## أ

**ئەدینۆسی سێ فۆسفاتی TPA** : گەردێكە كەسەرچاوەی سەرەكی وزەی پێویستە بۆ زیندە چالاكیەكان. (١٤)

**ئەندام Organ** : كۆمەڵێك شانەن پێكەوە فرمانێكی تایبەت لە لەشد بە جێ دەهێنن (٣٧)

**ئەندامۆچكە Organelle** : پێكهاتەیەكی وردی زیندووە لە ناو سایتۆپلازمی خانەدا وتایبەتە بۆ جێبەجێهێنانی فرمانێكی دیاری كراو. (٢٣)

**ئەلكترۆن onElectr** : تەنۆچكەیەكە لە ناو گەردیلە بارگەی سالیبی هەیە. (٢٢٦)

**ئاوێتە Compound**: ماددەیەكە پێك هاتووە لەیەكگرتنی دوو توخم وەیان زیاتر بە ڕێگەی كیمایی (٨٥).

## ب

**بڵاو بوونەوە Diffusion** : جوولەی تەنۆچكەكان لە ناوچەیەكی خەستی بەرز بۆ ناوچەیەكی خەستی كەم یان نزم (٤٤)

**بلورەكان Crystal** : تەنێكی ڕەقە پێكدێت لە گەردیلەكان یان ئایۆنەكان ویان لە گەردی ڕیزبوونی بەشێوەی دیاری كراو.(٨٥)

**بانی ژیلەمۆ Lava plateau** : ئەو ژیلەمۆ شلانەن كە دەرپەڕیونەتە سەر ڕووی زەوی بەدرێژایی ملیۆنەها ساڵ (١٥٧)

**بەكتریا Bacteria** : زیندەوەرێكی تاك خانەی زۆر بچووك و ناووك سەرەتاییە . (٢٤)

**بەهەڵم بوون Evaporation** : گۆڕینی دۆخی ماددەیە لە دۆخی شلەوە بۆ دۆخی گازی. (١٩٤)

**بۆشای (فاكیول) Vacuole** : پێكهاتەیەكی گەورەی بە پەردە دەورەدراوە لە خانەی ڕووەكدا فرمانی كۆكردنەوەی ئاوو شلەی ترە. (٣٤)

**بریسكەدان Luster** : ئەو ڕێگەیە كە خاوەكان ڕووناكی دەدەنەوە. (٨٨)

**بەكارهێن Consumers** : ئەو زیندەوەرەیە كە زیندەوەری تر یان ئەندامەكانیان دەخوات. (١١)

**بۆماوە Heredity** : گواستنەوەی سیفەتەكانە لە باوانەوە بۆ وەچەكان. (٨)

**بارنە گۆڕین Intertia** : ئارەزووی تەنێكە بۆ بەرهەستكردنی جوولان ئەگەر وەستاوبێت، یان بەرهەلستكردنی تەنەكە بۆ گۆڕانی بڕی خێراییەكەتی یان ئاراستەكەی ئەگەر جووڵاوبێت. (١٦٨)

**بەهەواداچوون Sublimation** : گۆڕانی ماددەیە لە دۆخی ڕەقیەوە یەكسەر بۆ دۆخی گازی (١٩٦)

**بارستە ژمارە Mass number** : بریتییە لە كۆی ژمارەی پرۆتۆنەكانی ناو ناوكی گەردیلە و ژمارەی نیوترۆنەكان (٢٢٨)

**بارستە گەردیلە Atomic mass** : بریتییە لە تێكڕای بارستایی هەموو هاوتاكانی توخم كە لە سروشت دا هەن. (٢٢٨)

**بواری كارەبا Electric field** : بریتییە لەو ناوچەیەی كە دەوری تەنێكی بارگاوی داوە. (٢٥١)

**بەرگری Resistance** : بریتییە لەو بەرهەڵستیەی كە تووشی تێپەڕبوونی بارگەی كارەبا دەبێت. (٢٦٠)

**بەربەرەكان Competition** : پێشبڕكێی دوو زیندەوەرە لەسەر ئاو و خۆراك و پەناگە. (٧٣)

**بەناوداچوونی خانەیی Endocytosis** : واتە پەردەی خانە دەوری تەنۆچكەیەك دەدات و دەیگوازێتەوە بۆ ناوخانە. (٤٦)

**بەرهەم هێن Producers** : ئەو زیندەوەرانەن كە توانای ڕۆشنەپێكهاتن یان كیمیكە پێكهاتنیان هەیە. (١١)

**بەرگی كەڤریی ڕەقLithosphere** : چینی ڕەقی دەرەوەی زەویە. (١٢٢)

**بەرگی كەڤریی پاراوAsthenosphere** : بەرگێكی نەرمی سەرەوەی كەوڵە (١٢٢)

**بەرگی ناوەندیی زەوی Mesosphere** : بەرگێكی ڕەقی خوارەوەی زەوییە (١٢٣)

## پ

**پرۆتین Protein** : گەردێكە پێكدێت لە ترشی ئەمینی وپێویستە بۆ دروستكردنی ئەندامەكانی لەش وچاك كردنەوە و ورێكخستنی كردارەكانی لەش. (١٢)

**پتەوی Hardness** : پێوەری توانای خاو بۆ بەرگری كردن لە رووشاندن. (٩٠)

**پێكهاتن Structure** : ڕێكخستنی ئەندامە جیاوازەكانی ناو زیندەوەران.(٣٩)

**پەردەی خانە Cell membrane** : چینێكە لە چەوری فۆسفێنراو خانە دادەپۆشێت وەكو بەربەستێك وایە لە نێوان خانەو ژینگەی دەرەوەی. (٢٣)

**پێكهاتەی تنراویی Texture** : جۆری ئەو كەڤرەیە كە پشت بە قەبارەی دەنكۆڵەكان وشێوە وڕیزبوونیان دەبەستێت. (٩٨)

**پەستاوتن Compression** : بریتییە لە فشاری پەیدابوو لە هێزێك پەستان دەخاتە سەر تەنێك. (١٢٩)

**پرۆتۆن Proton** : تەنۆچکەیەکە لە ناو گەردیلە کە بارگەی موجەبی هەیە وەدەکەوێتە ناووکی گەردیلەوە. (٢٢٥)

**پەیتی Concentration** : بڕی ماددەیەکی دیاری کراو لە بڕێکی دیارکراو لە تێکەڵاو یان گیراو یان میتاڵێکی خاو. (٢١٦)

**پلەی گەرمی Temperature** : بریتییە لە پێوەری گەرمی تەنێك، واتە بریتییە لە پێوەری وزە جووڵەی تەنۆلکەکان لەسەر تەنێکدا (١٨٨).

**پەستان Pressure** : بریتییە لە بڕی هێزی کاریگەر لە سەر یەکەی ڕووبەر. (١٨٩)

**پلێتی تەکتۆنی Tectonic plate** : بارستاییەکە لەبەرگی کەڤری ڕەق پێك دێت لە توێکڵی زەوی و لە بەشی سەرەوەی ڕەقی کەوڵ. (١٢٤)

**پێکهاتەی Composition** : کەڤرە پێکهاتەی کیمیایی کەڤر، وەسفی ئەوماددانە دەکات کە کەڤر دروست دەکەن وەك خاوەکان (٩٨).

## ت

**توخمە زۆربوون Sexual reproduction** : کردارێکی زۆربوونە کە توخمەخانەکانی دوو باوان یەکدەگرن بۆ خستنەوەی وەچەیەك کە سیفەتی هەردوو باوانی تێدایە. (٨)

**تۆڕی خۆراك Food web** : شێوەیەکە پەیوەندی خۆراکی نێوان زیندەوەران لە سیستمێکی ژینگەیدا ڕوون دەکاتەوە. (٦٨)

**توخم Element** : ماددەیە ناتوانرێت دابەشبکرێت بۆ ماددەی سادەتر بە هۆی ڕێگە کیمیاوییەکان. (٢٠٤،٨٤)

**توانای بەخێوکردن Carrying capacity** : گەورەترین قەبارەی کۆمەڵە زیندەییەکانە کە ژینگەیەك لە توانایدا هەیە بیگرێتە خۆی بۆ ماوەیەکی دیاری کراو. (٧٣)

**تیشکۆی بۆمەلەرزە Focus** : ئەو خاڵەیە کە قلیشێك لە قلیشەکان دەکەوێتە سەری وە جووڵەی بومە لەرزینەکە لێوەی دەست پێدەکات. (١٤٣)

**تێك چوون Deformation** : خواری ولاری وشکانە لە توێکڵی زەوی، وە گۆڕانە لە شێوەی کەڤر بە هۆی وەڵام دانەوەی ئەرکێکەوە. (١٣٩)

**تەکتۆنی پلێتەکان plate Tectonic** : بریتییە لە بیردۆزی لێکدانەوەی جووڵەی پارچە گەورەکانی بەرگە کەڤری ڕەق لێکدەداتەوە وە پێیان دەوترێت پلێتە تەکتۆنییەکان کە شێوەکانیان دەگۆڕێت. (١٢٥)

**توانای توانەوە Solubility** : بریتییە لە توانەوەی ماددەیەك لە ماددەیەکی تردا لە پلەی گەرمی وپەستانی دیاری کراودا. (٢١٦)

**تواوە Solute** : لە گیراوەدا ئەو ماددەیە کە دەتوێتەوە لە توێنەردا. (٢١٤)

**توێنەر Solvent** : لە گیراوەدا ئەو ماددەیەیە کە تواوەی تیادا دەتوێتەوە. (٢١٤)

**توانای کارەبایی Electric Power** : تێکڕای بەکارهێنانی وزەی کارەبا کە بە وات دەردەبڕێت. (٢٦٥)

**تێکەڵاو Mixture**: پێك دێت لە تەنۆلکەکانی دوو ماددە یان زیاتر کە بە شێوەیەکی ڕێك وپێك لە نێوان یەکتردا بڵاودەبنەوە. (٢١٢)

**توێکڵی زەوی Crust** : چینی ڕەقە وتەنکی دەرەوەی زەوییە کە دەکەوێتە سەرەوەی کەوڵەوە. (١٢٠)

**تۆماری بوومەلەرزە Seismogram** : تۆمارێکە چاودێری جووڵەی بومە لەرزە دەکات، وەك سیزمۆکراف هێڵکاریەکە تۆمار دەکات. (١٤٣)

**توندی تەزووی کارەبا Electric current**: تێکڕای کاتی دەرپەڕینی بارگە کارەباییەکانە لە پانە برگەیەکی گەیەنەرەوە، وە بەیەکەی ئەمپێر دەردەبڕێت. (٢٥٩)

**ترانسفۆرمەر Transformer** : ئامێرێکە جیاوازی ئەرکی تەزووی گۆڕاو بەرز دەکاتەوە یان نزم دەکاتەوە. (٢٩٠)

**توێژاڵی Foliated** : ئەو کەڤرانەن بەگشتی دەنکۆڵەی ڕیزبوونی رووتەختی خاویان تێدایە (١١١)

**تنراو Texture** : جیاکەرەوەی کەڤرە کە پشت دەبەستێ بە قەبارەی دەنکۆڵەکانی کەڤر و شێوەی ڕیزبوونیان (٩٨)

## ج

**جۆگە گڕکانیەکان Vents** : کونێکە لەسەر ڕووی زەوی کە ماددە گڕکانیەکان لێیەوە ڕەق دەبێت. (١٥١)

**جەمسەری موگناتیسی Magnatic Pole** : یەکێك لەو شوێنانەی لە سەرێکی موگناتیس ڕەوشتی موگناتیسی پێچەوانەی هەیە. (٢٧٦)

**جیاوازی ئەرك Voltage** : بڕی کاری پێویستە بۆ جووڵاندنەوەی یەکەی بارگە لە نێوان دووخاڵدا. (٢٦٠)

## چ

**چڕبوونەوە Condensation** : بریتیە لە گۆڕینی دۆخی گازی بۆ دۆخی شلی. (١٩٥)

**چیکلدانۆچکە Vesicle** : بۆشاییەکە یان تورەکەیەکە لەناو خانەی ناووک ڕاستەقینە هەندێك ماددەی دیاری کراوی تێدایە. (٣٣)

**چەوری فۆسفۆرکراو Phospholipid** : چەورییەکە فۆسفۆری تێدایە، یەکێکە لە پێکهاتووەکانی پەردەی خانە. (١٤)

**چەوری Lipid** : جۆرێکە لە ماددەی کیمیایی کە لە ئاودا ناتوێتەوە لەوانە بەزو سترۆیدی چەوری. (١٤)

**چینەکان Strata** : دەرکەوتووترین سیفەتی کەڤرە نیشتەنییەکانە. (١٠٤)

**چڕی Density**: بریتییە لە سەر ئەنجامی دابەش کردنی بارستەی ماددە بۆ قەبارەکەی. (٩٠)

**چەقی ڕووی بومە لەرزە Epicenter** : ئەو خاڵەیە لەسەر ڕووی زەوی کە یەکسەر لەسەر خاڵی دەرپەڕینی بوومەلەرزە یان تیشکۆی بوومەلەرزەدایە. (١٤٣)

## خ

**خانەی کارەبایی Cell** : ئامێرێکە تەزووی کارەبا بەرهەم دێنێت بە گۆڕانی وزەی کیمیایی بۆ وزەی کارەبایی. (٢٦٢)

**خانەهەناسە Cellular respiration**: ئەو کردارەیە کە خانەکان تیایدا ئۆکسجین بەکاردێنن بۆ دەستکەوتنی وزە لە خۆراکدا. (٤٩)

**خانە Cell** : لە زانستی زیندەیی یەکەیەکی بچووکە توانای بەجێهێنانی زیندە کردارەکانی هەیە. وبە پەردە دەورردراوە ترشی DNA وسایتۆپلازمی تێدایە. (٢٠٦)

**خانەی ناووک سەرەتایی Prokaryotes**: ئەو خانانەن ناووك وئەندامۆچکەی بەپەردە دەورردراویان نییە وەکو بەکتریا وقەوزە سەوزە شین باوەکان. (٢٥)

**خانەی ناووک ڕاستەقینە Eukaryotes** : ئەو خانانەن کە ناووك و پێکهاتەی ئاڵۆزیان تێدایە. (٢٦)

**خاڵی بوونەوەی کارەبا Electric discharge** : بریتیە لە ون بوونی کارەبای جێگیری کۆکراوە لە تەنێکدا. (٢٥٥)

**خول Period** : لە کیمیادا ڕیزێکی ئاسۆیی لە توخمەکانە لە خشتەی خولی دا. (٢٣٥)

**خولی Periodic** : باسی شتێك دەکات کە دووپات بوونەوەی تیادا ڕوودات ناوە ناوە بەڕێکی. (٢٣١)

**خاوی سلیکاتی Silicate minerals**: ئەو خاوانەن کە پێك دێن لە یەکگرتنی هەردوو توخمی سلیکۆن وئۆکسجین و لە توخمێکی کانزایی یان زیاتر. (٨٦)

**خاوی ناسلیکاتی Nonsilicate minerals**: ئەو خاوانەن کە ئاوێتەکانی سلیکۆن و ئۆکسجینیان تێدانییە. (٨٦)

**خاو Mineral** : تەنێکی ڕەقی نائەندامییە بە شێوەیەکی سروشتی پێك دێت، پێکهاتەیەکی کیمیایی دیاری کراوی هەیە. (٨٤)

**خاوی خام: Ore** ماددەیەکی سروشتییە بەخەستییەکی زۆر خاوە گرنگەکانی تێدایە. (٨٦)

## د

**دەرهاویشتەیی خانەیی Exocytosis** : کرداری دەرکردنی تەنۆچکەکانە لە ڕێی ئەو چیکلدانۆچکانەی کە دەیگرێتە خۆی وە دەیگوێزێتەوە بۆ ڕووی خانە کە بە یەکگرتن لەگەڵ پەردەکەیدا. (٤٧)

**داهاویشتەی خانەیی Endocytosis** لا (٤٦)

**دەلاندن Osmosis** : بڵاوبوونەوەی ئاو بەناو پەردەدا. (٤٥)

**دابەشبوونی سایتۆپلازم Cytokinesis** : کرداری دووکەرت بوونی سایتۆپلازمە پاش دابەشبوونی ناووك (٥٤)

**دیواری خانە Cell wall** : پێکهاتەیەکی نازیندەیە دەوری خانەی ڕووکی داوە پاڵپشتی لێ دەدات. (٢٨)

**دەزگای گۆلجی Golgi complex** : ئەندامۆچکەیەکی ناوخانەیە، ماددەکان ئامادەو ڕێك دەکات بۆ گواستنەوەیان بۆ دەرەوەی خانە. (٣٣)

**دڕندە Predator** : ئەو زیندەوەرەیە کە زیندەوەری تر یان بەشێك لە لەشی زیندەوەرەکە دەخوات. (٧٤)

**دۆخەکانی ماددە State of Matter** : شێوە فیزیاییەکانی ماددە، شێوەی ڕەقی، شلی، گاز دەگرێتەوە. (١٨٤)

**دۆخی شلی Liquid** : ئەو دۆخەیە کە ماددە تیایدا قەبارەی جێگیرە شێوەی دەگۆڕێ. (١٨٦)

**دۆخی ڕەقی Solid** : ئەو دۆخەیە کە ماددە تێیدا شێوە وقەبارەی جێگیرە. (١٨٥)

**دۆخی گازی Gas** : ئەو دۆخەیە کە ماددە تێیدا شێوە و قەبارەی گۆڕاوە. (١٨٧)

**دەمی گڕکانەکان Crater** : چاڵێکە بە شێوەی کۆڤکە «ڕەحەوتی» لەسەرەوەی ملی گڕکانەکە. (١٥٦)

**دەمی ڕوخاو Caldera** : دارمانێکی گەورەی شێوە بازنەییە دروست دەبێت کاتێك ژووری گڕتاو لە ژێر گڕکان بۆشایی تێدا پەیدا دەبێت وە دەبێتە هۆی دارمانی ئەو زەوییە لەسەریەتی. (١٥٦)

**دینەمۆی کارەبا Electric generator** : ئامێرێکە وزەی میکانیکی دەگۆڕێت بۆ ،وزەی کارەبایی. (٢٨٩)

**دابەشبوونی ئاسایی Mitosis** : دابەشبوونی ناووك و سایتۆپلازم دەگرێتەوە لە لەشە خانەکانی ناووك ڕاستەقینەکان دا ڕوودەدات (٥٣)

## ر ڕ

**ڕۆشنە پێکهاتن Photosynthesis** : ئەو کردارەیە کەوا ڕووەك وقەوزەو هەندێك بەکتریا ڕووناکی خۆرو دوانۆکسیدی کاربۆن وئاو بەکاردێنێت بۆ دروستکردنی خۆراك. (٤٨)

**ڕیزبوونی چینەکان Stratification** : ئەو کردارەیە کە دەبێتە هۆی ڕیزبوونی کەڤرە نیشتەنییەکان بەشێوەی چین. (١٠٧).

**ڕامالّین Erosion** : ئەو کردارەیە کە خاك ونیشتەنییەکان لە شوێنێکەوە دەگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی تر بەکاریگەری با، ئاو، سەهۆلّ وهێزی ڕاکێشانی وزە. (٩٧)

**ڕایبۆسۆم Ribosome** : ئەندامۆچکەیەکە پێکدێت لە پرۆتین وترشی rRNA مەڵبەندی بەرهەم هێنانی پرۆتینە. (٣١)

**ڕەنگی ڕووشانStreak** : بەرەنگی هاراوی خاو دەوترێت (٨٩)

**ڕووگرژیی Tension surface**: ئەو هێزەیە لەسەر ڕووی شلە، وە ئارەزووی نزمکردنەوەی ڕووبەری ڕووی شلە دەکات بۆ نزمترین ڕادە. (١٨٦)

**ڕەوشتی فیزیایی Physical property** : ڕەوشتێکی ماددەیە گۆڕانی کیمیایی لەگەڵدانییە وەك: چڕی، دەنگ، پتەوی. (١٧٠)

**ڕەوشتی کیمیایی Chemical property** : ئەو ڕەوشتەیە باسی ماددە دەکات بەپێی توانای بۆ بەشداری کردنی لە کارلێکە کیمیاییەکان. (١٧٥)

**ڕووی کەوانەیی Meniscus** : تۆیەڵ بوونە کە ڕووبەری شلەیەك وەری دەگری، وە بەکاردەهێنرێت بۆپێوانی قەبارەی شلە. (١٦٥)

**ڕاکێشان Tension** : ئەرکی پەیدا بووە لە ئەنجامی هێزی ڕاکێشان بۆ درێژبوونەوە تەنێك. (١٢٩)

**ڕامالّینی کیشوەرەکان Continental drift** : گریمانەیەکە دەلّێت، کیشوەرەکان یەك بارستەبوون لە وشکانی لە زەمانێکدا، پاشان دابەشبوون وڕامالّینران بۆ شوێنەکانی ئیستایان. (١٢٥)

## ز

**زیندەکردار Metabolism** : کۆمەڵە کردارێکی کیمیاییە کە لە ناو زیندەوەردا ڕوودەدات. (٨)

**زنجیرەی خۆراك Food chain** : بە ئاراستەی تێپەڕبوونی وزە لە ئاستە جیاوازەکانی خۆراك دەوترێت کە بە ناوچەند زیندەوەرێکی یەك بەدوای یەکدا تێپەڕدەبێت. (٦٨)

**زیندەهۆکاری ژینگە Biotic factors** : بەکاریگەریی بەشی زیندەویی ناوژینگە دەوترێت. (٦٢)

**زیندەبەرگ Biosphere** : ئەو بەشەی گۆی زەوی دەگرێتەوە کە ژیانی تێدایە. (٦٥)

**زیندەوەر Organism** : هەرشتێك توانای بەجێهێنانی کردارەکانی زیندەچالاکی هەبێت . (٣٨)

**زیندەوەری ناووك سەرەتایی Prokaryote** : ئەو زیندەوەرانەن کە لە خانەیەك پێك دێن ناووکە ماددە لەناو سایتۆپلازمە کە بلاّبۆتەوە، وەك بەکتریا وقەوزە سەوزە شین باوەکان. (٢٥)

**زیندوەری ناووك ڕاستەقینە Eukaryote** : ئەو زیندەوەرانەن کە ناووکە مادەکانیان بە پەردە دەوردراوە وڕووەك وگیانەوەو کەڕووەکان دەگرێتەوە. (٢٦)

**زانستی بومە لەرزە Seismology** : زانستێکە لە ڕەوشتەکانی زەوی دەکۆڵێتەوە لە ڕووی لەرزە و هێزەکەی (١٣٨)

## ژ

**ژووری گڕتاو Magma chamber** : بۆشاییەکە یان شەقێکە لە ڕووی زەوی، کەڤرە شلەوە بووەکان دەداتە گڕگان. (١٥١)

**ژینگەزانی Ecology** : لە کارلێکی نێوان زیندەوەران و ژینگە دەکۆڵێتەوە (٦٢)

## س

**سەوزەپلاستید Choroplast** : ئەندامۆچکەن لە سایتۆپلازمی خانەی ڕووەکی وقەوزەسەوزەکاندا تایبەتمەندن بۆ بەجێهێنانی کرداری ڕۆشنەپێك هاتن. (٣٢)

**سوودگۆڕینەوە Mutualism** : پەیوەندی نێوان دوو زیندەوەرە کە هەردووکیان سوود لەیەکتر وەردەگرن. (٧٦)

**سووڕی خانە Cell cycle** : بریتیە لە سووڕی ژیانی خانە. (٥٢)

**سووڕی کەڤر Rock cycle** : زنجیری گۆڕانێکە بۆ پێکهێنانی کەڤر کە لە جۆرێکەوە دەگۆڕێت بۆ جۆرێکی تر یان تێکدەشکێت سەر لە نوێ بەکردارە جیۆلۆجییەکان دروست دەبێتەوە. (٩٦)

**سایتۆپلازم Cytoplasm** : بریتیە لە شلەیەکی ملّی دەوری ئەندامۆچکەکانی خانەی داوە. (٢٣)

**سیستمی ژینگەیی Ecosystem** : پێکدێت لە مۆلگەی زیندەیی وژینگەیەکی نازیندوو. (٦٥)

**سنوورە دوورکەوتوەکان Divergent boundary** : سنوورەکانی نێوان دوو پلێتی تەکتۆنی دوورکەووتون. (١٢٧)

**سنوورە بەر یەککەوتوەکان Convergent boundary** : ئەو سنوورانەن کە دروست دەبن لە ئەنجامی بەریەککەوتنی دوو بەرگە کەڤری ڕەق. (١٢٦)

**سنوورە گوێزراوەکان Transform boundary** : سنوورە لە نێوان دوو پلێتە تەکتۆنی ئاسۆییانە دەخزێن لەسەر یەکتر. (١٢٧)

**سووڕی هاوڕێك بەستراو Parallel circuit** : سوڕێکە هەموو بارەکان بەستراون بە لقی جیاوازەوە بە شێوەیەك هەر لقێك هەمان جیاوازی ئەرکی هەبێت. (٢٧٠)

**سوری لەدوای یەك بەستراو Series circuit** : سوڕێکە بارە جیاوازەکان بەستراون بە لقی جیاوازەوە بە شێوەیك هەمان تەزووی کارەبا پێیادا تێپەڕدەبێت. (٢٦٩)

**سیزمۆگراف Seismograph** : ئامێرێکە لەرزینەکانی زەوی تۆمار دەکات، ڕەوشتی زەمین واتە لەرزەو هێزەکەی دیاری دەکات. (١٤٣)

## ش

**شیکردنەوە Analysis** : هەڵوەشاندنەوەی ماددە بۆ گەردی سادە. (٦٧)

**شیکەرەوە Decomposer** : ئەو زیندەوەرانەن کە لە هەڵوەشاندنەوەی پاشماوەی زیندەوەرە مردووەکان یان پاشەڕۆی گیانەوەران، خۆراك یان وەزیان دەست دەکەوێت. (١١)

**شانە Tissue** : کۆمەڵێك لە خانەی لێکچوو کە لە فرمانێکدا هاوبەشن.(٣٧)

**شل بوونەوە Melting** : گۆڕانی دۆخی ماددەیە لە دۆخی ڕەقیەوە بۆ دۆخی شلی. (١٩٣)

**شەپۆلە بومەلەرزەکان Seismic waves** : شەپولی وزەن، بەزەویدا دەگوێزرێتەوە بە هەموو ئاراستەیەکدا دوور کەوتو لە بومە لەرزە. (١٤٢)

**شکان Fracture**: ئارەزووی هەندێك لە خاوەکانە بۆ کەرتبوونی نارێك (٨٩)

## ف

**فرمان Function** : توانای ئەنجامدانی چالاکیەکی ئاسایی یان تایبەت لە لایەن ئەندامێك یان هەر بەشێکی دیاری کراوە. (٣٩)

## ق

**قەبارە Volume** : بڕی پێوانی تەنێك یان بڕی بۆشایی سێ دووری کە تەنەکە داگیری دەکات. (١٦٤)

**قلّیش Fault** : شکانێکە لەکەڤر، دووپارچە کەڤرە دروستبوەکە بە درێژایی شکانە کە دەخزێن یەکێککیان بە گوێرەی ئەوی تر. (١٣١)

## ك

**کەرت بوون Cleavage** : شەقبوونی خاوەکان بەدرێژایی ڕووە لووس و تەختەکان. (٨٩)

**کەوڵ Mantle** : چینە کەڤرێکە لە نێوان توێکڵی زەوی و کرۆکی زەوی. (١٢١)

**کۆمەڵە زیندەییەکان Populaion**: کۆمەڵە زیندەوەرێك لە هەمان جۆر لە هەمان شوێنی جۆگرافیای دەژین. (٦٤)

**کۆئەندام Organ - System** : کۆمەڵێك ئەندام بەیەکەوە کاردەکەن بۆ ئەنجامدانی فرمانی لەش. (٣٨)

**کاربۆهیدرات Carbohydrates** : جۆرێکە لە ماددەی خۆراکی وزەبەخش کە ئەمانە دەگرێتەوە، شەکرەکان، نیشاستە، ڕیشاڵ کە کاربۆن ، هایدرۆجین، ئۆکسجینی تێدایە. (١٣)

**کرۆماتید Chromatid** : دوو وێنەی لە یەکچوون لەیەك کرۆمۆسۆم. (٥٣)

**کرۆمۆسۆم Chromosome** : یەکێکە لە ئەندامۆچکەکانی خانەی ناووك ڕاستەقینەکاندا پێکدێت لە ترشی DNA وپرۆتین لەناو ناووکدا بەلاّم لەناووك سەرەتایەکاندا ئەڵقەیەکە لە ترشی DNA . (٥٢)

**کرۆمۆسۆمە لێکچووەکان Homologous chromosome** : ئەو کرۆمۆسۆمانەن کە هەمان زنجیرەی بەندی بۆ هێڵ و پێکهاتەیان هەیە. (٥٣)

**کانزای ئەلکالی Alkali metal** : یەکێکن لە توخمەکانی کۆمەڵەی (١) لە خشتەی خولیدا (لیثیۆم، سۆدیۆم، پۆتاسیۆم، ڕۆبیدیۆم، سیزیۆم، فرەنسیۆم). (٢٣٧)

**کانزا گڵیە ئەلکالیەکان Alkaline earth metal** : یەکێکە لە توخمەکانی کۆمەڵەی (٢) لە خشتەی خولیدا (بریلیۆم، مەگنیسیۆم، کالیسیۆم، سترۆنتیۆم، باریۆم، ڕادیۆم). (٢٣٨)

**کرۆك Core**: بەشی چەقی زەوییە دەکەوێتە ژێر کەوڵەوە. (١٢١)

**کۆمەڵە Group** : ستونێکە لە توخمەکانی خشتەی خولی، هەموو توخمەکانی کۆمەڵەیەك ڕەوشتە کیمیاییەکانیان لێك دەچن. (٢٣٥)

**کانزا Metal** : توخمێکی بریقەدارە وگەیەنەرێکی باشە بۆ گەرمی وکارەبا. (٢٠٦)

**کێش Weight** : پێوەری هێزی کێش کردنی زەوییە بۆ تەنێك. وە برەکەی دەگۆڕێت بەگۆڕانی شوێنی تەنەکە لە گەردوندا. (١٦٧)

**کۆیلی لول پێچی Solenoid** : کۆیلێکە لە تەلێك تەزووی کارەبای پێیدا تێپەر دەبێت. (٢٨٤)

**کوڵاندن Boiling** : گۆڕانی شلە بۆ هەڵم کاتێك پەستانی هەڵمی شلە یەکسان بێت بۆ پەستانی کەش. (١٩٤)

**کارەبای جێگیر Static electricity** : بارگەیەکی کارەبایی جێگیرە، بەلێك خشان یان هاندان دروست دەبێت. (٢٥٤)

**کارۆموگناتیسی Electromagnetism** : کارلێکە لەنێوان کارەبا وموگناتیس. (٢٨٤)

## گ

**گۆشت خۆرەکان Carnivores** : زیندەوەرێك کە گیانەوەری تر بخوات (٦٧)

**گیاخۆرەکان Herbivores** : زیندەوەرێك کە تەنها ڕووەك بخوات. (٦٧)

**گەنین Fermentation** : تێکشکانی خۆراك بێ بەکارهێنانی ئۆکسجین. (٤٩)

**گەردیلە Atom** : بچووکترین بەشی توخمەکان کە هەموو سیفەتەکانی ئەو توخمەیان هەیە. (٢٢٤)

**گەندەخۆر Saprophytic** : ئەو گیانەوەرانەن کە لاشەی گیانەوەری مردوو دەخۆن. (٦٧)

**گواستنەوەی ناچالاك Passive transport** : جووڵەی ماددەکان بە پەردەی خانە بێ بەکارهێنانی وزە. (٤٦)

**گواستنەوەی چالاك Active transport** : جووڵەی ماددەکان بە پەردەی خانە بە بەکارهێنانی وزە. (٤٦)

**گەڕانەوەی جیری Elastic rebound** : گەڕانەوەکی خێرایە بۆ کەڤرێك تووشی تێکچوونی لاستێکی بووە. (١٣٩)

**گڕکان Volcano** : بۆشایی یان شەق بونێك لەڕووی زەوی کە گرتاووە گازەکان لێیەوە دەردەچن. (١٥٠)

**گۆڕانی دۆخ Change of State** : گۆڕانی ماددە لە شێوەیەکی فیزیایی بۆ شێوەیەکی تر. (١٩٢)

**گۆڕانی فیزیایی Physical Change** : گۆڕانی ماددەیە لە شێوەیەك بۆ شێوەیەکی تر بەبێ گۆڕانی ڕەوشتی کیمیایی. (١٧٣)

**گۆڕانی کیمیایی Chemical Change** : ئەو گۆڕانەیە بەسەر یەك یان دوو ماددە دێت کە دەگۆڕێت بۆ ماددەی نوێ ورەوشتی نوێ (١٧٧)

**گیراوە Solution** : تێکەڵاوێکە وەك یەك ماددە دەردەکەوێت، بەڵام لە وردیلەی دوو ماددە یان زیاتر پێك دێت بە شێوەیەکی چۆن یەك. (٢١٤)

**گەردیلە Atom** : بچوکترین یەکە یە لە توخم ویارێزگاری ڕەوشتەکانی خۆی دەکات. (٢٢٥)

**گەردیلە ژمارە Atomic Number** : ژمارەی پرۆتۆنەکانی ناووکی گەردیلەیە، بۆ توخمێك گەردیلە ژمارە بۆ هەموو گەردیلەکان یەکسانە. (٢٢٧)

**گازە دەگمەنەکان Noble Gas** : لە توخمەکانی کۆمەڵەی (١٨) لە خشتەی خولی (هیلیۆم، نیۆن، ئارگۆن، کریپتۆن، زینۆن، ڕادۆن) ئەم گازانە کارلێك ناکەن. (٢٤٢)

**گەیەنەری کارەبایی Electric conductor** : ماددەیەکە دەتوانێت بارگەی کارەبایی بە ئازادی بەناویدا بجووڵێ (٢٥٤)

## ل

**لایسۆسۆم Lysosome** : ئەندامۆچکەیە کە ئەنزایمی هەرسی تێدایە. (٣٤)

**لینجی Viscosity**: بەرگری شلەیە بۆ دەرپەڕین. (١٨٦)

## م

**مشەخۆری Parasitism** : پەیوەندی نێوان دوو جۆرەکە یەکێکیان سوود وەردەگرێت «مشەخۆر» ئەوی تریان زیانی پێ دەگات «خانە خوێ» «ژێرماڵە». (٧٧)

**مایتۆکۆندریا Mitochondria** : ئەندامۆچکەیەکی پەردەیی خانەناووك ڕاستەقینەکانە کە خانە هەناسەی تێدا ڕوودەدات. (٣٢)

**ماددە Matter** : هەرشتێك قەبارەو بارستایی هەبێت. (١٦٤)

**ماددەی خاوێن Pure substance** : ماددەیەکە لەیەك جۆر توخم یان ئاوێتە پێکهاتوە، ڕەوشتی کیمیایی وفیزیایی دیاری کراوی هەیە (٢٠٤).

**ملّ Colloid** : تێکەڵاوێکە تەنۆڵکەکان تیایدا دابەش بووە، بەڵام قورس نین تا رادەیەك وای لیّ بکات بنیشێت. (٢١٨)

**موگناتیس Magnet** : هەر ماددەیەك ئاسن کێش بکات وە ئەو ماددانەی ئاسنیان تێدایە (٢٧٦).

**موگناتیسی کارەبایی Electromagnet** : کۆیلێکە پێچ دراوە بە دەورکرۆکێکی ئاسنی گونجاودا، کاتێك تەزووی کارەبا بە ناویدا تێپەڕ دەبێت دەبێتە موگناتیس. (٢٨٤)

**مۆتۆری کارەبا Electric Motor** : ئامێرێکە وزەی کارەبا دەگۆڕێت بۆ وزەی میکانیکی (٢٨٦).

## ن

**نیشتن Deposition** : بریتییە لە کرداری جێگیربوونی ماددە. (٩٧)

**ناتوخمە زۆربوون Asexual reproduction** : ئەو زۆربوونەیە کە یەکگرتنی توخمە خانەکانی تێدا روونادات وتاکی پەیدابوو دەقاودەق لەیەکیّ لە باوان دەچێت. (٨)

**ناووکە ترش Nucleic acid**: ئەو گەردەیە کە لەچەند یەکەیەکی بچووك پێکدێت پێی دەڵێن نیوکلیوتاید. (١٥)

**ناوە پلازمە تۆڕ Endoplasmic reticulum** : سیستمێکی پەردەی ناو سایتۆپلازمی خانەیە بەشداری لە بەرهەم هێنانی پرۆتین وچاکردنەوەو گواستنەوەی دەکات هەروەها لە بەرهەم هێنانی چەوریدا. (٣١)

**نازیندە هۆکاری ژینگەیی Abiotic factors** : وەسفکردنی کەرتی نازیندەی ژینگەیە کە ئاو وکەڤر و رووناکی وپلەی گەرمی دەگرێتەوە. (٦٢)

**نێچیر Prey** : ئەو زیندەوەرەیە کە دەکوژرێت ودەخورێت لە لایەن زیندەوەرێکی تر درندەیە. (٧٤)

**ناووك Nucleus** : لە خانە ناووك راستەقینەکان ئەندامۆچکەیەکە بە پەردە دەوردراو ناووك ترشی DNA ی تێدایە ئەم فرمانە جێبەجیّ دەکات گەشەو زۆربوون وزیندە کردارەکان. (٢٤)

**ناکانزا Nonmetal** : توخمێکی لاوازە بۆ گەیاندنی کارەباو گەرمی (٢٢٢).

**نیمچە کانزا Metalloid** : توخمێکە هەندیّ رەوشتی کانزاو ناکانزایی هەیە. (٢٠٦)

**نووشتانەوە Folding** : نووشتانەوەی چینەکانی کەڤر بە هۆی ئەرکەوە. (١٣٠)

**ناووك Nucleus** : لە زانستە فیزیاییەکان چەقی ناووك پێکهاتوە لە پرۆتۆن ونیۆترۆن. (٢٢٥)

**نیوترۆن Neutron** : تەنۆچکەیەکە لەناو گەردیلە، هاوبارگەیە، لەناو ناووکدایە. (٢٢٥)

**نەگەیەنەری کارەبایی Electrical insulator** : ماددەیەکە بارگەکان تیایدا بە ئاسانی ناجولێت. (٢٥٤)

**ناتوێژاڵی Nonfoliated** : پێکهاتەیەکی تنراویی کەڤرە گۆڕاوە کە دەنکۆڵە خاوەکانی بە نارێکی ریزدەبن لەسەر رووەکان یان لەسەر شریتێك. (١١٢)

## هـ

**هەمەچەشنە خۆر Omnivores** : ئەو زیندەوەرانەن کە رووەك وگیانەوەرانی تر دەخۆن. (٦٧)

**هاوسەنگی ناوەوە Homeostasis** : پارێزگاری کردنە لە جێگیری باری ناوەوەی زیندەوەر لە ژینگەیەکی گۆڕاودا. (٧)

**هاوژیانی Commensalism** : پەیوەندی نێوان دوو زیندەوەر یەکێکیان سوود وەردەگرێت بەڵام کار لەوی تریان ناکات. (٧٦)

**هاوگوزەرانی Symbiosis** : پەیوەندییە کە تێیدا دوو زیندەوەر بەیەکەوە دەژین بیّ ئەوەی لێك جیاببنەوە. (٧٦)

**هەرەمی وزە Energy pyramid** : شێوەیەکی سیّ گۆشەییە کە تێیدا ونبوونی وزە لە سیستمێکی ژینگەییدا لە ئەنجامی تێپەڕبوونی وزە بە زنجیرەی خۆراکدا روون دەکاتەوە. (٦٩)

**هاندانی کارۆموگناتیسی Electromagnetic induction** : کردارێکە بە هۆیەوە تەزووی کارەبا دروست دەبێت بە گۆڕانی بواری موگناتیسی. (٢٨٩)

**هێزی موگناتیسی Magnetic force** : هێزی پاڵنان یان هێزی کێش کردنی دوو موگناتیسی بۆ بارگەی کارەبای جولاو دروست دەبێت. (٢٧٧)

**هێزی کارەبا Electric force** : ئەو هێزە دروست بوە لە نێوان تەنە بارگاویەکاندا. (٢٥١)

**هەڵواسراو Suspension** : تێکەڵاوێکە پێکهاتوە لە تەنۆلکەی ماددە دابەش بوە بە شێوەیەکی نارێك لە شلە یان گاز. (٢١٨)

**هالۆجین Halogen** : لە توخمەکانی کۆمەڵەی (١٧) لە خشتەی خولیدا (فلۆر، کلۆر، برۆم، یۆد، ئەستانسین، هالۆجینەکان یەك دەگرن لەگەڵ زۆربەی کانزاکان خویّ پێك دێت. (٢٤١)

**هاوتا Isotope** : گەردیلەیەك هەمان ژمارە پرۆتۆنی هەیە (هەمان گەردیلە ژمارە) وەك گەردیلەکانی تری توخم بەلام لە ژمارەی نیۆترۆن جیاوازە (بارستە گەردیلەی جیاواز). (٢٢٧)

## و

**وریاکەرەوە Stimulus**: هەر شتێکە ببێتەهۆی کاردانەوەی یان گۆڕان لە زیندەوەر یان بەشێك لە زیندەوەرەکە (٧).

## ی

**یاسای بۆیل Boyle's law** : قەبارەی بڕێکی گاز پێچەوانە هاوڕێژە دەبێت لەگەڵ پەستانی گاز بە جێگیری پلەی گەرمی. (١٩٠)

**یاسای شارڵ Charle's law**: قەبارەی بڕێکی گاز زیاددەکات بەزیادبوونی پلەی گەرمی گازەکە بە جێگیری پەستانەکەی. (١٩٠)

**یاسای خولی Periodic law** : ڕەوشتە کیمیایی وفیزیاییەکانی توخم بەپێی خولی دەگۆڕێت و بەپێی گەردیلە ژمارەی توخمەکان. (٢٤٧)

**یەکەی بارستایی گەردیلەیەAtomic mass unit** : یەکەیەکی بارستاییە بەکاردەهێنرێت بۆ باس کردنی بارستایی گەردیلە یان هەر بەشێکی تری. (٢٢٥)

**یاسای بارگەی کارەبا Law of electric charges** : دەڵێت (هەموو بارگە لێك چووەکان لەیەکتر دوور دەکەونەوە و هەوو بارگە جیاوازەکانیش یەکتر کێش دەکەن). (٢٥٠)

# زاراوەكان

## ئـ

**ئەشەن Lichen** تۆیەڵێكە لە كەڕوو خانەو قەوزە خانە كە پێكەوە گەشە دەكەن لە پەیوەندیەكی هاوگوزەرانی دا، بە زۆری لەسەر بەردودرختدا دەژین. (٣٨)

**ئەلیكترۆنەكانی هاوهێزی Valence electron** ئەو ئەلیكترۆنانەن كە دەكەونە چینی دەرەوەی گەردیلە وە دەبنە هۆی دیاریكردنی تایبەتیە كیمیاییەكانی گەردیلە. (٢٥٩)

**ئەنیمۆ میتەر Anemometer** ئامێرێكە بەكار دەهێنرێت بۆ پێوانەكردنی خێرایی با. (٢٠٤)

**ئەیۆن Ion** تەنۆچكەیەكی بارگاویە پێك دێت لەو كاتەی كە گەردیلەیەك یان كۆمەڵە گەردیلەیەك ئەلیكترۆنێك یان زیاتر ون دەكەن یان وەردەگرن. (٢٦٢)

**ئەوپەڕی خێرایی Terminal velocity** خێرایی نەگۆڕی تەنێكی كەوتووە لەو كاتەی هێزی بەرگری هەوا یەكسان دەبێت بە هێزی كێشكردن لە برداو پێچەوانەیەتی لە ئاڕاستەدا. (٢٤٠)

## ب

**بارۆ میتەر Barometer** ئامێرێكە بەكاردەهێنرێ بۆ پێوانەكردنی پەستانی هەوا. (٢٠٤)

**بەكتریای نەخۆشی Pathogenic bactreia** ئەو بەكتریایە كە دەبێتە هۆی نەخۆشی. (١٤)

**بەیەك گەیاندن Communication** گواستنەوەی هێمایەكە یان نامەیەكە لە گیانەوەرێكەوە بۆ گیانەوەرێكی دیكەو دەبێتە هۆی پەیدابوونی جۆرێك لە وەڵامدانەوە. (٧٢)

**بەندی ئایۆنی Ionic bond** بەندێكە پێكدێت لەوكاتەی ئەلیكترۆنەكان لە گەردیلەیەكەوە دەگوازرێنەوە بۆ گەردیلەیەكی دیكە، لە ئەنجام دا ئەیۆنێكی موجەب یان سالب پێكدێت. (٢٦٢)

**بەندی هاوبەش «هاوبەشە بەند» Covalent bond** بەندێكە پێكدێت لەوكاتەی گەردەكان پێكەوە هاوبەش دەبن لە جوتێك یان چەند جووتێك لە ئەلیكترۆنەكان. (٢٦٦)

**بەندی كانزایی Metalic bond** بەندێكە پێكدێت لە ئەنجامی یەكتر كێشكردنی نێوان ئەیۆنە كانزاییە بارگە موجەبەكان و ئەلیكترۆنەكانی دەوریان. (٢٦٩)

**بەندی كیمیایی Chemical bond** یەكتر كێشكردنێكە وا دەكات گەردیلەكان یان ئەیۆنەكان پێكەوە ببەسترێن، بۆ دروستكردنی گەرد یان ئاوێتەی ئایۆنی.

**بـــا Wind** جووڵەی هەوایە كە پەیدا دەبێت لە ئەنجامی جیاوازی لە پەستانی هەوادا. (١٧٢)

**بای بازرگانی Trade winds** ئەو بایە باوەیە كە هەڵدەكات لە باكووری ڕۆژهەڵات لە نێوان هێڵی پانی ٣٠° باكور هێڵی كەمەرەیی، هەروەها هەڵدەكات لە باشووری ڕۆژهەڵات لە نێوان هێڵی پانی ٣٠° باشووری هێڵی كەمەرەیی. (١٧٤)

**بای ڕۆژهەلاتی جەمسەری Polar easterlies** ئەو بایە باوەیە كە لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا هەڵدەكات لە نێوان هەردوو هێڵی پانی ٦٠° و ٩٠° لە هەردوو نیوە گوی زەوی. (١٧٤)

**بای ڕۆژاوایی «پێچەوانە» Wester lies** ئەو بایە باوەیە كە لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات هەڵدەكات لە نێوان هەردوو هێڵی ٣٠° و ٦٠° لە هەردوو نیوە گۆی زەوی. (١٧٤)

**بەرگە هەوا Atmosphere** تێكەڵێكە لە گازەكان كە دەوری هەسارەیەكی وەك زەوی دەدات. (١٦٢)

**بڕبڕەدارەكان Vertebrates** ئەو گیانەوەرانەن كە بڕبڕەی پشتییان هەیە. (٨٠)

**بارنە گۆڕین Inertia** ویستی تەنێكی وەستاوە بۆ بەرگری كردن لە باری جووڵەكەی، یان ویستی تەنێكی جوولاوە بۆ بەرگری كردن لە گۆڕانی بڕی خێراییەكەی یان ئاڕاستەكەی. (٢٤٦)

**بارستایی Mass** پێوانی بڕی ئەو ماددەیەیە كە لە تەنێك دایە. (٢٣٢)

**بارستەی هەوایی Air mass** بارستەیەكی گەورەی هەوایە كە پلەی گەرمیەكەی وبڕی شێ یەكەی كە تێیدایە لە هەموو بەشەكانی دا چەسپاوە و نەگۆڕە.

**بەدواداهاتنی چینەكان Super position** گریمانەیەكە دەڵێت كەڤرە نوێیەكان دەكەونە سەرەوەی كەڤرە كۆنەكان بە مەرجێك هیچ شێواندنێك لەریزبەندە بنەڕەتیەكەدا ڕووی نەدابێت. (١٣٤)

**بروسكە Light ning** خاڵی بوونەوەیەكی كارەباییە ڕوودەدات لە نێوان دوو ڕووی بارگاوی كراو بەدوو بارگەی جیاوان، لەوانەیە ڕوویدات لە نێوان هەورو زەویدا، یان لە نێوان دوو هەوردا، یان لە نێوان دوو بەشی هەمان هەوردا. (١٩٧)

**بواری زیندەیی Territory** پانتاییەكە یان بۆشاییەكە یان بوارێكە گیانەوەرێك یان كۆمەڵە گیانەوەرێك داگیری دەكات و ڕێگە بەتاكەكانی دیكەی ئەو جۆرە نادات بێنە ناوی. (٦٧)

**بەبەردبوو Fossil** جێ شوێنی یان پاشماوەی زیندەوەرێکە ماوەیەکی یەکجار زۆری بەسەردا ڕۆیشتووە، بەزۆری لە ناو چینە کەڤرەکانی نیشتوەکاندا پارێزراوە. (١٤٤)

**بەبەردبووی جێ شوێن Trace Fossil** هێمایەکی بەبەردبووە کە لەسەر نیشتوە تەڕو نەرمەکاندا پەیدا دەبێت بە هۆی جووڵەی گیانەوەرەوە. (١٤٦)

**بەرەنجامی هێز Net force** کۆی ئاراستەیی هەموو ئەو هێزانەیە کە خراونەتە سەر تەنێك. (٢١٩)

**بەکارهێن Consumer** زیندەوەرێکە زیندەوەری تر دەخوات، یان ماددەی ئەندامی دەخوات. (٦٥)

**بەرهەم Product** ئەو ماددەیە کە پەیدا دەبێت لە ئەنجامی کارلێکی کیمیایی. (٢٨٢)

## پ

**پالیونتۆلۆجی Paleontology** خوێندنی زانستیانەی بەبەردبووەکان واتە بەبەردبووزانی. (١٣٢)

**پیس بوونی هەوا Air pollution** پیس بوونی بەرگە هەوای زەویە بە هۆی چوونە ناوی ماددە پیسکەرەکان لە ئەنجامی چالاکی مرۆڤ وگۆڕانەکانی سروشت. (١٧٨)

**پەستانی هەوا Air pressure** پێوەری ئەو هێزی پەستانەیە کە گەردەکانی هەوا دەیخاتە سەر یەکەی ڕووبەر. (١٦٣)

**پێوەری کاتی جیۆلۆجی Geoogic time scale** ئەو ڕێگە بەکارهێنراوە باوەیە کە بە هۆیەوە مێژووی سروشتی دوورو درێژی زەوی دابەش دەکرێت بۆ چەند بەشێکی متمانە پێکراو. (١٥٢)

**پەنگ خواردنەوەی گەرمی Green House Effect** بریتیە لە گەرم بوونی ڕووی زەوی وگەرم بوونی چینەکانی خوارەوەی بەرگە هەوا چونکە هەڵمی ئاوی ناو هەواو گازی دوانۆکسیدی کاربۆن وگازەکانی دیکە، وزەی گەرمی وەردەگرن و دەیدەنەوە. (١٧٠)

## ت

**تیشك دانەوە Radiation** گواستنەوەی وزەیە بە شێوەی شەپۆلی کارۆموگناتیسی. (١٦٩)

**ترۆپۆسفیر TropoSphere** چینی خوارەوەی بەرگە هەوایە کە تیایدا پلەی گەرمی بەتێکڕاییەکی جێگیر دادەبەزێت هەرچەندە بەرزبوونەوە زیادبکات. (١٦٤)

**تەوژمی هەوای تیژڕەو Jet Streams** پشتێنەیەکی بەرتەسکە لە بای بەهێز کە لە سەرەوەی ترۆپۆسفیر هەڵدەکات. (١٧٦)

**تیرمۆسفیر Thermo Sphere** چینی سەرەوەی بەرگە هەوایە، پلەی گەرمیەکەی بەرز دەبێتەوە بەزیادبوونی بەرزایی. (١٦٦).

**تیرمۆمیتەر Thermo meter** ئامێرێکە بەکاردێت بۆ پێوانەی پلەی گەرمی.. (٢٠٣)

**تۆڕی بەللوری Crystal Lattice** شێوازێکی ڕێکە بۆ ڕیزبوونی تەنۆچکەکان لە تەنێکی کریستالی دا. (٢٦٥)

**تەمەنی ڕێژەیی Relative Dating** ڕیزبەندی ڕووداوەکانە بەپێی ڕوودانی یەکێکیان بە گوێرەی ئەوی دیکەیان، بێ ئەوەی دەست نیشانی بکەین کەی ڕوویداوە، یان بێ ئەوەی بزانین چەند کات بەسەر ڕوودانی دا تێپەڕیووە. (١٣٤)

**تەمەنی ڕەها Absolute Dating** ماوەیەکی کاتیە دەپێورێت بە گوێرەی کاتی ئێستا. (١٤٠)

**ترشە باران Acid Preciptation** بارانە یان بەفرە یان تەرزەیە کە ڕێژەیەکی زۆر ترشی تێدایە. (١٨١)

**توورەکەی گاز Swim Bladder** توورەکەیەکی پڕ لە گازە بەکاردەهێنرێت بۆ دەست بەسەر داگرتنی سەر ئاوکەوتن، هەروەها بە میزڵدانی گازیش ناسراوە. (٨٦)

**تەنیشتە هێڵ Lateral Line** هێڵێکی لاوازی بینراوە لەهەردوو تەنیشتی ماسیدا وبە درێژایی لەشی ماسیەکە، شوێنی ئەندامە هەستیەکانە بۆ هەستکردن بە لەرینەوەکانی ئاو. (٨٣)

## ج

**جوانکردن Preening** کاتێك باڵندە پەڕەکانی خۆی شانە دەکات وچەوریان دەکات ودەیانپارێزێت. (١٠٢)

**جێ ماوە بەبەردبوو Index Fossil** هەڵکەنراوەیەکە دەبینرێت لە چینەکانی تەنها کەڤرەکانی یەك کاتی جیۆلۆجی، بەکاردەهێنرێت بۆ دۆزینەوەی تەمەنی چینە کەڤرەکان. (١٤٨)

## چ

**چڕبوونەوە «خەست بوونەوە» Condensation** گۆڕانی دۆخ لە گازیەوە بۆ شلی. (١٩١)

**چارەسەری زیندەیی Bio Remediation** چارەسەرکردنی پاشماوەی زبڵداتە زیانبەخشەکان بە هۆی زیندەوەران. (١٣)

**چەرخ Eon** درێژترین برگەکانی جیۆلۆجییە. (١٥٣)

**چێوەپەڕ Contour Feathers** ئەو پەڕەیە کە دەرەوەی لەشی باڵندە دادەپۆشێ وبەشدار دەبێت لە پێکهاتنی شێوەی باڵندەدا. (١٠٣)

## خ

**خانە هەناسە Cellular Respiration** ئەو کردارەیە کە بە هۆیەوە خانەکان ئۆکسجین بەکاردەهێنن بۆ دەرهەڕاندنی وزەی ناو خۆراك. (٤٥)

**خانە خوێ «ژێرماڵە» Host** زیندەوەرێکە لە لایەن مشەخۆرێکەوە خۆراکی لێ وەردەگیرێت یان دەکرێتە شوێنی حەوانەوەی مشە خۆرەکە. (١٦)، (٢٥)

**خاڵی شەونم Dew Point** ئەو پلە گەرمیەیە کە تیایدا هەوا تێردەبێت لە هەڵمی ئاو و دەست بە چڕ بوونەوە دەکات. (١٩١)

**خێرایی Velocty** گوری تەنێکە بە ئاڕاستەیەکی دیاری کراو. (٢١٥)

**خۆنەژێن Hetero Troph** ئەو زیندەوەرانەن ناتوانن ئاوێتەی ئەندامی لە ماددەی نا ئەندامی دروست بکەن، بەڵکو خۆراکیان دەست دەکەوێت لە ڕێگەی خواردنی زیندەوەرانی تر، یان خواردنی بەرهەمە لاوەکیەکانیان. (٢٥)

## د

**دووکەرت بوون Binary Fission** جۆرێکی ناتوخمە زۆربوونە لە زیندەوەرە تاك خانەکاندا ڕوودەدات، بە هۆیەوە خانەیەك دابەش دەبێت بۆ دوو خانە. (٨)

**دەمیلە Stoma** کونێکی بچووکە لەو کونە زۆرانەی کە دەکەونە گەڵاو قەدی ڕووەك کە بە هۆیەوە کرداری گاز گۆڕکێ ڕوودەدات. (٤٦)

**درێژی شەپۆل Wave Length** دووری نێوان دوو خاڵی هاوشێوەیە لە دوو شەپۆلی یەك لە دوای یەك دا. (٣٠٥)

**دژە زیندەگی Antibiotic** دەرمانێکە بەکاردێت بۆ لەناوبردنی بەکتریا و زیندەوەرە مایکرۆسکۆپیەکانی دیکە. (١٤)

**دابارین Precipitation** هەر شێوەیەك لە شێوەکانی ئاو کە لە هەورەکانەوە دەکەوێتە خوارەوە بۆ سەر زەوی. (١٩٤)

**دووپات بوونەوەی ڕۆژانە Circadian Rhythum** سورێکی زیندەگی ڕۆژانەیە. (٧٠)

## ڕ

**ڕیشوو Gill** ئەندامێکی هەناسەیە کە تیایدا ئاڵ وگۆڕی ئۆکسجینی هەوا بە دوانۆکسیدی کاربۆنی ناو خوێن دەکرێت. (٨٣)

**ڕووتێکردن Tropism** گەشەی زیندەوەرێك یان بەشێکی زیندەوەر وەك وەڵام دانەوەیەك بۆ هاندەرێکی دەرەکی وەك ڕووناکی. (٥٢)

**ڕۆشنە پێکهاتن Photo synthesis** ئەو کردارەیە کە بە هۆیەوە ڕووەکەکان و قەوزەکان و هەندێك لە بەکتریاکان تیشکی خۆر و دوانۆکسیدی کاربۆن وئاو بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی خۆراکە ماددە. (٤٤)

**ڕەفتاری کۆمەڵایەتی Social Behavior** کارلێك کردن لە نێوان ئەو گیانەوەرانەی سەر بەهەمان جۆرن. (٧٢)

**ڕەفتاری سکماکی Innate Behavior** ڕەفتارێکی بۆ ماوەییە پشت بە ژینگەو ئەزمون نابەستێت. (٦٦)

**ڕەفتاری فێربوون Learning Behavior** ڕەفتارێکە بە هۆی ئەزموون وکارپێکردن فێری دەبێت. (٦٦)

## ز

**زیندەوەرە خوێن ساردەکان Ectotherms** ئەو گیانەوەرانەن کە پێویستیان بە سەرچاوەی گەرمی هەیە لە دەرەوەی لەشیان. (٨٢)

**زیندەوەرە خوێن گەرمەکان Endotherms** ئەو گیانەوەرانەن کە لە ئەنجامی کارلێکە کیمیاییەکانی لەشیان گەرمی بەرهەم دەهێنن و ئەو گەرمیەش بەکاردەهێنن بۆ چەسپاندنی پلەی گەرمی لەشیان. (٨٢)

**زیندەوەری ناووك سەرەتایی Prokaryote** زیندەوەرێکە لەیەك خانە پێکهاتووە، ناوکی ڕاستەقینەی نیە چونکە بە پەردەی ناوك دەورە نەدراوە. (٧)

**زیندەوەری پێشەنگ Protist** زیندەوەرێکە سەر بە جیهانی پێشەنگیەکانە. (٢٤)

## س

**سەرمێکوتە Tadpole** بۆقێکی تەواو پێنە گەیشتووە لەناو ئاودا دەژی، بەهۆی ڕیشوو هەناسە دەدات. (٨٩)

**سەردەم Epoch** بەشێکە لەیەکەی ماوەی جیۆلۆجی (١٥٣)

**سپۆر Spore** زۆربوونە خانەی بچووکن بەبێ کرداری پیتین گەشە دەکەن وتاکی نوێ دروست دەکەن، بەرگی پارێزەری ڕەقیان هەیەو بەرگەی باری ناهەمواری دەورو بەر دەگرن. (٣٥)

**سپۆری ناوەکی Endo Spore** سپۆرێکە دەورە دراوە بە دیوارێکی پارێزەری ئەستوورو بەرگەی باری ناهەمواری دەوروبەر دەگرێت، پێك دێت لەناوخانەی بەکتریا. (٩)

**سەردەم Era** یەکەیەکە لە یەکەکانی جیۆلۆجی کە بریتیە لە دوو سووڕی جیۆلۆجی یان زیاتر. (١٥٣)

**سوڕی شیبوونەوە Lytic Cycle** ڕێگەیەکی زۆر بوونی ڤایرۆسەکانە، بەجۆرێك کە ڤایرۆسەکە خوێ دەنووسێنێ بە خانە خوێیەکەیەوە و بۆماوە ماددەکەی تێدەکات و دەیکاتە کارگەیەك بۆ دروستکردنی ڤایرۆسەکان. (١٨)

**سووڕی تێکەڵکردن Lysogenic Cycle** هەندێك ڤایرۆس ڕاستەوخۆ بە سوڕی شیبوونەوەدا ناڕۆن بەڵکو هەر خانەیەك لە خانە پارچە بووەکانی خانەخوێییەکە پەرلەیەکی بۆ هێلەکانی ڤایرۆسەکەی دەست دەکەوێت چونکە ڤایرۆسەکە بۆماوە ماددەکەی خۆی تێکردووە. (١٨)

**سییەکان Lung** ئەندامێکی هەناسەدانە کە تیایدا ئاڵ وگۆڕی گازی ئۆکسجین دەکرێ لەگەڵ ئەو دوانۆکسیدی کاربۆنەی کە لە خوێنەوە هاتووە. (٨٨)

**سڕبوون Dormancy** بریتیە لەو بارەی کە تۆوی ڕووەك یان بەشێکی ڕووەك ناچالاك دەبێت و گەشە ناکات چونکە بارودۆخ گونجاونیە. (٥٠)

**سڕبوونی زستانە Hibernation** ماوەیەکی تەمبەڵی وکەم چالاکی وخەواڵوویی هەندێك لە گیانەوەرانە لە وەرزی زستاندا کە پلەی گەرمی لەشیان دادەبەزێت وەك خۆپاراستنێك لە سەرما و نەبوونی خۆراك. (٧٠)

**سڕبوونی هاوینە Estivation** ماوەیەکی تەمبەڵی وکەم چالاکی و خەواڵوویی هەندێك لە گیانەوەرانە لە وەرزی هاوین کە پلەی گەرمی لەشیان دادەبەزێت وەك خۆپاراستنێك لە گەرماو نەبوونی خۆراك و نەبوونی ئاو. (٧٠)

**ستراتۆسفیر StratoSphere** چینێکی بەرگە هەوایە کە دەکەوێتە سەرەوەی ترۆپۆسفیر، پلەی گەرمیەکەی بەرز دەبێتەوە بە زیادبوونی بەرزایی. (١٦٥)

**ستوونی جیۆلۆجی Geologic Column** ڕیزبوونی چینەکانی کەڤرە بەجۆرێك چینە کۆنەکان لە خوارەوەن. (١٣٥)

## ش

**شیردەری هێلکەکەر Monotreme** ئەو شیردەرەیە کە هێلکە دەکات. (١٢٠)

**شیردەری توورەکەدار Marsupial** شیردەرێکە بەچکەکەی لەناو توورەکەیەکی دەرەوەی دا خۆراك دەدات ودەیپارێزێت. (١٢١)

**شیردەرەی ویلاشدار Placental Mammal** ئەو گیانەوەرە شیردەرەیە کە مێیەکانیان لە ڕێگەی ویلاشەوە خۆراك دەدەن بەو بەچکانەی لەناو ڕەحمی دان. (١١٣)

**شێ Humidity** بڕی هەڵمی ئاوە لە هەوادا. (١٨٩)

**شێ ڕێژە Relative Humidity** ڕێژەی نێوان بڕی هەڵمی ئاو لە هەوادا بۆ گەورەترین بڕی ئەو هەڵمە ئاوەی کە هەوا دەتوانێت هەڵیبگرێت لە پلەیەکی گەرمی دیاری کراودا. (١٨٩)

**شێوگی کیمیایی Chemical Formula** ڕێگەیەکی کورتکراوەیە بۆ بەکارهێنانی هێما کیمیاییەکان و ژمارەکان بۆ نواندنی ماددەیەك. (٢٨٠)

**شیر ڕژێن Mammary Gland** ئەو ڕژێنەیە کە لەمێیەکانی شیردەکاندا شیر دەردەدات. (١١٠)

**شەپۆل Wave** شێواندنێکە ڕوو دەدات لە ناوەندێکی ڕەق یان شل یان گاز کە لەگەڵ خۆیدا وزە بەناو ناوەندەکەدا دەگوێزێتەوە. (٢٩٨)

**شەپۆلە درێژڕەوەکان Longitudinal Wave** ئەو شەپۆلانەن کە تیایاندا لەرینەوەی تەنۆلکەکانی ناوەندەکە تەریب دەبێت لەگەڵ ئاڕاستەی جوولەی شەپۆلەکاندا. (٣٠٢)

**شەپۆلە پانڕەوەکان Transverse Waves** ئەو شەپۆلانەن کە تیایاندا لەرینەوەی تەنۆلکەکانی ناوەندەکە ئەستوون دەبێت لەسەر ئاڕاستەی جوولەی شەپۆلەکان. (٣٠١)

**شیبوونەوەی تیشکاوەری Radio active decay** ئەو کردارەیە کە تیایدا هاوتایەکی تیشکاوەری ناجیگیر شی دەبێتەوە بۆ هاوتایەکی جێگیری هەمان توخم یان توخمێکی دیکە. (١٤٠)

## ف

**فیرۆمۆن Pheromone** ماددەیەکە لەشی زیندەوەر دەری دەدات و تاکێکی دیکەی هەمان جۆری زیندەوەر وەڵامی دەداتەوە. (٧٣)

**فراوانی Amplitude** گەورەترین لادانی تەنۆلکەیەکی لەراوەیە لە شوێنی سرەوتنەکەیەوە. (٣٠٤)

## ڤ

**ڤایرۆس Virus** وردبینە تەنۆچکەیەکە دەچێتە ناوخانەو بە زۆریش خانەکە تێك دەدات. (٧٣)

## ق

**قەوزە Algae** زیندەوەری ناوك ڕاستەقینەن، توانای کرداری ڕۆشنە پێکهاتنیان هەیە، بەلام قەدیان نییە، ڕەگیان نیە، بێ گەلان. (٢٨)

**قاڵب Mold** بۆشاییەکە لە ڕووی نیشتوویەك کە سەدەفێك یان هەر تەنێکی دیکە جێی هێشتووە. (٢٨٢)

## ك

**کڕکەوتن لەسەر هێلکە Brooding** نیشتنی باڵندەیەکە لەسەر هێلکەکانی بۆ ئەوەی بەردەوام بەگەرمی بمێننەوە تا کاتی ترۆکاندنی. (١٠٦)

**کاریگەری کۆریۆلیس Coriolis Effect** ڕێڕەوی تەنێکی جوڵاو لە هێڵی ڕاست لا دەدات بە شێوەیەکی ئاشکرا بەهۆی سوڕانەوەی زەویەوە. (١٧٤)

**کارلێکی یەکگرتن Synthesis Reaction** کارلێکێکە کە بە هۆیەوە دوو ماددە یان زیاتر یەك دەگرن بۆ دروستکردنی ماددەیەکی نوێ. (٢٨٦)

**کێشکردن Gravity** هێزی یەکترکێشکردنی نێوان تەنەکانە، لە ئەنجامی بارستەکانیان پەیدادەبێت. (٢٢٨)

**کەوتنە خوارەوەی سەربەست Free Fall** جووڵەی تەنێکە لە ژێر کاریگەری هێزی ڕاکێشانی زەویدا. (٢٤١)

**کەش Weather** بارودۆخی بەرگە هەوا بۆ ماوەیەکی کورت لە ڕووی پلەی گەرمی وشێ وتەم و دابارین وباو ڕادەی بینین. (١٨٨)

**کەڕوو Fungi** زیندەوەری ئاوکدارن ودیواری خانەی ڕەقیان هەیە، کلۆرۆفیلیان تێدانیە، توانای کرداری ڕۆشنە پێکهاتنیان نیە، سەربە جیهانی کەڕووەکانن. (٣٤)

**کارەسات Catastrophism** گریمانەیەکە دەڵێت گۆڕانە جیۆلۆجیەکان لەناکاو ڕوودەدەن. (١٣١)

**کلۆرۆفیل Chlorophyll** بۆیەیەکی سەوزە تیشکی خۆر دەمژێت بۆ کرداری ڕۆشنە پێکهاتن. (٤٤)

**کارلێککردوو Reactant** ماددەیەکە یان گەردێکە بەشداردەبێت لە کارلێکی کیمیایی دا. (٢٨٢)

**کێش Weight** پێوەری هێزی کێشکردنی زەویە کە دەکەوێتە سەر تەنێك، لەوانەیە بڕی کێشی تەنێك بگۆڕێت بەپێی شوێنی تەنەکە لە گەردووندا. (٢٣٢)

**کۆرپەلە Embryo** ڕووەکێکە یان گیانەوەرێکە لە قۆناغە زووەکانی گۆڕان و پەرەسەندندا. (٦٤)

**کارلێکی تاکە گۆڕینەوە Single Displacement Reaction** کارلێکێکە توخمێکی دیاری کراوی تێدا بە توخمێکی تری ئاوێتەیەك دەگۆڕێتەوە. (٢٨٧)

**کارلێکی جووت گۆڕینەوە Double Displacement** کارلێکێکە گاز یان نیشتووی ڕەق یان ئاوێتەیەکی گەردی تێدا پەیدا دەبێت لەئەنجامی گۆڕینەوەی دوو ئایۆن لە نێوان دوو ئاوێتەدا. (٢٨٩)

**کارلێکی شیبوونەوە Decomposition reaction** کارلێکێکە کە ئاوێتەیەکی تێدا شی دەبێتەوە بۆ پێکهێنانی دوو ماددە یان زیاتری سادەتر لە پێکهاتندا. (٢٨٧)

**کارلێکی گەرمی دەر Exothermic reaction** کارلێکێکە بە ئاڕاستەی دەوروبەری گەرمی دەداتەوە.

**کارلێکی کیمیایی Chemical Reaction** ئەو کردارەیە ماددەیەك یان زیاتری تێدا دەگۆڕێت بۆ بەرهەم هێنانی ماددەیەك یان چەند ماددەیەکی نوێی جیاواز. (٢٧٦)

**کارلێکی گەرمی مژ Endothermic reaction** کارلێکێکی کیمیاییە گەرمی پێویستە. (٢٩٠)

## گ

**گەندە کەڕوو Mold** کەڕوویەکە وەکو خوری یان پەمو دەردەکەوێ. (٣٦)

**گەرم بوونی جیهانی Global Worming** زیادبوونی پلە پلەی تێکڕای پلەی گەرمی جیهانە. (١٧١)

**گەردەلوولی گێژەلووکە Tornado** ستوونێکی هەوایی خولاوەی تێکدەرە، ڕەشەبایەکی زۆرتوندی لەگەڵدایە، وەك هەورێکی ڕەحەتی دەردەکەوێ وبەرزەوی دەکەوێت. (١٩٨)

**گەردەلوولی خولگەیی Huricane** گەردەلوولێکی توندو بە هێز و وێرانکەرە، لەسەر ڕووی زەریاکانی ناوچە خولگەییەکان پەیدادەبێت وخێرایی ڕەشەبایەکەی دەگاتە 120 Km/h ڕێڕەوێکی لوول پێچی هەیە بە ئاڕاستەی چەقی گەردە لوولەکە، چونکە چەقی گەردە لوولەکە پەستانێکی زۆر نزمی هەیە. (١٩٨)

**گەرمی گەیاندن Thermal Condution** گواستنەوەی وزە بەشێوەی گەرمی بەناو ماددەیەك دا. (١٦٩)

**گەرد Molecule** بچووکترین یەکەی ماددەیە کە هەموو تایبەتیە فیزیایی وکیمیاییەکانی ماددەکەی تێدایە. (٢٦٧)

**گەندەپەڕ Down Feathers** پەڕێکی نەرمە لەشی جووچکەکان دادەپۆشێت، بەڵام لە باڵندە تەواو پێگەیشتووەکاندا وەك چینێکی نەگەیەنەرە. (١٠٣)

**گوڕ Speed** ئەنجامی دابەش کردنی دووری براوە لەو ماوەکاتیەی کە تیایدا تەنێك دەجووڵێت. (٢١٣)

**گوڕی شەپۆل Wavespeed** ئەو دووریەیە کە شەپۆلێك دەیبڕێت لە یەکەیەکی کاتدا. (٣٠٧)

## ل

**لەرەلەر Frequency** ژمارەی ئەو شەپۆلانەیە کە پەیدا دەبێت لە یەکەیەکی کات دا. (٣٠٧)

**لەناوچوون Extniction** مردن ولەناوچوون وتەفروتونابوونی گشت تاکەکانی جۆرێك لە جۆرەکانە. (١٥٣)

## م

**ماوە Period** یەکەیەکە لە یەکەکانی وەختی جیۆلۆجی کە تیایدا چاخ دابەش دەکرێت بۆ چوار چێوەی کاتی بچووکتر. (١٥٣)

**مشەخۆر Parasite** زیندەوەرێکە لەسەر لەشی خانە خوێ یەکدا دەژی، واتە زیان بە خانە خوێیەکە دەگەیەنێت وخودی مشەخۆرەکە سوود وەردەگرێت. (٢٥)

**مایسیلیۆم Mycelium** کۆمەڵێك دەزوولەی کەڕوویینە بە شێوەی بارستایەکی لوول خواردوو. (٣٥)

**ماوەی سکپڕی Gestation Period** ماوەی نێوان پیتێن وزایینە لە شیردەرەکاندا. (١١٣)

**میزۆسفیر MesoSphere** چینێکی بەرگە هەوایە دەکەوێتە نێوان ستراتۆسفیر و تیرمۆسفیر کە تیایدا پلەی گەرمی دادەبەزێت لەگەڵ زیادبوونی بەرزاییدا. (١٦٥)

**مێژووی تیشکاوەری ڕادیۆمەتری Radiometric Datring** ڕێگەیەکە بۆ دیاریکردنی تەمەنی شتێك لە ڕێگەی خەملاندنی ڕێژەی سەدی ڕێژەیی ماددەکانی هاوتای تیشکاوەری بەرهەم هێن بۆ ماددەکانی بەرهەم هاتووی جێگیر. (١٤١)

## ن

**ناوپەنچك Diaphragm** ماسولکەیەکی شێوە قۆقزە بەستراوە بە پەراسووەکانی خوارەوە، بۆشایی سنگ لەسك جیادەکاتەوە، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە هەردوو کرداری هەناسەوەرگرتن و هەناسەدانەوە. (١١٠)

**نیشتوو Precipitate** ماددەیەکی ڕەقە بەرهەم دێت لە ئەنجامی کارلێکێکی کیمیایی لەناو گیراوەدا. (٢٧٧)

**نەگونجان Uncoformity** ئەو دابڕانەیە لە ستوونی جیۆلۆجیدا ڕوودەدات لەو کاتەی چینەکانی کەفر دەڕوتێنەوە یان لەوکاتەی نیشتنی ماددە نیشتووەکان بۆ ماوەی کاتێکی درێژ دەوەستێت. (١٣٧)

**نیوە تەمەن Half-Life** ئەو ماوەیە کە نیوەی نموونەیەکی ماددەیەکی تیشکاوەر دەیخایەنێت بۆ ئەوەی بگۆڕێ بۆ ماددەیەکی دیکە بەهۆی شیبوونەوەی تیشکاوەری. (١٤١)

**نموونە Cast** جۆرێکە لەو بەبەردبووانەی کە پەیدادەبن کاتێك نیشتوەکان ئەو بۆشاییانە پڕ دەکەنەوە کە گیانەوەرێکی شیبووەوە جێی هێشتووە. (١٤٦)

**نیوتن Newton** یەکەیەکی نێودەوڵەتیە بۆ پێوانەکردنی هێز و هێمادەکرێت بە N. (٢١٩)

**ناوەند Medium** ژینگەیەکی ماددیە کە دیاردەیەکی تێدا ڕوودەدات. (٢٩٩)

## هـ

**هێلکەی خشۆك Amniotic Egg** جۆرێکە لە هێلکەیەکی دەورە دراو بە پەردەیەك هەروەکو هێلکەی خشۆکەکان کە برێکی زۆر زەردێنەی تێدایەو بەتوێکل پارێزراوە، تاڕادەیەك لە هێلکەی باڵندەکان وشیردەرەکان دەچێت. (٩٣)

**هایفا Hyphae** زنجیرەیەك خانەی کەڕوویین پەیوەندیان بەزۆربوونەوە نیە. (٣٥)

**هەورەگرمە Thunder** ئەو دەنگەیە پەیدا دەبێت لە ئەنجامی کشانی خێرای هەوا بە درێژایی شوێنی ڕوودانی بروسکەکە. (١٩٧)

**هەور Cloud** کۆمەڵێك لە دڵۆپە ئاوە بچووکەکانە یان دەنکۆلە بەللوری بەفری بچووکن بە هەڵواسراویی لەناو هەوادان، دادەبارن کاتێك هەوا سارد دەبێت و چڕبوونەوە ڕوودەدات. (١٩٢)

**هەڵواسراوە ڕووەکیەکان Phyto Plankton** ڕووەکی وردن لەسەر ڕووی دەریا ولەناو ئاوە شیریناوەکاندا دەژین وکرداری ڕۆشنە پێکهاتن جێبەجێ دەکەن. (٢٨)

**هێــز Force** ڕاکێشانێکە یان پاڵنانێکە دەکەوێتە سەر تەنێك بۆ گۆڕانی جووڵەکەی، هەموو هێزێك بڕ و ئاڕاستەی هەیە. (٢١٩)

**هێزی لێکخشان Friction** هێزێکە بەرهەڵستی جووڵەی ڕوویەك دەکات بە گوێرەی ڕوویەکی تر کە بەری دەکەوێت. (٢٢٢)

**هاوکێشەی کیمیایی Chemical Equation** نواندنێکە بۆ کارلێکێکی کیمیایی کە تیایدا هێماکان بەکار دێت بۆ ڕوون کردنەوەی پەیوەندی نێوان ماددە کارلێکردوەکان وماددە بەرهەم هاتووەکان. (٢٨٢)

**هەڵمین Transpiration** ئەو کردارەیە کە تیایدا ڕووەکەکان هەڵمی ئاو فڕێ دەدەنە ناو هەواوە لە ڕێگەی دەمیلەکانەوە. (٤٦)

**هاوتـــا Isotope** گەردیلەیەکە هەمان ژمارەی پرۆتۆنەکانی گەردیلەکانی دیکەی هەمان توخمی هەیە بەڵام لە ژمارەی نیوترۆنەکان جیاوازن. (١٤٠)

**هەڵگرتن Convection** گواستنەوەی وزەی گەرمیە بەسوڕانەوەی شلەیەك یان گازێك. (١٦٩)

## ی

**یاسای پاراستنی وزە Law of Conversation of Energy** دەقەکەی دەڵێت وزە لەناو ناچێت و دروست ناکرێت، بەڵکو دەتوانرێت لە شێوەیەکەوە بگۆڕێ بۆ شێوەیەکی دیکە. (٢٩٠)

**یاسای پاراستنی بارستە Law of Conversation of mass** دەقەکەی دەڵێت بارستایی لە ناو ناچێت وناکرێت سەر لە نوێ دروست بکرێتەوە لەکاتی گۆڕانە کیمیایی وفیزیاییەکاندا. (٢٨٣)

**یەك شێوازی ڕوودان Uniformitarianism** گریمانەیەکە دەڵێت ئەو گۆڕانکاریە جیۆلۆجیانەی کە لە ڕابردوودا روویان داوە دەکرێ لێك بدرێنەوە بە هۆی ئەو گۆڕانەکاریە جیۆلۆجییانەی کە ئیمڕۆ ڕوو دەدەن. (١٣٠)

# زاراوەکان

## ئـ

**ئالوودەبون Addication** : وەرگرتن و بەکارهێنانی داو دەرمان و مەی و کهول و ماددە بێهۆشکەرە قەدەغەکراوە زیان بەخشەکان دەبێتە هۆی پێداویستی جەستەیی و دەروونی بۆ ئەو ماددەیە. (٨٢)

**ئالوودە بوون بەمەی(کهول) Alkoholism** : پێویستی دەروونی و جەستەییە بۆ بەکارهێنان و وەرگرتنی کهول کە زیان بە تەندروستی دەگەێنێت و چالاکییەکانی لەش پەك دەخات. (٨٤)

**ئەلیل** Allele : یەکێکە لە شێوەکانی بۆهێل بۆ سیفەتێك وەك ڕەنگی قژ.

**ئەندام Organ** : کۆمەڵە شانەیەکە وە فەرمانێکی دیاری کراوی لەش بەجێ دەهێنن. (٣١)

**ئاوێتەی ئایۆنی Ionic Compound** : ئاوێتەیەکە لە ئایۆنی بارگە جیاواز پێك دێن. (٢٤٠)

**ئامێر Machine** : دەزگایەکە یارمەتی بەرێکردنی ئیش ئەدات یان زاڵ بوون بەسەر هێزی بەکارهێنراو یان بەگۆڕینی ئاراستەکەی. (١٨٧)

**ئیش Work** : گواستنەوەی وزەیە لە تەنێکەوە بە بەکارهێنانی هێزێك تەنەکە بجووڵێنێت بە ئاراستەی هێزەکەوە. (١٨٠)

**ئیشی دەستکەوتوو Work Output** : ئەو ئیشەی کە ئامێرەکە بەرێی دەکات: بریتی یە لە سەر ئەنجامی لێکدانی هێزی دەستکەوتوو لەو لادانەی کەتەنەکە بە ئاراستەی هێزەکە دەیبرێت. (١٨٧)

**ئیشی بەکارهاتوو Work in put** : ئیش بەرێکراو لەسەر ئامێر: بریتی یە لەسەر ئەنجامدانی لێکدانی هێزی بەکار هێنراو لەو لادانەی کە تەنەگە بە ئاراستەی هێزەکە دەیبرێت. (١٨٧)

**ئاوێتەی هاوبەش Covalent Compound** : ئاوێتەییەکی کیمیاییە پێك دێت لە بەشداری کردنی گردیلەکان بە ئەلیکترۆنەکانی هاوهێزیان. (٢٤٢)

**ئەستێرەی نیوترۆنی Neutron star** : ئەستێرەیەکە روخاوە بەهۆی ڕاکێشانەوە تا ڕادەیەك پاڵ بە ئەلیکترۆنەکان و پرۆتۆنەکان دەدات بۆ لکاندنیان و دروست بوونی نیوترۆنەکان (١٥٦).

**ئەستێرەی کشاو (دارژاو) Meteoroid** : هێڵێکی رووناکی بریقەدارە دروست دەبێت کاتێك نەیزەکەکە لە بەرگی هەوایی زەوی دا دەسوتێت. (١٧٣)

## ب

**بۆماوە بابەت** Genotype : پێکهاتنی بۆماوەی تەواوی زیندەوەرێکە، هەروەها بریتی یە لە کۆمەڵە بۆهێلێکی یەك سیفەتی دیاری کراو یان زیاتر. (١٣)

**بن توێژ Dermis** : ئەو چینەی پێستە کە دەکەوێتە ژێر توێژەوە. (٣٥)

**بەرگری Immunity** : توانای بەرگرییە بەرامبەر نەخۆشیەکی درم یان توانای چاك بوونەوە لەو نەخۆشیە. (٨٨)

**بەندی کیمیایی Chemical bond** : یەکگرتنی گەردیلەکانە بۆ پێکهێنانی گەردەکان یان ئاوێتەکان (٢٤٠)

**بارستە ژمارە Mass Number** : کۆی ژمارەی پرۆتۆنەکان و نیوترۆنەکانی ناو ناوکی گەردیلەیە. (٢٥٩)

**بۆماوە Heredity** : گواستنەوەی سیفەتەکانە لە باوانەوە بۆ نەوەکانی. (٦)

**بورغوو Screw** : ئامێرێکی سادەیە پێك هاتووە لە ڕوویەکی لێژ بە دەوری تەوەرەیەکی لوولەکی دا هەڵکراوە. (١٩٨)

**بەردی نەیزەکی Meteorite** : ئەو نەیزەکەیە دەگاتە رووی زەوی بێ ئەوەی بە تەواوی بسوتێت. (١٧٣)

**بەدخۆراکی Malnutvition** : تێك چوونێکی خۆراکییە لە ئەنجامی بەکارهێنانی برێکی ناتەواو لە هەموو ئەو ماددە خۆراکیانەدا کە لەش پێویستیەتی روو دەدات. (٨٠)

**بۆهێل (جین) Gene** : یەك کۆمەڵە زانیاری سیفەتێکی بۆ ماوەییە. (١٢)

**بازدان Saltation** : جووڵەی لم یان هەر نیشتوویەکی ترە بەشێوەی بازدان و گەڕانەوەی کورت بەهۆی کاری با، یان ئاو. (١٣٦)

## پ

**پەنکریاس Pancreas** : ئەو ئەندامەیە کە دەکەوێتە دواوەی گەدە، هەرسە ئەنزیم و هۆرمۆنی ڕێکخستنی پیتێنی ڕێژەی شەکر دروست دەکات.

**پیتێنی دەرەکی Eexternal fertilizatio** : یەکگرتنی توخمە خانەکانە لە دەرەوەی لەشی مێیەی زیندەوەردا. (٦٠)

**پیتێنی ناوەکی Internol ferbilization** : پیتانی هێلکەیە بەهۆی سپێرمەوە لە ناو لەشی مێیەی زیندەوەردا. (٦٠)

**پرۆتین Protein** : گەردێکە پێك دێت لە ترشە ئەمینیەکان پێویستمان پێیەتی بۆ دروست کردنی پێکهاتەی لەش و دووبارە چاك کردنەوەیان بۆ ڕێکخستنی زیندە چالاکیەکانی لەش. (٧٧)

**پێکەوەلکاندنی ناووکی Nuclear fusion** : یەکگرتنی ناوکی گەردیلە بچووکەکان بۆ پێکهێنانی ناوکێکی گەورەتر وە دەرپەراندنی ووزە. (٢٧٠)

**پواز Wedge** : ئامێرێکی سادەیە پێك هاتووە لە دوو ڕووی لێژ بەیەکەوە دەجولێن، زۆربەی کات بۆ بڕین بەکاردەهێنرێت. (١٩٧)

**پاراستنی خاك Soil Conservation** : ڕێگەیەکە بۆ بەپیت ڕاگرتنی خاك ئەوەش بەهۆی پارێزگاری کردنی خاکەکە لە ڕامالین و لە وون کردنی مادده خۆراکیەکەی (١١٦)

**پلەی گەرمی Temperature** : پێوەرێکە ڕادەی گەرمی یان ساردی شتێك نیشان ئەدات وە بە ووردی بریتی یە لە: پێوانی تێکڕای جووڵە وزەی تەنۆلکەکان لە تەنێکی دیاری کراودا. (٢٢٠)

**پشتێنەی هەسارۆکەکان Asteroid belt** : ناوچەیەکی کۆمەڵەی خۆرە دەکەوێتە نێوان خولگەی مەریخ و موشتەری هەموو هەسارۆکەکان لەوێدا دەسوڕێنەوە. (١٧٢)

**پەرش بوونەوە Seattering** : کارلێکی ڕووناکیە لەگەڵ ماددەدا کە دەبێتە هۆی گۆڕینی وزەی ڕووناکیەکە یان ئاراستەی جووڵەکەی یان هەردووکیان پێکەوە. (٢٩٢)

**پۆشەرە کۆئەندام Intergumentary** : کۆئەندامێکە کە بەرگێکی پارێزەر لە دەرەوەی لەشدا دروست دەکات. (٣٤)

**پێکهاتەی خاك Soil structure** : ڕیزبەندی دەنکۆڵەکانی خاکە. (١١٣)

**پرتەکەری تیشکدەر Pulsar** : ئەستێرەیەکی نیوترۆنی گەردە لوولییە بە خێرایی دەخولێتەوە و پرتەی خێرا لە وزەی ڕادیۆی و ڕووناکی دەنێرێ. (١٥٦)

## ت

**توخمە کرۆمۆسۆم Sex chromosome** : یەکێکە لەو جووت کرۆمۆسۆمانەی کە توخمی کەسێك دیاریدەکات. (٢٣)

**توورەگەی زراو Gall bladder** : ئەندامێکی توورەگەییە، زراوی تیا کۆ دەبێتەوە کە جگەر دروستی دەکات. (٤٧)

**تۆماری خزمایەتی (درەختی خێزان) Pedigree** : شێوەیەکی هێڵکاریە سیفەتێکی بۆماوەیی خێزانێك نمایش دەکات لە چەند نەوەیەکدا. (٢٤)

**توێژ Epidermis** : چینێکی ڕووکاری خانەییە کەلەشی گیانەوەر دادەپۆشێ. (٣٥)

**توخمە زۆربوون Sexual Reproduction** : ئەو زۆر بوونەیە کە توخمە خانەکانی باوان یەك دەگرن و نەوەی سیفەت هاویەش بەرهەم دێنن. (٥٩)

**توخمە کانزاییەکان Mineralis** : خۆراکە ماددەیەکە پێك دێت لە توخمە کیمیاییەکان کە لەش پێویستی پێیان هەیە لە هەندێك لە کردارەکانیدا. (٧٨)

**تفت Base** : هەر ئاوێتەیەکە لەکاتی توانەوەی لەئاودا ژمارەی ئایۆنەکانی هایدرۆکسید ($OH^-$) زۆر بکات. (٢٤٧)

**ترش Acid** : هەر ئاوێتەیەك کە ژمارەی ئایۆنەکانی هایدرۆنیۆم زۆر بکات لەکاتی توانەوەیان لەئاودا. (٢٤٤)

**توانا Power** : تێکڕای کاتی بەرێکردنی ئیشە یان گواستنەوەی وزەیە لەیەکەی کاتدا. (١٨٤)

**تنراوی خاك Soil texture** : جۆری خاك لەسەر بنەمای ڕێژەی قەبارەی ئەو دەنکۆلانەی کە دروستی دەکات. (١١٣)

**تیشکدان Radiation** : گواستنەوەی وزەیە بە شێوەی شەپۆلە کارۆموگناتیسی یەکان. (٢٧٩)

**تێپەڕبوون Transmission** : هاتوو چۆی ڕووناکییە یان هەر شێوەیەك لە شێوەکانی ووزە بە ناو ماددەیەکدا. (٢٩٦)

**تیشکە چالاکی Radio activity** : کردارێکە بە هۆیەوە ناوکێکی ناجێگیر تیشکێکی ناووکی دەردەپەرێنێت. (٢٥٩)

**تەپۆلکە Dum** : گردێکی بچووکی لمینە بەهۆی باوە نیشتووە، پارێزگاری شێوەکەی دەکات سەرەڕای جووڵەکەی. (١٣٨)

**ترشە باران Acid precipitation** : باران و بەفر کە برێکی زۆر لە ترشەکانی تێدایە. (١٠٥)

## ج

**جگەر Liver** : گەورەترین ئەندامی لەشە کە زراو دروست دەکات و ژەهرەکان شی‌دەکاتەوە وە شەکری زیادە کۆدەکاتەوە بە شێوەی گلایکۆجین. (٤٧)

**جوول Joule** : یەکەیەکی نێو دەوڵەتیە بەکار دەهێنرێت بۆ دەربڕین لە وزە وە پارسەنگی بڕی ئەو ئیشەیە کە هێزێکی 1N بەڕێی دەکات وە بە ئاراستەی خۆی لادانی یەك مەتر دەیجولێنێت. (١٨٣)

**جووڵە ووزە Kineticenergy** : ووزەی تەنێکە لە ئەنجامی جووڵەکەیەوە. (٢٠٥)

**جیاوازی شوێن Parallax** : گۆڕانی ڕووکەشە لە شوێنی تەنێك کاتێك تەماشا دەکرێت لە شوێنە جیاوازەکانەوە. (١٥٢)

## چ

**چەوریەکان** : خۆراکە ماددەیەکە ووزە کۆدەکاتەوە، یارمەتی لەش دەدات بۆ کۆکردنەوەی هەندێك ڤیتامین. (٧٧)

**چووك Penis** : ئەندامێکی نێرەیە کە سپێرمەکان دەگوازێتەوە بۆ لەشی مێ‌یە، میز فڕێ دەداتە دەرەوە.(٦٢)

**چوستی میکانیکی Mechanical efficiemcy** : هێندێکە بە ڕێژەی سەدی دەردەبڕێت، ڕێژەی ئیشی دەستکەوتوو بۆ ئیشی بەرێکراو دەپێوێت وە دەتوانین بیدۆزینەوە بە دابەش کردنی ئیشی دەستکەوتوو لەسەر ئیشی بەرێکراو. (١٩٠)

## خ

**خوێ Salt** : ئاوێتەیەکی ئایۆنیە پێك دێت لە جێ گرتنەوەی کانزایەك بە هایدرۆجینی ترشێك. (٢٥٣)

**خزانی زەوی Land Slide** : جووڵەیەکی لە ناکاوی کەڤرەکان و خاکە بۆ خوارەوەی لاپاڵێکی لێژ. (١٤١)

**خزانی بارستەیی Mass Movement** : جووڵەی برگەیەك لە زەوییە بەرەو خوارەوەی لێژیەك (١٤٠)

**خاك Soil** : تێکەڵەیەکی نەرمە لە پارچەی کەڤرەکان و ماددەی ئەندامی و ئاو و هەوا، یارمەتی گەشەی ڕووەکان دەدات. (١١٢)

**خلۆکە Pulley** : ئامێرێکی سادەیە پێك هاتووە لە ڕەوروەیەك بە چێوەکەیدا پەتێك یان تەلێك یان زنجیرێك دەڕوات. (١٩٤)

**خۆراکە ماددە** : ماددەیەکە لەخۆراکدا هەیە و ووزە دابین دەکات، یاخود یارمەتی پێك هاتنی شانەکانی لەش دەدات، وە پێویستیشە بۆ ژیان و گەشە کردن. (٧٦)

## د

**داو دەرمان Drug** : هەر ماددەیەك ببێتە هۆی گۆڕانی باری دەروونی و جەستەیی لە کەسێك دا. (٨٢)

**دانەوە Reflection** : گەڕانەوەی گورزە رووناکییە لەکاتی بەرکەوتنی بە ڕوویەکی رووناکی گر. (٢٩٠)

## ر ڕ

**ریخۆڵە باریکە Small intestine** : ئەندامێکە دەکەوێتە نێوان گەدە و ریخۆڵە ئەستورەوە، وە بەشی زۆری خۆراك لە ناویدا شی دەبێتەوە، هەروەها هەڵدەستێ بە مژینی زۆربەی ماددە خۆراکیەکان لە خۆراکەوە. (٤٦)

**ریخۆڵە ئەستورە Large intestine** : گەورەترین و کورترین بەشی ریخۆڵەیە وە ئاو لە خۆراکی هەرس کراو وەر دەگرێتەوە، پاشەڕۆکەکان دەگۆڕێت بۆشێوەیەکی ڕەق. (٤٨)

**ڕێ تێچوون Probability** : دەرفەتی (هەلی) ڕوودانی ڕووداوێك بە شێوەیەکی دیاری کراو. (١٤)

**ڕاهێنانی هەوایی Aerotic exereise** : ڕاهێنانێکی لەشە لە هەوای پاك دا دەبێتە هۆی زیاد بوونی چالاکی دڵ و سییەکان، وە باش بەکارهێنانی ئۆکسیجن بۆ لەش. (٢١)

**ڕوخسارە بابەت Phenotype** : شێوەی دەرەوەی زیندەوەرەکەیە، یان هەر تایبەتێکی تر کە دەربکەوێت لە زیندەوەرەکە. (١٢)

**ڕامالین Erosion** : کردارێکە لە ڕێگەیەوە کەڤرەکان (تاوێرەکان) داخورانیان بەسەر دێت و پارچەکانیان دەگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی تر. (١١٧)

**ڕەورەوە و تەوەرە Wheel and axle** : ئامێرێکی سادەیە پێکهاتووە لە دوو تەنی شێوە بازنەیی، پێوەریان جیاوازە ڕەورەوەکە گەورەترە لە تەوەرە. (١٩٥)

**ڕووی لێژ Inclined Plane** : ئامێرێکی سادەیە پێکهاتووە لە ڕوویەکی راستی لێژ، هەڵگرتنی قورسایی ئاسان ئەکات. (١٩٦)

**ڕوون Transparent** : سیفەتی ئەو ماددەییە کە ڕێدەدات ڕوناکی بە ناوی دا تێپەڕ بێت. (٢٩٧)

**ڕووناکی گر Opaque** : سیفەتی ئەو تەنەیە کە نە ڕوونە و نە نیمچە ڕوونە وە ڕێگە بەتێپەڕبوونی ڕووناکی بەناویدا نادات. (٢٩٧)

**ڕۆخ Beach** : ناوچەیەکە لە هێلی کەنار، پەیدا دەبێت لە ئەنجامی ماددەی نیشتوو بەهۆی شەپۆلەکانی ئاوەوە.

**ڕەنووسی هادرۆجینی PH** : برێکە بەکاردێت بۆ دەربڕینی ترشێتی یان تفتێتی ڕژێمێکی دیاری کراو. (٢٥١)

## ز

**زنجیرەی کارلێکی ناووکی Nuclear chain reactio**: کارلێکەکانی ناووکە کەرت بوونی یەك لەدوای یەك و بەردەوامە. (٢٦٧)

**زێ Vagina** : ئەندامی زاوزێی مێینەیە کە دەرەوەی لەش بەمنداڵدان دەگەیەنێت.

**زانستی تەندروستی Hygiene** : ئەو زانستەیە کە گرنگی دەدات بە تەندروستی و ڕێگاکانی پاراستن. (٩٠)

**زەبەلاحی سوور Red giant** : ئەستێرەیەکی گەورەیە لە قۆناغە کۆتاییەکانی سووڕی ژیانیدایە ڕەنگی لە سوورەوە نزیکە. (١٥٥)

## س

**سنووری جیاکردنەوە Divide** : ئەو سنوورەیە کە ناوچەکانی بڵاوبوونەوە و تێپەڕ بوونی ئاو لە ڕووبارە ئاراستە جیاوازەکاندا لێك جیا دەکاتەوە. (١٢٦)

**سپێرم (تۆو) Sperm** : توخمەخانەی نێرەیە. (٥٩)

**سیفەتی زاڵ Dominant** : سیفەتی بینراوی نەوەی یەکەمە، دوای جووت بوونی باوان کە دوو دژە سیفەتیان هەبێت. (٩)

**سیفەتی بەزیو Recessive trait** : ئەو سیفەتەیە کە لە نەوەی دووەم دا دەردەکەوێت کە لەنەوەی یەکەمدا دەرنەکەوتبوو، لەکاتی جووت بوونی باوان کە دوو دژە سیفەتیان هەبێت. (٩)

**سورێنچك Esophagus** : بۆرییەکی درێژی ڕاستە و گەروو بە گەدە دەگەیەنێت. (٤٤)

**سفری پەتی Absolute zero** : پلەیەکی گەرمی یە وزەی تەنۆلکەکانی لە نزمترین ڕادەدایە ( 0 k بە پێوەری کلڤن یان بە $-273,16\ C^{o}$ پێوەری سیلیزی). (٢٢٢)

**سوودی میکانیکی Mechanical advantage** : ژمارەیەکە پێت ڕادەگەیەنێ چەندجار ئامێر هێزەکە زیاد دەکات. (١٨٩)

**ساڵی ڕووناکی Light year** : ئەو دوورییە کە ڕووناکی لە بۆشاییدا لەیەك ساڵدا دەیبڕێت. (١٥٢)

**سووڕی ئاو Water cycle** : جووڵەی بەردەوامی ئاو لە زەریاوە بۆ ناو بەرگە هەوا و بۆ ناو وشکانی و پاشان دووبارەگەڕانەوەی بۆ ناو زەریاکان (١٢٥)

## ش

**شانە Tissue** : کۆمەڵە خانەیەکی هاوشێوەن و پێکەوە هەمان فەرمان بەجێ دەهێنن. (٣٠)

**شەبەنگی بینراو Spectrum** : گورزە ڕەنگێکە لە ئەنجامی تێپەڕبوونی ڕووناکی سپی بە ناوێزەیەکدا دروست دەبێت. (١٤٩)

**شەپۆلی کارۆموگناتیسی Electromagnetic** : شەپۆلێکە پێك هاتووە لە بورای کارەبایی و بواری موگناتیسی دەلەرنەوە بەشێوەیەکی ئەستوون لەسەر یەکتری. (٢٧٨)

**شەبەنگی کارۆموگناتیسی Electromanetic spectrum** : مەودای تەواوی شەپۆلە کارۆموگناتیسیەکانە بەهەموو لەرە لەرەکانیەوە یان درێژی شەپۆلەکانیەوە. (٢٨٣)

**شکانەوە Refraction** : لادانی شەپۆلە کاتێك لەماددەیەکەوە تێپەڕ دەبێت بۆ ماددەیەکی تر بەهۆی گۆڕانی خێرایەکەوە لە ماددەی یەکەم بە گوێرەی خێرایەکەی لە ماددەکەی تردا. (٢٩٣)

**شووشتنەوە (شتنەوە) Leaching** : لابردنی ئەو بەشەی کەڤرەکان یان خاوەکان یان چینەکان کە دەتوێنەوە، لە ئەنجامی تێپەڕ بوونی ئاو پیایدا.

## ڤ

**ڤیتامین Vitamin** : جۆرێکە لە خۆراکە ماددە کەلەش پێویستی بە بڕێکی کەمی هەیە بۆ پارێزگاری لە تەندروستی و دابین کردنی گەشە. (٧٨)

## ک

**کاربۆهیدرات Carbohydrates** : جۆرێکە لە خۆراکە ماددە کە ووزە دابین دەکات، بریتیە لە شەکر و نیشاستە و ڕیشاڵ. (٧٨)

**کرۆمۆسۆمە لێك چووەکان Homologous** : ئەو کرۆمۆسۆمانەن هەمان ڕیزبەندی بۆهێڵ و هەمان پێکهاتەیان هەیە. (١٨)

**کۆرپەلە Embryo** : قۆناغێکی گەشەکردنی مرۆڤە لە مێینە و تا لەدایك بوونی مرۆڤە لە قۆناغی گەشە کردنیەوە هەر لە پیتێن هەتا لە دایك بوون. (٦٦)

**کۆئەندامی میز Urinary Sistem** : کۆمەڵە ئەندامێکە کەمیز بەرهەم دەهێنن و کۆی دەکەنەوە و فڕێی دەدن. (٥٠)

**کۆئەندامی هەرس Digestive system** : ئەو ئەندامانەن کە خۆراك هەڵدەوەشێنن بۆ ئەوەی لەش بتوانێت بەکاری بهێنێت. (٤٢)

**کارلێکی هاوکێش Neutralization reaction** : کارلێکی ترش و تفت بۆ پێکهێنانی خوێ و ئاو گیراوەیەکی هاوکێشە. (٢٥١)

**کڕاندن Abrasion** : کڕاندنی رووی کەڤرەکان بەکاری میکانیکی کەڤرەکانی تر یان بەکاری دەنکۆڵەکانی لم. (١٣٧،١٠٣)

**کەشکاری Weathening** : کرداری ووردبوون و شیبوونەوەی مادده کەڤرییەکان بەهۆی کرداره فیزیایی و کیمیاییەکان.

**کەشکاری جیاکاری Diffrential weathering** : کردارێکە لە ڕێگەیەوە کەڤرەکان کە پتەویان کەمەو نەرمن توانای بەرگریان لە کەشکاری کەوە دادەخورێن وە ئەوانەی کە ڕەق و پتەون دەمێننەوە.

**کەشکاری کیمیایی Chemical weathering** : کرداری شی بوونەوەی کەڤرەکان لەڕێگەی کارلێکە کیمیاییەکانەوە. (١٠٥)

**کەشکاری میکانیکی Meachanical weathering** : ووردبوون و پەرت بوونی کەڤرەکان بۆ پارچەی ووردتر بەڕێگەی فیزیاییەوە. (١٠٢)

**کەوتنە خوارەوەی کەڤری Rock fall** : کۆمەڵێك کەڤری پێکەوە نەبەستراوە کە بەرەوخوارەوەی لێژیەکی زۆر دەگوێزرێتەوە. (١٤١)

**کورتەبنەی سپی White dwarf** : ئەستێرەیەکی بچووکی گەرمە و کزە و پاشماوەی چەقی ئەستێرەیەکی کۆنە. (١٥٥)

**کونی ڕەش Black hole** : تەنێکی بارستە زلە و چڕە تا پلەیەك تەنانەت ڕووناکیش ناتوانێت دەرباز بێت لە ڕاکێشانەکەی. (١٥٧)

**کلکدار Comet** : تەنێکی بچووکە لەسەهۆل و تاوێر و تۆزی بۆشایی پێك هاتووە بەدوای خولگەیی ئەهلیجی دەکەوێت بەدەوری خۆردا و گاز و تۆز دەنرێت بەشێوەی کلك کاتێك کە لە نزیکی خۆرەوە تێپەردەبێت. (١٧١)

**کەمە دابەش بوون Meiosis** : کردارێکی دابەش بوونی خانەیە کە ژمارەی کرۆمۆسۆمەکان تێدا کەم دەبێتەوە بۆ نیوەی ژمارەی بنەرەتی، کەدوو دابەش بوونی ناووك دەگرێتەوە و دەبێتە هۆی بەرهەم هێنانی توخمە خانەکان. (١٢)

**کوگای باران Water shed** : ناوچەیەکە لە ووشکانی کە ئاوی ئاوەڕۆی سەر زەوی بەشێوەی سیستمێکی دیاریکراو تێپەڕ دەکات. (١٢٦)

**کەڤری بن Bedrock** : ئەو چینە بەردینەی دەکەوێتە بن خاك. (١١٢)

**کەڤری دایك Parentrock** : ئەو پێکهاتووە کەڤرە (تاوێرە)ی کە سەرچاوەی دروست بوونی خاکە. (١١٢)

## گ

**گۆڕانی وزە Energy conversion** : گۆڕانی وزەیە لە شێوەیەك بۆ شێوەیەکی تر. (٢٠٩)

**گەرمی Heat** : ئەو وزەیەیە کە لە نێوان تەنەکاندا دەگوێزرێتەوە بەهۆی جیاوازی پلەی گەرمیانەوە. (٢٢٦)

**گەیەنەری گەرمی Thermal Conductor** : ماددەیەکە دەتوانرێ وزەی گەرمی بەناویدا بگوێزرێتەوە بە شێوەی گەرمی. (٢٢٩)

**گورچیلە Kidney** : لە لەش دا دوو گورچیلە هەیە گورچیلەش ئەندامێکی پاڵاوتەکەری ئاو و پاشەڕۆکانە لە خوێن و ماددەکان بە شێوەی میز فڕێی دەداتە دەرەوە. (٥١)

**گون Testis** : ئەندامێکی زاوزێی یەکەمیە وە فرمانی دروستکردنی سپێرم و گونە هۆرمۆنە. (١٦٢)

**گەدە Stomach** : ئەندامێکی هەرسە و شێوەیەکی تورەکەیی هەیە و دەکەوێتە نێوان سورێنچك و ریخوڵە باریکەوە، خۆراك هەڵدەوەشێنێ و دەیگۆڕێت بۆ شلەیەك بەهۆی کاریگەری ماسوولکەکان ، ئەنزیمەکان و ترشەکانی گەدەوە.

**گەرمی تایبەتی Specific heat** : بڕی گەرمی پێویستە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی گەرمی یەکەی بارستایی لە ماددەیەك بە بڕی 1C بە جێگیر بوونی پەستان. (٢٣١)

**گەلە ئەستێرە: Galaxies** : کۆمەڵێك لە ئەستێرە و تۆز و گازەکانە کە ڕاکێشان هەمووی بەیەکەوە دەبەستێتەوە. (١٥٨)

## ل

**لێکردنەوە Deflation** : جۆرێك لە جۆرەکانی ڕامالَین بەهۆی باوە کاتێك روو دەدات کە بایەکی بەهێز دەنکۆڵەکانی خاکێکی ووشك لەیەکتر جیادەکاتەوە. (١٣٧)

**لق Tributary** : جۆگەیەکی ئاوی یە دەرژێتە ناو دەریاچەیەك یان (جۆگەیەك) یان (رووبارێك)ی گەورەتر. (١٢٦)

## م

**ماندوێتی Stress** : وەڵام دانەوەیەکی جەستەیی یان عەقلیە بۆ پەستانێك. (٩٢)

**منداڵدان Uterus** : ئەندامێکی مێیە ماسولکەیی بۆشە، کە هێلکەی پیتێنراوی تێدا دەچەقێت و کۆرپەلەش تیایدا گەشە دەکات. (٦٣)

## ن

**ناتوخمە زۆربوون Asexual Reproduction** : ئەو زۆر بوونەیە کە توخمە خانەکان یەك ناگرن تیایدا، کە یەك باوان نەوەی هاوشێوەی بۆ ماوەی خۆی دەخاتەوە. (٥٨)

**ناوکە پەتك Umbilical Cord** : ئەو پێکهاتوەیە کە کۆرپەلە دەبەستێت بە وێلاشەوە.

**نەخۆشی نادرمی Non infectious disease** : نەخۆشیەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر نا گوازرێتەوە. (٨٦)

**نەخۆشی درمی Infectioin disease** : نەخۆشیەکە هۆیەکەی زیندەوەرێکی ترە دەگوازرێتەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە. (٨٦)

**نەفرۆن Nephron** : یەکەی پێك هاتنی گورچیلەیەکە هەڵدەستێت بە پاڵاوتنی خوێن. (٥١)

**نیوە تەمەن Half Life** : کاتی پێویستە بۆ ئەوەی نیوەی نموونەیەکی تیشکدەر تیشکە شی بوونەوەی بەسەردا بێت. (٢٦٣)

**ناسەرەوە Indicatar** : ڕەنگەکەی دەگۆڕێت بەپێی ژمارەی هایدرۆجینی PH. (٢٤٥)

**نیکۆتین Nicotine** : ماددەیەکی کیمیایی ژەهراوییە و ئالودە دەبێت وە لە توتندا هەیە وە یەکێکە لە ماددە سەرەرەکییەکان کە هاوبەشە لە کاریگەرە زیان بەخشەکانی جگەرەکێشان. (٨٣)

**ناووکە کەرت بوون Nuclear fission** : کەرت بوونی ناوکی گەردیلەیەکی گەورە بۆ دوو ناووك یان زیاتر. لە ئەنجامدا نیوترۆنی زیادە ووزە بەرهەم دێت.

**نوێڵ Lever** : ئامێرێکی سادەیە پێك هاتووە لە باسکێك جێگیر دەبێت لەسەر خاڵێکی نەگۆڕ پێی دەووترێت خاڵی ڕاگیربوون. (١٩٣)

**نەگەیەنەری گەرمی Thermal insulators** : ئەو ماددەیەیە کە ڕێگا نادات بەگواستنەوەی وزەی گەرمی بە شێوەیەکی باش. (٢٢٩)

**نەیزەك Meteoroid** : تەنێکی ئاوێری بچووکە تا ڕادەیەك و لە بۆشاییدا دەجووڵێت. (١٧٣)

**نیمچە ڕوون Translucent** : سیفەتی ئەو ماددەیە کەڕێ دەدات بە ڕووناکی تێپەربێت. بەلام ڕێ نادات وێنەیەکی ئاشکرا تێپەربێت. (٢٩٧)

**نوێ بوونەوەی مەزن Super Nova** : تەقینەوەیەکی زۆر گەورەیە دەبێتە هۆی روخانی ئەستێرەیەکی بارستە زل و چینە دەرەکیەکانی فڕێ دەداتە بۆشایی ئاسمان. (١٥٦)

## هـ

**هێلکە Egg** : توخمە خانەیەکە مێیە دروستی دەکات. (٥٩)

**هاوسەنگی ناوەوە Home Stasis** : پاراستنی ژینگەی ناوەکی لەش بە شێوەیەکی جێگیر. (٣٠)

**هێلکەدان Ovary** : ئەندامێکە لە کۆئەندامی زاوزێی مێیەی گیانەوەران کە هێلکە بەرهەم دەهێنێت. (٦٣)

**هۆکاری نەخۆشی (نەخۆشخەر) Pathogen** : ووردبینە زیندەوەرێکە یان زیندەوەرێکی ترە یان پاڵاوتەیەکە یان پرۆتینێکە وە دەبێتە هۆی نەخۆشی. (٨٦)

**هەڵگرتن Convection** : گواستنەوەی ووزەی گەرمییە بەهۆی سوڕانەوە یان جوولەی شلەیەك یان گازێك. (٢٢٩)

**هەیڤ Satellites** : تەنێکی ئاسمانیە سروشتیە یان دەستکردە بە دەوری هەسارەیەکدا دەخولێتەوە (١٦٨).

**هەسارۆکە Asteroids** : تەنێکی کەڤری بچووکە دەسوڕێتەوە بەدەوری خۆردا. هەندێ جار سوڕانەوەی لە پشتێنەیەکدایە کە دەکەوێتە نێوان خولگەی مەریخ و موشتەریدا. (١٧٢)

**هەڵمژین Absorpation** : لە بینایی یەکاندا مانای گواستنەوەی وزەی ڕووناکی یە بۆ تەنۆلکەکانی ماددەیەك. (٢٩٢)

**هێڵی کەنار Shore Line** : سنووری نێوان ووشکانی و گۆمێکی ئاوییە. (١٣٠)

**هیومەس (دبال) Humus** : ماددەیەکی ئەندامی ڕەنگ ڕەشە کە لەخاکدا هەیە، لە ئەنجامی شیبوونەوەی پاشماوەی ڕووەك و گیانەوەر پەیدا دەبێت. (١١٤) .

## و

**وات** Watt : یەکەیەکی نێو دەوڵەتیە بەکاردەهێنرێت بۆ پێوانی توانا، وات یەکسانە بە جوول بۆ هەرچرکەیەك هێماکەی (Watt). (١٨٤)

**وێلاش Placenta** : ئەندامێکە بەشێکی لە کۆرپەلەدایە و بەشەکەی تری لە دایکدایەوە بەهۆیەوە ئاڵوگۆری ماددەکان دەبێت لە نێنوان کۆرپەلە و دایکدا. (٦٧)

**وزەی میکانیکی Mechanical energy** : بریتییە لە بڕی ئەو ئیشەی کە تەنێك دەتوانێت بەڕێی بکات بەهۆی جووڵە وزە و ماتە وزەکەی (٢٠٧).

**وزە Energy** : توانای بەرێکردنی ئیشە. (٢٠٤)

**وزەی گەرمی Thermal Energy** : ئەو جووڵە وزەیەیە کە تەنۆلکەکانی ماددە هەیەتی. (٢٢٧)

## ی

**یەکەی گەردوونی Astronomical unit** : تێکرای دووری‌یە لە نێوان زەوی و خۆردا واتە نزیکەی (١٥٠) ملیۆن کیلۆمەترە هێمایی (Au) وە. (١٦٥)

**یاسای پاراستنی وزە**
**Low of conservation of energy** : دەقی ئەم یاسایە وزە نابێت سەر لەنوێ ولە هیچەوە دروست بکرێتەوە وە لەناو ناچێت بەڵام دەتوانرێ لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر بگۆڕێت. (٢١٣)

# فەرهەنگۆکی زیندەزانی

## پۆلەکانی ١٠، ١١، ١٢ی زانستی

# زاراوەکان

## ئـ

**ئەدینوسینی سێ فۆسفەیتی ATP Adenosine triphosphate** گەردێکە لە هەموو خانەکانی زیندەوەردا لە کردارەکانی زیندەپاڵدا ، وەکو سەرچاوەیەکی وزە کاردەکات.(33)

**ئەکتین Actin** یەکێکە لە دوو پرۆتینی دەزوولەیی لە ماسولکە خانەدا کە کار بۆ گرژبوون دەکات. (57)

**ئەنزیم Enzyme** هاندەرێکە، زۆربەی جار لە سیستمی زیندەوەردا پرۆتینە. (28)

**ئایزۆمیر Isomer** یەکێکە لە دوو ئاوێتە یان ژمارەیەک لە ئاوێتە لە پێکهاتنی گەردیدا جیاوازن نەک لە پێکهاتودا. (34)

**ئەندام Organ** زۆر جۆر لە شانەکانی لەشە، پێکەوە فرمانێکی دیاریکراو بەجێ دەهێنن. (64)

**ئەندامۆچکە Organelle** یەکێکە لەو تەنە پێکهاتوانەی لە سایتۆپلازمدا هەن، فرمانی تایبەتی هەیە ولە خانە ناووک ڕاستەقینەکاندا هەیە. (49)

**ئاوێتەی ئەندامی Organic compound** ئاوێتەیەکە، سەرچاوەکەی زیندەوەرانە و کاربۆنی تێدایە. (31)

**ئاوێتەی دووەمی Secondary Compound** ماددەیەکی ژەهراوییە، بۆن وتامی ناخۆشە، ڕووەکەکان دروستی دەکەن وەک میکانزمێك بۆ خۆپاراستن. (117)

**ئاستی خۆراکە Trophic level** پێدا ڕۆیشتنی ئاستی خۆراکە لە سیستمی ژینگەیی دیاریکراو. (134)

**ئاوی ژێر زەوی Ground Water** ئاوە لە ژێر خاک یان لەناو پێکهاتەی تاوێرە کوندارەکاندا.(137)

## ب

**بیردۆز Theory** شێوگێکی فراوان و گشتگیرە بۆ ئەو بڕوایەی کە بە ڕاستەقینە دادەنرێن و پاڵپشت کراوە بە بەڵگەی کرداری پەیدابوو لە تاقیکردنەوەی ژمارەیەک گریمانەی پەیوەندیدار لەگەڵ یەکدا.(15)

**بیردۆزی خانە Cell Theory** ئەو بیردۆزەیە کە دەڵێن هەموو زیندەوەران لە خانەکان پێك دێن، وخانەکانیش بریتین لە یەکە بنچینەییەکانی زیندەوەران، وئەو خانانەش هەر لە دابەشبوونی خانەی پێش خۆیانەوە پەیدا دەبن. (47)

**بنچینە ماددە Substrate** بەشێکە یان ماددەیەکە یان توخمێکە کارلێك دەکات لە هەر کارلێکێکدا کە ئەنزیم هاندەری بێت (36)

**بەندی هایدرۆجینی Hydrogen bond** بەندێکی کیمیایی بێ هێزە لە نێوان گەردیلەی هایدرۆجین لە گەردێکدا ولە نێوان ئاوچەیەکی دیکە کە بارگەی سالب بێت لە گەردێکی دیدا. (29)

**بەرهەمی سەرەتایی گشتگیر Gross Primary Productivity** ڕێژەی بەرهەم هێنانی وزەیە لە سیستمێکی ژینگەیی دیاریکراودا. (131)

**بەرهەمی سەرەتایی پوخت Net Primary Productivity** ڕێژەی کەڵەکەبوونی بارستەی زیندەییە لە سیستمێکی ژینگەیی ناسراودا.(132)

**بڵاوبوونەوە Dispersion** دابەش بوونی جوگرافی تاکەکانە لە ناو کۆمەڵە زیندەییەکاندا (104)

**بەکتریای نایترۆجین چەسپێن Nitrogen fixing bacteria** ئەو بەکتریاییە کە دەژێت لە ناوڕەگی ڕووەکە پاقلەییەکان (کەلوەکان) کە نایترۆجینی هەوا دەگۆڕێت بۆ ئەمۆنیا ( $NH_3$ ) (140)

**بەدوابیەکداهاتن Succession** ئاڵوگۆڕی بەدواداهاتنی چاوەڕێکراو بۆ کۆمەڵانی زیندەیی لە سیستمێکی ژینگەیی دیاریکراودا. (123)

**بەدوابیەکداهاتنی سەرەتایی Primary Succession** کرداری ئاڵوگۆڕی بەدواداهاتنە بۆ کۆمەڵانی زیندەیی لە ناوچەیەکدا کە پێشتر بەخێوکەر نەبووە (123)

**بەدوابیەکداهاتنی دووەمیە Secondary Succession** کرداری ئاڵوگۆڕی بە دواداهاتنی کۆمەڵانی زیندەیی لە نیشتگەیەك تووشی تێکدان بووە (123)

**یەکەی بنەرەتی Base unit** یەکێکە لە حەوت یەکەی بنچینەکانی کردارەکانی پێوانەیی تایبەت بە پێوری جیهانی کە وەسفی درێژی وکێش وکات وبڕەکانی دیکە دەکات. (19)

**بیابان Desert** ناوچەیەکە تێکڕای بارانبارین تێیدا لەساڵێکدا لە 25 cm کەمترە. (144)

**بەهای ناسوودمەندی Nonutilitarian value** بە های خۆیی هەمەجۆری لە زیندەوەران دا بە بێ گوێ دانە هەر بەکارهێنانێك بۆی لە لای مرۆڤ یان هەر بەهایەکی ئابووری. (162)

**بەهای سوودمەندی Utilitarian Value** ڕێگەیەکە بۆ پێکەوە بەستنی گرنگی هەمەجۆری لە زیندەوەراندا بە سوودەکانی ئابوورییەوە کە هەمەجۆری بۆ زیندەوەران و بۆ خەڵك دابینیان دەکات. (162)

**بارستەی زیندەیی Biomass** کێشی وشکی ماددە ئەندامییەکانە لە سیستمێکی زیندەیی دیاردا. (131)

**بەئامۆنیاکردن Ammonification** بەرهەم هێنانی ئاوێتەکانی ئەمۆنیایە لە ناو سوڕی نایترۆجیندا. (140)

**بۆشایی Vacuole** ئەندامۆچکە یەکە پڕە لە شلە کە ئەنزیمەکان یان پاشماوەکانی زیندەگۆڕان لە خانەی ڕووەکیدا کۆدەکاتەوە. (60)

## پ

**پۆپنە Cristae** لۆچێکە لە پەردەی ناوەوەی مایتۆکۆندریا. (54)

**پەردەی خانە Cell membrane** جووتە چینێکی چەوری پرۆتینیە، سنوری دەرەوەی خانە پێك دەهێنێت. (50)

**پێوەری ژمارەی هایدرۆجین pH scale** مەودای ڕەنوسە بەرێگەیەکی بڕی یەکەکانی خەستی ڕێژەیی ئایۆنەکانی هایدرۆجین وئایۆنەکانی هایدرۆکسید لە گیراوەیەکی دیاریکراودا دەردەبڕێت. (27)

**پەیکەری خانە Cytoskeleton** تۆڕێکی درێژ لە دەزوە پرۆتینیەکان لە ناو سایتۆپلازمدا، یارمەتی پاراستنی شێوەو قەبارەی خانەی ناووك ڕاستەقینە دەدەن. (57)

**پرۆتین Protein** ئاوێتەیەکی ئەندامییە لە یەك زنجیرە یان زیاتر لە فرە پیپتیدەکان پێك دێت، کە ئەویش لە ترشە ئەمینیەکان پێکهاتوە (35)

**پرۆتینی چێوەیی Peripheral Protein** پرۆتینی بەستراوە بە ڕووی ناوەوە یان دەرەوەی پەردەی خانەوە. (52)

## پ

**پرۆتینی نقوومبوو** Integral Protein ئەو پرۆتینەیە کە لە ناوجووتە چینی پەردەی خانەدایە. (52)

**پلاستید** Plastid ئەندامۆچکەیە کە لە خانەکانی ڕووەکدا، نیشاستە یان چەوری یان بۆیەکانی تێدایە. (61)

**پێکەوە نووسان** Cohesion هێزی کێشکردنی نێوان ماددەکانە لە جۆرە جیاوازەکاندا. (29)

**بەیەکدالکان** Adhesion کێشکردنە لە نێوان گەردەکانی یەك جۆردا. (29)

**پێتیدە بەند** Peptide bond هاوبەشە بەندە لە نێوان دوو ترشی ئەمینیدا. (36)

**پەڕینەوە** Crossing-over گۆڕینەوەی بۆهێڵەکانە لە نێوان بەشەگونجاوەکانی کرۆمۆسۆمە لێکچووەکان لە ماوەی کەمە دابەشبووندا. (80)

**پێکهاتەی تەمەنی** Age structure دابەش کردنی تاکەکانە بەسەر تەمەنە جیاوازەکاندا لە کۆمەڵەی زیندەیی. (106)

**پەڕێنەر** Pollinator گیانەوەرێکە دەنکە هەڵاڵەکان دەگوازێتەوە، وەك مێرووەکان وباڵندەکان وشەمشەمە کوێرە لە ڕووەکێکەوە بۆ ڕووەکێکی دیکە. (119)

## ت

**ترشی ئەمینی** Amino acid ترشێکی کاربۆکسیلیە لەگەڵ کۆمەڵەی فرمانی ئەمینی، یەکێکە لە بیست یەکەی پێکهاتنی پرۆتینەکان. (35)

**ترشەچەوری** Fatty acid یەکەی پێکهاتنە، بەشێك لە زۆربەی چەوریەکان پێك دەهێنێت. (37)

**تایبەتەموویین** Capillarity کارلێکی ڕووی شلەیەکە لەگەڵ ماددەیەکی ڕەقدا وڕێ بەسەرکەوتنی ئاو دەدات لە ناولولەیەکی تەسکدا. (30)

**تاقیکردنەوەی کۆنترۆڵکراو Controlled experiment** تاقیکردنەوەی گۆڕانکارییەکانە بە هۆی بەکارهێنانی بەراوردکردنەوەلە نێوان کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو وکۆمەڵەی تاقیکراودا.(13)

**توخمە زۆربوون** Sexual reproduction بەرهەمهێنانی زیندەوەرانە لە ڕێگەی یەکگرتنی بۆ ماوە ماددەکان کە لە دوو زیندەوەرەوەدێن، کە هەردوو باوان دەنوێنین. (82)

**تاکەشەکر** Monosaccharide شەکری سادەیە وەکو فرەکتۆز وگلوکۆز. (34)

**تاك کۆمەڵەی کرۆمۆسۆمی** Haploid تەنها یەك کرۆمۆسۆمی لەهەر جووتە کرۆمۆسۆمێکی لێکچووەوە هەیە. (73)

**توانای گەورەکردن** Power of magnification هۆکاری گەورەکردنە. (18)

**توخمەکرۆمۆسۆم** Sex chromosome کرۆمۆسۆمێکە توخم دیاریدەکات. (72)

**تایگا** Taiga هەرێمێکی زیندەییە بۆ دارستان کە بە درەختە هەمیشە سەوزەکانەوە دەناسرێتەوە قووچەکەکان هەڵدەگرن. (143)

**تۆڕی خۆراك** Food web زنجیرە خۆراکیە بە ناویەکدا چووەکانە لە سیستمێکی ژینگەیی دیاریکراودا. (135)

**توانای بەخێو کردن** Carrying capacity ژمارەی تاکەکانی جۆرێکی زیندەوەرانە کە لە لایەن سیستمێکی ژینگەییەوە بە خێو دەکرێن. (107)

**تەندرا** Tundra هەرێمی ڕووەکە کورتەکان، کە پشتێنەیەکی لێك نەبچراو بەناو ئەمریکای باکوور وئەوروپا وئاسیادا دروست دەکات. (142)

**تێکئاڵان** Synapsis جووتبونی کرۆمۆسۆمە لێکچووەکانە لە ماوەی کەمەدابەشبوون. (79)

## ج

**جەمسەرە تەن** Polar body یەکێکە لەو سێ خانە بچووکەی دروست دەبن وفەرامۆش دەکرێن لە کاتی کەمەدابەشبووندا کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی هێلکە کە تاك کۆمەڵەی کرۆمۆسۆمە. (82)

**جیاوازبوونی خانە** Cell differentiation کردارێکە تێیدا خانەکانی زیندەوەری فرەخانە لە کاتی قۆناغی گەشەیدا تایبەتمەند دەبن. (7)

**جیاکردنەوە** Resolution توانای وردبینە بۆ دەرخستنی وردەکاری. (17)

**جووتە شەکر** Disaccharide شەکرێکە لە دوو تاکە شەکر پێکدێت. (35)

**جووت بوونی ناوەوە Inbreeding** زاوزێکردنی نێوان خزمانە. (108)

**جۆری زیندەوەری بەرپلاو** Pioneer species یەکەمین جۆری زیندەوەرانە کە لە نیشتگەیەکی زیندەیی نوێدا نیشتەجێ دەبن. (123)

**جووتەپیتید** Dipeptide لە دوو ترشی ئەمینی پێکدێت کە کیمیاییانە پێکەوە بەستراون. (36)

**جووت کۆمەڵەی کرۆمۆسۆمی** Diploid خانە یەکە هەموو جووتە کرۆمۆسۆمە لێکچووەکانی تێدایە. (73)

## چ

**چەوری** lipid ئاوێتەیەکی ئەندامییە لە ئاودا ناتوێتەوە وەك بەزوستیرۆیدەکان. (37)

**چەوری فسفۆرکراو** Phospholipid چەوری ئاڵۆزە، فسفۆر لە پێکهاتنیدا هەیە، لە دوو ترشی چەوری پێك دێت نەك سێ، وبەهۆی گەردێکی گلیسرۆڵەوە پێکەوە بەستراون.(38)

**چوارینە** Tetrad کۆمەڵە دوو کرۆمۆسۆمە لێکچووەکانن، کە هەر یەکێك لە دوو کرۆمۆسۆمەکە دوو کرۆماتیدی هەیە لەماوەی کەمەدابەشبووندا دەردەکەون(79)

**چەسپاندنی نایترۆجین** Nitrogen fixation کردارێکە تیایدا گازی نایترۆجینی هەوا دەگۆڕێت بۆ ئامۆنیا ($NH_3$). (140)

**چینی بەستەڵەکی هەمیشەیی** Permafrost لە تەندرادایە و بریتییە لە چینێکی زەوی بەستەڵەکی هەمیشەیی. (142)

**چڕی کۆمەڵەی زیندەیی** Population density ژمارەی تاکەکانی کۆمەڵە زیندەییە لە ناوچەیەکی دیاریکراو ولە کاتێکی دیاریکراودا. (104)

**چەماوەی مانەوە لە ژیاندا** Survivorship curve وێنەیەکی داتاییە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێژەی مردوەکان لە جۆرێکی زیندەوەراندا. (106)

**چەماوەی بەرگەگرتن** Tolerance curve وێنەیەکی داتاییە بۆ بەرگەگرتنی زیندەوەر لە بەرامبەر ڕادەی گۆڕانێکی دیاریکراو لە نیشتگەی زیندەیدا. (95)

**چەوری هۆگری ئاوە** hydrophilic مەبەست، کێشکردنی گەردی ئاوە. (37)

## خ

**خۆنەژێن** Heterotroph زیندەوەرێکە گەردە خۆراکیە ئەندامیەکانی لە ڕێی خواردنی زیندەوەرانی دیکە یان بەرهەمەکانیانەوە دەستدەکەوێت. (6)

**خۆژێن** Autotroph ئەو زیندەوەرەیە کە وزە بەکار دەهێنێت بۆ بەرهەمهێنانی گەردە ئەندامیەکان لە گەردە نا ئەندامیەکانەوە. (6)

**خانە** Cell یەکەی فرمان و پێکهاتنە، بە پەردە دەور دراوە وبە یەکەی بنچینەیی ژیان دادەنرێت. (47)

## خ

**خانەپەڕە Cell plate** پەردەیەکە رووەکە خانە پەیدابووەکان لە دابەشبوونی ئاساییدا لێکجیادەکاتەوە. (77)

**خانە خوێ Host** خانەیەکە یان زیندەوەرێکە کە زیندەوەرێکی مشەخۆر خۆراکی لێ وەردەگرێت. (117)

## د

**دیواری خانە Cell wall** پێکهاتەیەکی نا زیندووە دەوری خانەکانی رووەك وکەڕووەکان و زۆر لە پێشەنگی و زۆربەی بەکتریاکان دەدات. (59)

**دابەشکردنی سەربەخۆ Independent assortment** دابەش کردنێکی هەرەمەکی کرۆمۆسۆمە لێکچووەکان لەگەڵ بۆهێلەکانیان بەسەر گەمیتەکاندا لە ماوەی کەمە دابەشبووندا. (80)

**دابەشبوونی ئاسایی Mitosis** دابەشبوونی ناووکیە لە خانە ناووك ڕاستەقینەکاندا. (74)

**دابەشبوونی سایتۆپلازمی Cytokinesis** دابەشبوونی بری سایتۆپلازمە لە یەك خانەوە بۆ دوو خانەی نوێ. (75)

**دەزگای گۆلجی Golgi apparatus** کۆمەڵێك پەردەن لە خانە ناووك ڕاستەقینەکان ، ڕادەبن بەرێك کردنەوەی ئەو پرۆتینانەی کە خانە بۆ دەرەوەیان دەنێرێت. (56)

**دەریاچەی کەم خۆراك Oligotrophic lake** دەریاچەیەکە خۆراکی تێدا کەمە. (152)

**دەریاچەی فرە خۆراك Eutrophic Lake** دەریاچەیەکە خۆراکی تێدا زۆرە. (152)

**دابەشکردنی داهات Resource partitioning** لە نێوان جۆرە لێکچووەکانی زیندەوەردا شێوازێك لە بەکارهێنانی داهات هەیە جۆرێك لە زیندەوەر بەکارهێنانی داهاتە هاوبەشەکانە تیایدا کەم دەکاتەوە. (118)

**دارستانی باراناوی کەمەرەیی Tropical rain forest** هەرێمێکە دەکەوێتە نزیك هێڵی کەمەرەیی، جیادەکرێت بە بڕێکی زۆر لە باران وە رووناکی ڕۆژ. (145)

**دارستانی گەڵاوەریوی ناووهەوا فێنکەکان Temperate deciduous forest** دارستانێکە گەڵای درەختەکانی لە وەرزی پایزدا دەوەرێت. (143)

## ڕ

**ڕیشاڵی تەشیلە Spindle fiber** یەکێکە لە وردە بۆریچکەکان کە بەناو خانە ناووك ڕاستەقینەکاندا درێژدەبێتەوە لە کاتی دابەش بوونی خانەدا، وبەشداری لە گواستنەوەی کرۆمۆسۆمەکاندا دەکات.(57)

**ڕۆشنەپێکهاتن Photosynthesis** گۆڕینی تیشکە وزەیە بۆ کیمیکە وزە کە لە ئاوێتە ئەندامیەکاندا کۆدەکرێتەوە. (6)

**ڕایبۆسۆم Ribosome** ئەندامۆچکەیەکە، لە دروست کردنی پرۆتیندا کاردەکات. (55)

**ڕاهاتنی ژینگەیی Acclimation** کرداری خۆڕاگرتنی زیندەوەرە بەرامبەر خۆراکێکی نا زیندوو. (96)

**ڕێژەی لەدایك بوون Birth rate** ژمارەی ئەو تاکانەیە کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە دایك دەبن. (105)

**ڕێژەی مردن Death/ Mortality rate** ژمارەی ئەو تاکانەیە کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەمرن. (105)

**ڕێگەی ژیانی ڕاوچی کۆکەرەوە Hunter- gatherer life style** شێوازێکی ژیانی کۆچەرایەتییە کە خواردن لە ڕێگەی ڕاوکردنی گیانەوەران و چنینی بەری ڕووەکەکانی چۆڵەوانی وبەرهەمەکانی گیانەوەرانی لوول پێچی دەریاییەوە دەست دەکەوێت. (109)

## ز

**زیندەچالاکی Metabolism** تێکرای کیمیکە کردارەکانی زیندەوەرانە. (6)

**زۆربوون Reproduction** پەیداکردنی زیندەوەرە نوێیەکانە. (7)

**زیندەوەری تاك خانە Unicelluar organism** زیندەوەرێکە لە یەك خانە پێکهاتووە.(5)

**زیندەوەری ناووك سەرەتایی Prokaryote** زیندەوەری تاك خانەیە ناووك ئەندامۆچکەی بە پەردە داپۆشراوی نیە. (50)

**زیندەوەری فرەخانە Multicellular organism** زیندەوەرێکە لە یەك خانە زیاتر پێکهاتوە. (5)

**زنجیرەی خۆراك Food chain** ڕێبازێکە بە زیندەوەرە بەرهەمهێنەکان دەست پێ دەکات کە بە ناویدا گواستنەوەی وزە لە ئاستێکی خۆراکییەوە بۆ ئاستی خۆراکی دیکە ڕوو دەدات. (134)

**زیندەزانی زیندووکردنەوەی سیستەمە ژینگەییەکان Restoration biology** ئەو زانستەیە کە تیایدا گۆڕانکاریە سەرەکیەکانی ناو سیستەمە ژینگەییەکانی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، وڕادەبێت بە گەڕاندنەوەی پێکهاتووە ون بوەکان بۆ ناو سیستەمی ژینگەیی. (163)

**زیندەزانی پاراستنی زیندەوەران Conservation biology** لقێکە لە زیندەزانی گرنگی دەداتە پاراستنی فرە جۆری ژینگەیی لە ناوچە سروشتیەکاندا. (163)

**زیندەوەری ناتایبەتمەند Generalist** جۆرێکە لە شێوازە زیندەییە فراوانەکان، کە دەتوانێت بەرگەی مەودایەکی فراوانی بارەکان بگرێت وە دەتوانێت زۆر جۆر لە داهاتەکان بەکار بهێنێت. (98)

**زیندەوەری تایبەتمەند Specialist** جۆرێکە لە زیندەوەرانی خاوەن شێوازی ژیانی بەرتەنگ، دەتوانێت بەرگەی مەودایەکی بەرتەنگی بارەکان بگرێت ودەتوانێت کەم لە داهاتەکان بەکاربهێنێت. (98)

**زیندەوەری گونجاو Conformer** زیندەوەرێکە کارناکاتە ڕاستکردنەوەی دەوروبەرە ژینگەییە ناوەکیەکەی. (96)

**زیندەوەری شیکەرەوە Decomposer** زیندەرێکە خواردنی خۆی لە گیانەوەران و ڕووەکە مردووەکانەوە دەست دەکەوێت. (133)

**زیندەبەرگ Biosphere** توێکڵی زەوی و ئەوەی دەوری دەدات کە زیندەوەرانی تێدایە. (89)

**زیندەوەری بەکارهێن Consumer** زیندەوەری خۆنەژێنن وزەیان لەو گەردە ئەندامیانە دەست دەکەوێت کە زیندەوەرانی دیکە دروستی دەکەن. (132)

**زیندەوەری بەرهەم هێن Producer** زیندەوری خۆژێنە، وزە دەمژێت بۆ دروستکردنی گەردە ئەندامیەکان(131) .

**زیندەوەری ڕێکخەر Regulator** ئەو زیندەوەرەیە وزە بەکاردەهێنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی دەوروبەری ژینگەیی ناوەوەی(96)

**زیندەوەری گەندە خۆر Detritivore** زیندەوەری بەکارهێنە لەسەر ڕووەك و گیانەوەرە مردووەکان دەژی. (133)

## ژ

**ژینگە زانی Ecology** لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان زیندەوەران و دەوروبەری ژینگەیی (89)

## ژ

**ژینگە زانی شارەکان Urban ecology** بوارێکی زانستی دەوروبەری ژینگەیی نوێیە کە تیایدا مرۆڤ تووشی زیاد بوونی هەمە جۆری زیندەوەران دەبێت لە پەرەسەندوترین ناوچەکاندا. (167)

## س

**سایلۆکۆید Thylakoid** تورەکەیەکی پەردەیی تەختە لە ناو سەوزە پلاستید دایە، کە زۆربەی پێکهاتووەکانی بەستراوە بە کارلێکەکانی ڕۆشنە پێکهاتنەوە. (61)

**سەوزە پلاستید Chloroplast** پلاستیدێکە کلۆرۆفیلی تێدایە کە شوێنی ئەنجامدانی ڕۆشنە پێکهاتنە. (61)

**سوڕی خانە Cell cycle** ئەو قۆناغانەن کە خانە لە ماوەی ژیانیدا پێدا تێدەپەڕێت و دابەشبوونی خانە ونێوانە قۆناغ دەگرێتەوە. (75)

**سپێرماتید Spermatid** خانەیەکە نیوەی ژمارەی کرۆمۆسۆمەکانی تێدایە، دوای کەمە دابەشبوون دەگۆڕێت بۆ تۆو (سپێرم). (82)

**سیترۆید Steroid** چەورییە، گەردەکەی لە چوار ئەلقەی کاربۆنی پێکدێت. (39)

**سیستمی جیهانی بۆ یەکەکان SI** پێوەری زانستی یەبۆ کردارە پێوانەییەکان کە پشت بە کۆمەڵێك لە یەکەکان دەبەستێت کە وەسفی درێژی وکێش وکات وسیفەتی دیکە دەکەن.(19)

**سایتۆپلازم Cytoplasm** ناوچەیەکی خانەیە، لە نێوان پەردەی خانەو ناووکدا لە سایتۆسۆل و ئەندامۆچکەکان پێکدێت. (53)

**سایتۆسۆل Cytosol** شلەیەکی ئاوی لینجە، ئەندامۆچکەکانی تێدا دەجولێن لە نێوان پەردەی خانەدا. (53)

**سوودگۆڕکێ Mutualism** شێوازێکی هاوگوزەرانیە دوو زیندەوەر پێکەوە سوود لەیەك دەبینن لە ژیانە هاوبەشەکەیاندا. (118)

**سوڕی کاربۆن Carbon cycle** کردارێکە تیایدا کاربۆن بەناو بەرگی زیندەییدا دەسوڕێتەوە. (138)

**سوڕی ئاو Water Cycle** گواستنەوەی ئاوە لە نێوان زەوی وهەواو بارستەکانی ئاودا. (137)

**سوڕی نایترۆجین Nitrogen cycle** ئەو ڕێبازەیە کە نایترۆجین لە ناو سیستمێکی ژینگەیی دیاریکراودا دەیگرێتەبەر. (139)

**سڕبوون Dormancy** باری هاتنە خوارەوەی زیندەکردارەکانە. (96)

**ساڤانا Savanna** زەوی گیایی ناوچە خولگەییەکانە یان نیمچە خولگەییەکانە کە خاوەن درەخت ودەوەنی پەرت وبڵاون. (145)

**سیستمی ژینگەیی Ecosystem** گشت پێکهاتە زیندەیی و نا زیندەییەکانە لە دەورو بەرێکی ژینگەییدا. (89)

## ش

**شیبوونەوەی ئاوی Hydrolysis** هەڵوەشانی گەردێکە کاتێك لەگەڵ ئاودا کارلێك دەکات. (33)

**شانە Tissues** لە زۆربەی زیندەوەرە فرە خانەکاندا ئەو کۆمەڵە خانە لێکچووەیە کە فرمانێکی هاوبەش جێ بەجێ دەکەن. (64)

**شێوازی ژیان Niche** ڕێگەی ژیانی جۆرێك لە زیندەوەران.(97)

## ف

**فرەپێپتید Polypeptide** زنجیرەیەکی درێژە لە زۆر لە ترشە ئەمینییەکان پێکدێت. (36)

**فرە شەکر Polysaccharide** کاربۆهیدراتی ئاڵۆزە، لەسێ یان زیاتر لە تاکە شەکرەکان پێکدێت. (35)

**فرە یەکەی پێکهاتن Polymer** ئاوێتەیەکە لە یەکەی پێکهاتنی دووبارە بوی پێکەوە بەستراو. (32)

**هەمەجۆری زیندەیی Bio diversity** ژمارەی جۆرەکانی زیندەوەرانە لە ناوچەیەکی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراودا. (160)

**هەمەجۆری لە زیندەوەران Species diversity** نیشاندەرێکە ژمارەو زۆری ڕێژەیی جۆرەکانی زیندەوەرانی جۆراوجۆر لە ناو کۆمەڵگەیەکی زیندەوەریدا لێك دەدات. (120)

## ق

**قامچی Flagellum** پێکهاتوویەکە لە شێوەی ورنە مووداییە لە ورنە بۆریچکەکان پێکهاتوە کاردەکەن بۆ دابین کردنی جووڵەی گواستنەوە. (57)

**قۆناغی نێوان (نێوانە قۆناغ) Interphase** ماوەیەکی گەشەی خانە و پەرە سەندنێتی دەکەوێتە پێش دابەشبوونی خانە وناووك (75)

**قۆناغی کەمەرەیی Metaphase** قۆناغی دووەمی دابەشبوونی ئاساییە کە تێیدا هەموو کرۆمۆسۆمەکان دەگوێزرێتەوە بۆ هێڵی کەمەرەیی خانەکە. (76)

**قۆناغی جیابوونەوە Anaphase** تێیدا کرۆمۆسۆمەکان لە یەکتری جیا دەبنەوە. (76)

**قۆناغی کۆتایی Telophase** دوا قۆناغە لە دابەشبوونی ئاسایی و کەمە دابەشبووندا، کە تێیدا ناووکەبەرگ بە دەوری هەرکۆمەڵێك لە کرۆمۆسۆمە نوێیەکاندا پێکدێتەوە. (77)

**قۆناغی ئامادەیی Prophase** قۆناغی یەکەمە لە دابەشبوونی ئاسایی و کەمەدابەشبوون دا بە چڕبوونەوەی کرۆمۆسۆمەکان جیادەکرێتەوە. (76)

**قۆناغی دابەشبوونی ئاسایی ناووك Mphase** قۆناغێکی دابەشبوونی خانەیی‌یە تێیدا ناووك دابەش دەبێت.(75)

**قۆناغی دروستکردن S phase** ماوەی دووەمە لە نێوانە قۆناغ تێیدا لە بەرگرتنەوەی ناووکە ترشی کەم ئۆکسجین DNA ڕوودەدات. (75)

**قۆناغی خامۆش $G_0$ phase** قۆناغێکە لە سوڕی خانە، تێیدا خانە دابەش نابێت هەروەها لە بەرگرتنەوەی ناووکە ترشی کەم ئۆکسجینی DNA ڕوونادات. (75)

**قۆناغی یەکەمی گەشە G1 phase** ماوەی یەکەمی نێوانە قۆناغە تێیدا قەبارەی خانە دوو هێنددەبێت. (75)

**قۆناغی دووەمی گەشە G2 phase** دوا قۆناغی نێوانە قۆناغە، تێیدا خانە بە خێرایی گەشە دەکات و ئامادە دەبێت بۆ دابەشبوونی ئاسایی.(75)

## ك

**کارلێکی ئۆکساندن Oxidation reaction** کیمیکە کارلێکە کە تێیدا ماددەی کارلێککراو یەك ئەلکترۆن یان زیاتر ون دەکات، بەمەش زیاتر دەبێتە بارگەی موجەب. (26)

**کارلێکی کەم کردنەوە Reduction reaction** کیمیکە کارلێکە کە تێیدا ماددەی کارلێککراو یەك ئەلکترۆن یان زیاتر وەردەگرێت بەمەش زیاتر دەبێتە بارگەی سالب. (26)

## ك

**کارلێکی ریدۆکس**
**Redox reaction** کارلێکێکە کە تێیدا گواستنەوەی ئەلکترۆن ڕوودەدات لە نێوان گەردیلەکاندا. (26)

**کارلێکی چڕبوونەوە**
**Condensation reaction** کیمیکە کارلێکەکە، بە هۆیەوە یەک گەردی ئاو پەیدا دەبێت. (33)

**کارلێکی دەرکردەی وزە**
**Exergonic reaction** کیمیکە کارلێکەکە، بەستراوە بە دەرپەڕاندنی وزەیەکی سەربەستی پوخت بە ئاشکرایی.(27)

**کردار دروستکردنی هێلکە Oogenesis** کرداری بەرهەم هێنانی هێلکەی پێگەیشتووە. (82)

**کرداری دروستبوونی تۆوەکان**
**Spermatogenesis** کرداری بەرهەم هێنانی تۆوەکانە (82)

**کاربۆهایدریت Carbohydrate** ئاوێتەیەکی ئەندامیە لە هەموو خانەکانی زیندەوەردا هەیە، ماددەیەکی خۆراکی سەرەکییە وسەرچاوەی وزەیە. (34)

**کرۆماتین Chromatin** ناووکە ترشی کەم ئۆکسجین DNA وپرۆتینەکانی ناو ناووکی خانە کە قۆناغی دابەشبووندا یەکەم نەبێت. (59)

**کرۆماتید Chromadid** بەشێکە لە دوو بەشی لێکچووی یەک کرۆمۆسۆم. (71)

**کرۆمۆسۆم Chromosome** ناووکە ترشی کەم ئۆکسجین وپرۆتینەکانە بە شێوەی چیلکەی پێچ خواردووی لولپێچی لە ماوەی دابەشبوونی خانەدا دەردەکەون.(59)

**کەمە دابەشبوون Meiosis** کرداری دابەشبوونی ناووکەکە ژمارەی کرۆمۆسۆمەکانی خانە کەم دەکاتەوە بۆ نیوە. (74)

**کەندەکی شەق بوون Cleavage furrow** ناوچەی هاتنەوەیەکی پەردەی خانەیە بەرەو ناوەوە، کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی خانەی دابەش بوو بۆ دوو بەش. (77)

**کۆئەندام System** کۆمەڵێك ئەندامە لەگەڵ یەکدا ڕێکدەکەون بۆ ئەوەی کۆمەڵێك فرمانی پێکەوە بەستراو بەجێ بهێنن.(65)

**کولك Cilium** ئەندامۆچکەی کورتە لە مووی بچووك دەچێت و لە خانە دەردەچێت وکاردەکات بۆ گواستنەوە یان جووڵەی ئەو ماددانەی کە بەسەر پەردەی خانەدا تێپەڕ دەبێت. (57)

**کۆمەڵەی فرمانی Functional group** بارستەییەکی پێکهاتییە تایبەتەکانی ئاوێتەیەکی کیمیایی دیاردە دەکات. (32)

**کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو Control group** کۆمەڵەیەکە یان تاکێکە لە تاقیکردنەوەکەدا، وەك پێوانەیەکی ستاندەر بەکاردێت بۆ بەراوردکردنی بە کۆمەڵەیەکی دی یان تاکێکی دیکە کەلە هەموو شتێکدا لەیەك دەچن تەنها یەك هۆکاردا نەبێت. (13)

**کارتێکردنی دیاردەی ماڵە شووشەکان**
**Greenhouse effect** گەرم بوونی هەوای زەمینە لە دەرەنجامی کارتێکردنی نەگەیەنەرە گازیەکان لە زەویشدا وەك دوانۆکسیدی کاربۆن و هەڵمی ئاو. (158)

**کاریگەری ناوچە لە جۆرەکانی زیندەوەران**
**Species area effect** شێوازێکە لە دابەشبوون زیندەوەران، بە جۆرێك کە ناوچە فراوانەکان ژمارەیەکی زۆرتری جۆرەکانی زیندەوەرانی تێدایە لە چاو ناوچە بچووکەکاندا (121)

**کەپری دارستان Canopy** چینی سەرەوەی درەختەکانە کە سێبەر لە خاکی دارستانەکە دەکەن.(146)

**کۆمەڵەی زیندەیی Population** هەموو تاکەکانی جۆرێکی زیندەوەرانە لە هەمان ناوچە دا دەژین وکۆمەڵەیەکی زاوزێیی پێك دەهێنن. (90)

**کرداری پێچەوانەی نترات Denitrification** هەنگاوی دواییە لەناو سوڕی نایترۆجیندا ئەوەی کە تیایدا دووبارە گازی نایترۆجین دەگەڕێتەوە بۆ ناو هەوا. (140)

**کیمکە پێکهاتن Chemosynthesis** بەرهەمهێنانی کاربۆهایدرایتە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی وزەی دەرپەڕیوو لە گەردە نائەندامیەکانەوە لە جیاتی بەکارهێنانی رۆشنایی (131)

**کۆمەڵگای زیندەیی Community** گشت ئەو کۆمەڵانی زیندەییە لە ناوچەیەکدا. (90)

**کلۆرۆفلۆرۆ کاربۆن Chloroflourocarbon** چەشنێکە لە ماددە کیمیاییە دروستکراوەکان کە دەبێتە هۆی تێك دانی چینی ئۆزۆن لە چینە بەرزەکانی زەویشدا. (157)

**کۆچکردن بۆ دەرەوە Emigration** گواستنەوەی تاکەکانە بۆ دەرەوەی کۆمەڵەی زیندەیی. (97)

**کۆچکردن بۆ ناوەوە Immigration** گواستنەوەی تاکەکانە بۆ ناوەوەی کۆمەڵەی زیندەیی. (97)

## گ

**گلیسریدی سیانی Triglyceride** چەوری‌یە پێك دێت لە سێ گەردی ترشی چەوری ویەك گەردی گلیسرۆل. (38)

**گریمانە Hypothesis** گریمەیەکە دەتوانرێت بە تاقیکردنەوە بسەلمێنرێت. (12)

**گۆڕاوی پشت بەستوو Dependent variable** گۆڕاوەیەکی وەڵامدەرەوەیە لە تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراودا. (13)

**گەردی گەورە Macromolecule** گەردێکی ئەندامی زۆر گەورەیە لە زۆر گەردی بچووکتر پێکهاتووە. (32)

**گەورەکردن Magnification** زیادکردنی قەبارەی ڕاستەقینەی وێنەی شتێکی دیاریکراوە. (17)

**گەمیت Gamete** توخمەخانەیە. (79)

**گیاخۆرەکان Herbivores** زیندەوەرێکی بەکارهێنە، کە زیندەوەرە بەرهەمهێنە سەرەتاییەکان دەخوات. (133)

**گەشتیاری ژینگەیی Ecotourism** جۆرێکە لە گەشتیاری کە بە هۆیەوە دانیشتوانی ناوچەکە دەتوانن دەرامەتێکیان دەستبکەوێت لە ڕێگەی وەبەرهێنانی سیستمێکی ژینگەی کە پێشتر دەستی کەسی پێنەگەیشتووە، گەشتکەران لە بەرامبەر پێدانی خۆراك و حەوانەوەیاندا بڕێك پارەو پوول لە پێناو گەشتێکی لە سیستمە ژینگەیەکەدا دەدەن. (167)

## ل

**لایسۆسۆم Lysosome** ئەندامۆچکەیەکە هەرسە ئەنزیمەکانی تێدایە بە شێوەیەکی بنچینەی لە خانەکانی گیانەوەردا هەیە.(56)

**لەشە کرۆمۆسۆم Autosome** کرۆمۆسۆمی ناتوخمیە. (72)

**لاسایی کردنەوە Mimicry** کردارێکی خۆ پارێزییە بە هۆیەوە زیندەوەر شێوازی زیندەوەرێکی دیکە وەردەگرێت. (116)

**لابردنی بەرانبەرکێ Competitive exclusion** دوور خستنەوەی خۆجێیی جۆرێکی زیندەوەرانە لە ئەنجامی بەرامبەرکێیدا. (118)

## ل

**لکاوەکان Epiphyte** ڕووەکێکە لەسەر ڕووەکێکی دیکە گەشە دەکات. (146)

## م

**ماددەی کارلێک کردوو Reactant** ئاوێتەیەکە یان گەردیلەیەکە دەچێتە ناو کیمیکە کارلێکەوە. (25)

**مایتۆکۆندریون Mitochondrion** شوێنی ئۆکساندن هەناسەیە لە خانەدا کە ئۆکسجینی هەبێت لە خانە ناووک ڕاستەقینەکاندا.(54)

**مۆدێلی موزایکی شل Fluid mosaic model** مۆدێلێکی پێکهاتەی پەردەی خانەیە، سروشتی دینامی چەوری وپرۆتینە پەردەیی‌یەکان دەنوێنێت. (53)

**مشە خۆری دەرەکی Ectoparasite** مشەخۆرێکە لەسەر خانە خوێ دەژی بێ ئەوەی بچێتە ناو لەشیەوە. (117)

**مشە خۆری ناوەکی Endoparasite** مشەخۆرێکە لە ناو لەشی خانەخوێدا دەژی. (117)

**ماوەی تەمەنی پێشبینی کراو Life expectancy** ماوەی تێکڕای تەمەنی پێشبینکراوی تاکێکە. (105)

## ن

**ناووکە ترش Nucleic acid** گەردی ئەندامییە، ناووکە ترشی کەم ئۆکسجین وناووکە ترشی ڕایبۆزی دەگرێتەوە، زانیاری گرنگ کۆ دەکاتەوە وهەڵیدەگرێت بۆ فرمانەکانی خانە.(39)

**ناووکەکون Nuclear pore** کونێکی بچووکە لە ناووکەبەرگدا، لە ڕێگەیەوە ماددەکان تێپەڕدەبن لە نێوان ناووك وسایتۆپلازمدا.(59)

**ناووکە پلازم Nuclear matrix** یان ناووکە پەیکەر، پرۆتینێکە شێوەی ناووکی خانە دەپارێزێت. (58)

**ناوەندەتەن Centrosome** تەنێکی تۆخە، ناوەندۆکەی تێدایە لە خانەکانی گیانەوەردا، بەڵام لە خانەکانی ڕووەکدا بێ ناوەندۆکە یە، و ڕیشاڵەکانی تەشیلەی لێ دەردەچن بۆ ئامادەبوون بۆ دابەشبوونی ئاسایی. (76)

**ناووکە ترشی ڕایبۆزی Ribonucleic acid RNA** ناووکە ترشە پێك دێت لە نیوکلیوتایدەکان و کار لە دروست کردنی پرۆتینەکاندا دەکات. (39)

**ناووکە ترشی کەم ئۆکسجین DNA Deoxyribo nucleic acid** ناووکە ترشە لە نیوکلوتیدەکان پێکدێت بۆماوە زانیاریەکان هەڵدەگرێت. (39)

**ناتوخمە زۆربوون Asexual reproduction** کرداری پەیداکردنی زیندەوەرانە کە یەکگرتنی گەمیتەکان ڕوو نادات. (82)

**ناوە پلازمە تۆڕ Endoplasmic reticulum( ER)** کۆمەڵێك جۆگە وتورەکەی پەردەیین لە خانە ناووك ڕاستەقینەکاندا وەك ڕێچکەیەك کاردەکات و بەناویدا گەردەکان دەگوێزرێتەوە لە بەشێکی خانەوە بۆ بەشێکی دی. (55)

**ناوە پلازمە تۆڕی زبر Rough endoplasmic reticulum** بەشێکی ناوە پلازمە تۆڕە ڕایبۆسۆمەکانی پێوە نوساوە. (56)

**ناوە پلازمە تۆڕی لووس Smooth endoplasmic reticulum** بەشێکی ناوە پلازمە تۆڕە ڕایبۆسۆمەکانی پێوە نی‌یە.(56)

**ناحەزی ئاو Hydrophobic** گەردێکە هۆگری ئاو نی‌یە. (38)

**ناووکە بەرگ Nuclear envelope** جووتە پەردەیەکە دەوری ناووك دەدات لە خانە ناووك ڕاستەقینەکاندا. (58)

**ناوەندە بەش Centromere** ناوچەیەکی کرۆمۆسۆمە دوو کرۆماتیدی برا پێکەوە دەبەستێت، و شوێنی پێوەبەندبوونی کرۆمۆسۆمە بە ڕیشاڵەکانی تەشیلە لە ماوەی دابەشبوونی ئاساییدا.(71)

**ناوەندۆکە Centriole** پێکهاتەیەکە کاتی دابەشبوونی ئاسایی لە خانەکانی گیانەوەریدا دەردەکەوێت. (76)

**ناووك Nucleus** ئەندامۆچکەی ناو خانەی ناووك ڕاستەقینەکانە کە زۆربەی ناووکە ترشی کەم ئۆکسجینی تێدایە و زۆربەی چالاکییەکانی خانە بەڕێوە دەبات. (50)

**ناوکۆکە Nucleolus** ئەو پێکهاتەیە کە تێیدا بەرهەم هێنانی ڕایبۆسۆمەکان ڕوو دەدات، ناوکۆکەش تاڕادەیەك لە هەموو ناوکێکدا هەیە. (59)

**نیوکلیۆتاید Nucleotide** یەکەی پێکهاتنی ناووکە ترشی کەم ئۆکسجینە و ناووکە ترشی ڕایبۆزیە کە لە تفتی نایترۆجینی وشەکری پێنج کاربۆنی وکۆمەڵەی فرمانی فۆسفاتی پێکدێت.(39)

**ناوچەی کەنار دەریاکان Neritic zone** ناوچەیەکی نیمچە زەریاییە کە ڕامالّینی کیشوەر دا دەپۆشێت. (148)

**ناوچەی ڕۆشنایی Photic zone** چینێکی زەریاکانە کە تیشکی خۆری دەگاتێ. (148)

**ناوچەی بنکی دەریا Benethic zone** ناوچەی بنکی «بنەوەی» زەریاکانە. (149)

**ناوچەی ناڕۆشنایی Aphotic zone** چینی ئاوی زەریاکانە کە تیشکی خۆری ناگاتێ. (148)

**ناوچەی نێوان هەڵکشان و داکشان Intertidal zone** ناوچەیەکە بە درێژایی لێوارەکانی زەریا کە بە بەردەوامی جووڵەی هەڵکشان و داکشانی ئاوی تێدا ڕوو دەدات. (148)

**ناوچەی زەریانی Oceanic zone** یەکێك لەو دوو ناوچە نیمچە زەرياییە لە ناوچەیەکی دەریایی تەواودا. (149)

**نیشتگەی ژینگەی Habitat** ئەو ناوچەیەیە زیندەوەرانی تێدا دەژی. (94)

**ناوچەی ڕێژگەی ڕووبار بۆ دەریا Estuary** هەرێمێکی ئاوییە کە تیایدا ئاوی سازگاری ڕووبارو جۆگەکان تێکەڵ بە ئاوی سوێراوی دەریا دەبن واتە شوێنی بەیەك گەیشتنی هەڵکشان وداکشانی ئاوە لەگەڵ ڕەوتی ئاوی ڕووبارەکاندا. (150)

**نترات کردن Nitrification** کرداری بەرهەم هێنانی نیتریت و نیترانە لە سوڕی نایترۆجیندا. (140)

## ه

**هیستۆن Histone** گەردێکی پرۆتینی‌یە کە ناووکە ترش کەم ئۆکسجینی DNA بەدەوری‌دا پێچ دەخوات، کاتی پێکهاتنی کرۆمۆسۆم. (71)

**هەڵبژێری پیاڕۆ Selective permeability** هەندێك لە گەردەکان لە دەرەوە دەهێڵێتەوە، کەچی ڕێ دەدات بە ئەوانەی دی تێپەڕ بن. (51)

**هێڵکاری کرۆمۆسۆمەکان Karyotype** وێنەی کرۆمۆسۆمەکانی تایبەت بە تاکێکە. (73)

**هاوێنەی چاوی Ocular lens** لە وردبیندا هەیە لە چاوە بشەکەیدا. (17)

**هەڵمێن Transpiration** بە هەڵم بوونی ئاوە لە دەمیلەکانەوە. (138)

## هـ

**هەرێمی زیندەیی (زیندەگی) Biome** ناوچەیەکی جوگرافیە بە بوونی جۆری تایبەتی ڕووەك و گیانەوەران جیا دەکرێتەوە. (141)

**هێڵی فڕین Flyway** ئەو ڕێبازەیە کە باڵندە کۆچکەرەکان دەیگرنە بەر. (164)

**هاوژیانی Commensalism** پەیوەندیەکە لە نیشتنگەی ژینگەییدا، زیندەوەرێك سوود لەوی دیکە دەبینێت بەڵام ئەوی دیکە نەسوودو نە زیانی پێ ناگات. (119)

**هاوگۆزەرانی Symbiosis** پەیوەندییە لە نێوان جۆرە جیاجیاکانی زیندەوەراندا کە بە توندی پێکەوە بەستراون و پێکەوە دەژین. (115)

**هاوتایی Evenness** ژمارەی تاکە تاکەی زیندەوەرانە کە هەر یەکەیان سەر بە جۆرێکی زیندەوەرانە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا. (161)

**هەڵواسراوەکان Plankton** زیندەوەری بچووکی ڕووەکی و گیانەوەری زۆرن کە لەگەڵ ئاودا ڕادەماڵدرێن یان مەلەدەکەن لە نزیك ڕووی بارستەیەکی ئاویدا. (149)

**هەمەجۆری لە جۆرەکانی زیندەوەراندا Species richenss** ژمارەی زیندەوەرانە لە کۆمەڵگەی زیندەییدا. (120)

**زیندە هۆکاری ژینگە Biotic factor** پێکهاتووە زیندووەکانی سیستمێکی ژینگەیی دیاریکراوە. (94)

**نازیندە هۆکاری ژینگە Abiotic factor** پێکهاتووە نازیندووەکانی سیستمێکی ژینگەیی دیاریکراوە. (94)

**هۆکارەرێکرەکان Limiting factor** هۆکارێکی زیندووە یان نازیندووە کە گەشەی کۆمەڵەیەکی زیندەیی دەبەستێتەوە. (107)

**هۆکاری پشت بەستن بە چڕی Density- dependent factor** گۆڕاوێکە دەبەسترێت بە چڕی کۆمەڵەیەکی زیندەیی وکاردەکاتە سەر قەبارەی کۆمەڵەی زیندەیی. (107)

**هۆکاری پشت نەبەستن بە چڕی Density- independent factor** گۆڕاوێکە کاردەکاتە سەر قەبارەی کۆمەڵەی زیندەیی بێ گوێ دانە چڕیەکەی. (107)

**هەمەچەشنە خۆر Omnivores** زیندەوەرێکی بەکارهێنە کە ڕووەك وگیانەوەر لە هەمان کاتدا دەخوات. (133)

## و

**وردە بۆریچکە Microtubule** بۆریەکی کلۆرە لە پرۆتین پێك دێت، زۆربەی دەزووەکانی پەیکەری خانە پێك دەهێنێت. (57)

**وزەی چالاککەر Activation energy** بڕی ئەو وزەیەیە کە پێویستە بۆ ئەوەی کیمیکە کارلێك دەست پێ بکات و بەردەوام بێت. (28)

**وردبینی ئەلکترۆنی Electron microscope** دەزگایەکە پشت دەبەستێت بە تیشکێك لە ئەلکترۆنەکان لە جیاتی تیشکی ڕۆشنایی بۆ گەورەکردنی وێنەی تەنێکی یەکجار بچووك بۆ ئەوەی ببینرێت. (18)

**وردبینی ئەلکترۆنی پشکنەر Scanning electron microscope** وردبینێکە وێنەی گەورە پەیدا دەکات بۆ ڕووی هەر شتێکی دیاریکراو لە ڕێی تیشکێك لە ئەلکترۆنەکان لە جیاتی تیشکی ڕۆشنایی. (18)

## ی

**یەکەی پێکهاتن Monomer** تاکە یەکەیەکی گەردییە کە دوو بارە دەبێتەوە لە فرە یەکەی پێکهاتندا. (32)

# زاراوەكان

## أ

**ئەگار Agar** بنچینەیە بۆ چاندنی میكرۆبەكان لە جەلی دەچێت، لە دیواری خانەكانی قەوزە سوورەكان دەردەهێنرێت (101)

**ئەركیگۆنیۆم Archegonium** لە ڕووەكە بێتۆوەكاندا پێكهاتوویەكی زۆربوونە، یەك هێلكە پەیدادەكات لە ماوەی دابەشبوونی ئاساییدا (149)

**ئەشەن Lichen** جووتەی هاوگوزەرانی نێوان كەڕوو وقەوزە سەوزەكانە (116)

**ئەندامی كۆكردنەوە Sink** ئەو شوێنەیە تێیدا ڕووەك شەكرەكان كۆدەكاتەوە یان تیاییدا بەكاریان دێنێت (140)

**ئەفلاتۆكسین Aflatoxin** ژەهری كەڕووە دەبێتە هۆی شێرپەنجەی جگەر، جۆرێك لە كەڕووەكان دروستی دەكات (117)

**ئیكتۆپلازم Ectoplasm** ناوچەیەكی سایتۆپلازمە ڕاستەوخۆ دەكەوێتە ناوپەردەی خانەو پێیەوە لكاوە (95)

**ئەنثریدیا Antheridium** لە ڕووەكە بێتۆوەكاندا، پێكهاتوویەكی زۆربوونە نێرە گەمیتەكان دروست دەكات لە ماوەی دابەشبوونی ئاسییدا (149)

**ئیندۆپلازم Endo plasm** ناوچەیەكی سایتۆپلازمە دەكەوێتە ناو خانەوە (95)

**ئەندۆلە ترشی سركیك Indoleactic acid** هۆرمۆنی ئۆكسینە پەیدا دەبێت لە ناوچەكانی دروستكەری چالاك لە ڕووەكدا (168)

**ئیثیفۆن Ethephon** كیمیكە ماددەیەكی دەستكردە هەڵدەوەشێت وگازی ئیثیلینی لێدەردەچێت وبەكاردێت بۆ پێگەیشتنی بەر (168)

**ئیثیلین Ethylene** هۆرمۆنێكی گازییە بەشە هەمە جۆرەكانی ڕووەك دروستی دەكات و دەیكاتەوە ناو هەواوە (168)

**ئەلقەی ساڵانە Annualring** ئەلقەی گەشەی ساڵانەیە لە ڕووەكی داریندا (139)

**ئاوەڵە خانە Companion cell**ڕووەكە خانەیەكی تایبەتمەندە بەشدارە لە كۆنترۆڵكردنی گواستنەوەی شەكرەكان بەناو بۆری هێڵەكییدا (131)

**ئیسفەنجە ئاوەندە شانە Spongy Mesophyll** ناوەندە شانەیە خانەكانی شێوە نارێكن بە كەلێن دەورە دراون ڕێگە دەدات ئۆكسجین ودوانۆكسیدی كاربۆن وئاو لە خانەوە بۆ خانە بڵاوببنەوە (143)

**ئەدینۆسینی دوانە فۆسفاتی Adenosine diphosphate** ماددەیەكی دیاریكراوی زیندە چالاكییەكانە تایبەت بە وزەیە، لە ڕێگەی هەڵوەشاندنی ئەدینۆسینی سێ فۆسفاتیەوە پەیدادەبێت (23)

**ئەسیتایلی ئاوەڵە ئەنزیم A Acetyl coenxyme** ئاوێتەیەكە كارلێك لەگەڵ ترشی ئۆگزالۆ سركیك دەكات لە یەكەم هەنگاوی سوڕی كریبسدا (36)

**ئەكتینۆمایستیس Actino maycetes** تاكێكە لە هۆزی بەكتیریا، شێوە چیلكەییە، وەدەزوولەی لقدار دروستدەكات (78)

**ئەنزیمی دروستكەری ئەدینۆسینی سێ فۆسفاتی ATP Synthase** ئەنزیمێكە هانی دروستكردنی ئەدینۆسینی سێ فۆسفاتی دەدات، لە ئەدینۆسینی دوانە فۆسفاتی و فۆسفاتەوە (23)

**ئایۆنە جۆگەكان Ion Channel** پرۆتینێكی پەردەییە، جۆگەیەك بە ناوپەردەی خانەدا پێكدێنێت لەڕێگەیەوە ئایۆنەكان بڵاودەبێتەوە (10)

**ئاسانكارە بڵاوبوونەوە Facilliated diffusion** كرداری گواستنەوەی ماددەكانە بە ئاراستەی ژێر خەستە لێژی بە پەردەی خانەدا بە یارمەتی پرۆتینە گوێزەرەوەكان (9)

## ب

**بڵاوبوونەوە Diffusion** كرداری گواستنەوەی گەردەكانە لە ناوچەیەكی خەستی بەرز بۆ ناوچەیەكی خەستی نزم (5)

**بەش Variety** دابەشكردنێكی دیكەیە یان كۆمەڵێكی لاوەكیە لەناو جۆرێكدا (49)

**بێیاهەناسەی ناچاری Obligate anaerobe** زیندەوەرێكە پێویستی بە ئۆكسجین نیە (83)

**بەكتریا خۆركە Bacterio phage** ڤایرۆسێكە، بەكتریا تووشدەكات (63)

**بەكتریای ڕیخۆڵە Enteric bacterium** بەكتریای خۆنەژێنە، بۆیەی گرام نێگەتیڤە، لە ڕیخۆڵەی گیانەوەراندا دەژین (79)

**بەكتریای ڕاستەقینە Eubactria** كۆمەڵە زیندەوەرێكی تاكخانەو ناووك سەرەتایین، هەموو بەكتریاكان دەگرێتەوە جگە لە بەكتیریای كۆن (53)

**بەكتریای چیلكەیی Bacillus** بەكتیریایە لە شێوەی چیلكەدایە (76)

**بەكتریای هێشوویی Staphylococcus** بەكتیریای ڕاستەقینەن، بە شێوە بارستەی هێشوویی هەن (76)

**بەكتریای كۆن Archaebacterium** زیندەوەری تاك خانەو ناووك سەرەتایین، لە ناووك سەرەتاییەكانی دیكە جیادەكرێنەوە لە ڕووی پێكهاتنی كیمیایی پەردەی خانەو دیواری خانەوە (52)

**بەكتریای گۆیی Coccus** بەكتریایە لە شێوەی گۆدایە (76)

**بەكتیریایی گۆیی ئەزبیحی Streptococcus** بەكتریای بۆیەی گرام پۆزەتیڤە، بە شێوەی زنجیرەییە (76)

**بەكتریای لولپێچی Spirillum** بەكتریای ڕاستەقینەن بە شێوەی لوولپێچیە (76)

**با هەناسە Aerobir respiration** كردارێكە كە خانە تیایدا هەڵدەستێت بە دروستكردنی ئەدینۆسینی سێ فۆسفاتی لە ڕێگەی هەڵوەشاندنی ئاوێتە ئەندامییەكانەوە و ئۆكسجین تێیدا، دوا وەرگری ئەلكترۆنەكانە (36)

**بۆیەی گرام نێگەتیڤ Gram negative** بەكتریایەكە ڕەنگی پەمەیی وەردەگرێت، لە كاتی بەكارهێنانی بۆیەی گرام، ئاسایی بەرگێكی دەرەوەی لە پاڵ دیواری خانەیی هەیە (77)

## ب

**بۆیە Pigment** ئاوێتەی ڕووەکییە، ورۆشنایی دەمژێت ورەنگ دەداتەوە (20)

**بۆیەی یارمەتیدەر Accessory Pigment** بۆیەیەکە تیشکە وزە دەمژێت، ودەیگۆزێتەوە بۆ کلۆرۆفیل A لە کرداری ڕۆشنەپێکهاتندا (21)

**بۆیەی گرام Gram** کۆمەڵە بۆیەیەکە کە بەکتریا بە ڕەنگی وەنەوشەیی یان پەمەیی ڕەنگ دەکات بە پێی پێکهاتنی کیمیایی دیواری خانەکە (76)

**بیست ڕوو Icosahedron** تەنێکی فرە ڕووە یان پۆشەری ڤایرۆسە بە بیست ڕووی سێ گۆشەیی وەسف دەکرێت (61)

**بوار Domain** یەکێکە لە کۆمەڵە گەورەکانی سیستمی سێ بواری پۆلێنکردن کە هەموو زیندەوەرانی بۆ دەگەڕێتەوە لەسەر بنچینەی شی کردنەوەی RNA بۆڕایبۆسۆمەکان (55)

**بۆری هێڵەکی Sieve tube** پێکهاتەیەکە لە خانەکانی تیانی ڕووەکە گوڵدارەکان پێك دێت (131)

**بۆری هەڵاڵە Pollentube** پێکهاتەیە لە دەنکە هەڵاڵەوە گەشە دەکات، نێرە خانەکانی پێدادەڕوات بە ئاراستەی خوارەوە بەرەو هێلکۆکە (156)

**بەرکەوتنە ڕووتێکردن Thigmotropism** گەشەی ڕووەکە بۆ وەڵامدانەوەی بەرکەوتن بە تەنێکی ڕەق نموونەش تەرزەکانی ڕووەکی خۆهەڵواسی وەك مێو، کاتێك بەر تەنێکی دیاریکراو دەکەوێت بە دەوریدا لوولدەبێت (169)

**بزێوە سپۆر Zoospore** سپۆرێکە قامچی هەیە (99)

**بەربەست Septa** ئەو دیوارانەن کە دەزووی کەڕوو بۆ خانەکان دابەش دەکات (111)

**بۆرییە خانە Tube celll** خانەی دەنکە هەڵاڵەیە بۆرییە ناووکی تێدایە (155)

**بەرگ Integument** یەك چین یان دوو چینە لە دەرەوەی هێلکۆکەی ڕووەك (151)

**بەرگە تۆو Seed coat** پێکهاتوویێکی پارێزەرە لە تۆوی ڕووەکدا (158)

**بۆریچکە Tracheia** خانەیەکی درێژە دیوارێکی ئەستوور و کۆتاییەکانی باریکن بەشێك لە دارکە شانەی ڕووەك پێکدێنێت (131)

**بنچینە شانە Ground tissue** جۆرێکی شانەی ڕووەکیە لە پارانکیماو کۆڵەنکیما وسکلرەنکما پێك دێت (130)

**بیردۆزی پێکەوەنوسان وبەیەکدالکان Cohesion tension theory** دەقەکەی دەڵێت کە ئاو توانای هەیە بگوازرێتەوە بۆ سەرەوە بە ناو شانەی قەددا، بە هۆی ئەو کێشکردنە بە هێزەی لە نێوان گەردەکانی ئاو دا هەیە (141)

**بۆیەی گرام پۆزەتیف Gram positive** بەکتریایە، ڕەنگی پەمەیی وەردەگرێت بە هۆی بۆیەی گرامەوە، ئاسایی بەرگی دەرەوەی لە پاڵ دیواری خانەی نیە (77)

**بەرهەمهێنی میثان Methanogen** بەکتریایە کە میثان دروستدەکات، لەماوەی کرداری بێبا هەناسەدا (75)

**برە خوێی کەم پێویست Micronutrients** ئەو کیمیکە توخمانەن کە خانەکان تارادەیەك بەبڕی کەم بەکاریان دێنن (136)

**برە خوێی زۆر پێویست Macronutrients** ئەو کیمیکە توخمانەن کە خانەکان تارادەیەك بە بڕی زۆر بەکاریان دەهێنن (136)

## پ

**پێتگۆرکێ Conjugation** یەکگرتنی دوو لە پێشەنگیەکانە بە ئامانجی گۆڕینەوەی بۆماوە ماددە (99)، (84)

**پەڕەی گوڵ Petal** بەشێکە لە بەشەکانی پەڕەی ڕەنگداری گوڵ لەگەڵا دەچێت ئاسایی ڕەنگیان بریقەدارو جوانە (153)

**پارانکیما Parenchyma** لە ڕووەکدا بریتیە لە بنچینە شانەیەکی زیندوو لە خانەی دیوار تەنك پێك دێن (129)

**پلازمۆدیۆم Plasmodium** سایتۆپلازمی فرە ناووکی کەڕووی مڵە بەپەردە دەورە دراوە وەك بارستەیەك دەگوازرێتەوە (105)

**پیتراوسپۆر Zygospore** پێکهاتەیەکی پاراستنە پەیدادەبێت کاتێك دیواری هێلکەی پیتراو ئەستوور دەبێت (99)

**پایرینۆید Pyernoid** پێکهاتە پرۆتینێکی بچووکە دەکەوێتە ناو سەوزە پلاستیدەوە لە هەندێك قەوزەکاندا نیشاستە کۆدەکاتەوە (98)

**پارچە کردن Fragmenation** لە کەڕووەکاندا شێوەیەکی ناتوخمە زۆربوونە کە تیایدا تاکە خانەکان دەردەچن بە شێوەی سپۆر کاردەکەن (112)

**پاسەوانە خانە Guard cell** یەکێك لەو دوو خانەیەیە کە دەوری دەمیلەیان داوە، کە هەریەکەیان دیوارە خانەی جیریان هەیە، هەردووکیان تێپەڕبوونی گازو ئاو ڕێکدەخەن (144)

**پێکهێنە خانە Generative cell** لە دەنکە هەڵاڵە دایە، ئەم خانەیە دوو نێرە خانە دروست دەکات (155)

**پەرەی هێڵەکی Sieve Plate** ناوچەیەکە لە کۆتایی بۆری هێلەکی، کیمیکە ئاوێتەکانی پێیدا تێپەردەبن لە خانەیەکەوە بۆ خانەیەکی دیکە (131)

**پلانکتۆنی گیانەوەری Zoo Plankton** وردبینە زیندەوەری گیانەوەرین لە ژینگە ئاوییەکاندا دەژین بنچینە ئاستی پەیوەندییە خۆراکیەکان دەنوێنێت (93)

**پلانکتۆنی ڕووەکی Phyto plankton** وردبینە زیندەوەرن ڕۆشنە پێکهاتن بەجێدێنن (98)

**پەلکۆکە Leaflet** یەکێکە لە بەشەکانی تیغ (143)

**پۆرگ Anther** پێکهاتوویەکی نێرەکی هەڵئاوساوە لە ڕووەکی تۆو داپۆشراودا تیایدا دەنکە هەڵاڵەکان دروست دەبن (153)

**پۆشەر Virus capsid** ئەو پرۆتینەیە کە ڤایرۆسی داپۆشراوە (60)

**پرۆتینی گوێزەرەوە Carrier Protein** پرۆتینێکە کە ماددەی دیاریکراو بە پەردەی زیندوودا دەگوێزێتەوە (9)

**پێپتیدوگلایکان Peptidoglycan** ئاوێتەیەکی پرۆتینی شەکرییە، لە دیواری خانەی بەکتریادا هەیە (75)

## پ

**پرۆتینی شەکری Glycoprotein** گەردی پرۆتینیە کە زنجیرە شەکری پێوە دەبەسترێت (61)

**پریوونە پەستان Turgor pressuer** پەستانی ئاوە لەناو خانەی رووەکیدا (8)

**پریۆن Prion** گەردی پرۆتینی شەکریە، پەیوەندی بەو نەخۆشیانەوە هەیە، کە ماوە هەڵهاتنیان درێژە(62)

**پەنسیلین Penicillin** دژە زیندەییەکە، بەکتریا لە ناوەبات، بە رێگرتن لە دروستکردنی دیواری خانە بۆ بەکتریاکە (86)

**پردی پێتگۆرکێ Conjugation bridge** ڕێرەوێکە کە پێیدا ئاڵوگۆڕی بۆماوە ماددە دەکرێت لە زیندەوەرێکەوە بۆ زیندەوەرێکی دیکە وەك لە بەکتریا وهەندێ قەوزەو کەڕووەکاندا (84)

**پلە Order** کۆمەڵە خێزانێکی لێکچووە لە پۆلێنزانیدا (48)

**پۆلێنزانی Taxonomy** زانستی کۆکردنەوەی زیندەوەرانە بەپێی پەیوەندییە دانراوەکان کە کۆیان دەکاتەوە (47)

**پەرچە ڤایرۆس Retrovirus** ڤایرۆسێکە لە ڤایرۆسی نایدزی مرۆڤ دەچێت کە ناووکە ترشی رایبۆزی ونەتزیمی پەرچە لەبەر گرتنەوەی تێدایە (61)

**پالنەری سۆدیۆم پۆتاسیۆم Sodium-Potassium Pump** پرۆتینێکی هەڵگرە، کە بە چالاکی ئایۆنەکانی پۆتاسیۆم $K^+$ بۆ ناو خانە، وە ئایۆنەکانی سۆدیۆم $Na^+$ بۆ دەرەوەی خانە دەگوێزێتەوە (11)

## ت

**تۆو Seed** کۆرپەلەی رووەکە لەناو بەرگێکی پارێزەردا (158)

**تەخت Receptacle** کۆتایی هەڵئاوساوی لقێکە بنکەی گوڵ دەنوێنێت (153)

**تۆڕەدەمارکردن Netvenation** لەگەڵای رووەکدا دەمارەکان لقیان لێدەبێتەوە لەوانیشەوە لقی بچووکتر بۆ پێکهێنانی تۆڕێك (143)

**تەریبە دەمارکردن Parallel venation** ریزبەندبوونی دەمارەکانە لەگەڵادا بە شێوەی تەریب (143)

**تەنەبەر Fruiting body** ئەو پێکهاتووەیە لە کەڕووی ملدا سپۆرەکان هەڵدەگرێت لە کاتی زۆربووندا (104)

**تەنەبەری کۆڵەکەیی Basidiocarp** تەنێکی بەردارە لە کەڕووی کۆڵەکەییدا (114)

**تەنەبەری تورەکەی Asco carp** تەنێکی بەردارە لە کەڕووە تورەکەییەکاندا (115)

**ترشی ئەبسیسك Absicic Acid** هۆرمۆنێکە لە رووەکدا بەشداری لە رێکخستنی گەشەی گۆپکەکان وچەکەرەکردنی تۆوەکاندا دەکات (168)

**تەختە Wood** لەرووەکدا شانەیەکە پێك دێت لە چەند چین لە دارکە شانە ئاسایی لەناوەڕاستی قەدەکەدایە (139)

**توێکڵ Cortex** لە رووەکدا بنچینە شانەی پێگەیشتووە راستەوخۆ دەکەوێتە ناوەوەی دەرەرووپۆش (134)

**پێستۆکە Pellicle** پۆشەرە پرۆتینێکی ڕەقە لە هەندێك زیندەوەرە تاك خانەکاندا (95)

**تەپەدۆرەکامبیۆم Cork cambium** شانەی دروست کەری تەنیشتییە لە رووەکدا تەپەدۆر دروست دەکات (132)

**تورەکە Ascus** سپۆردانە لە رووی تەنەبەرداری تورەکەیی دروست دەبێت (115)

**تورەکەی کۆرپەلە Embryosac** لە رووەکدا قۆناغی مێیە گەمیتی گەورەیە حەوت خانەی تێدایە (هەشت ناووکە) (154)

**تەرز Tendril** گەڵایەکی تایبەتمەندە لە چەند رووەکێکی خزهەڵواسدا هەیە شێوەی چەماوەیەکی لوول بوو وەردەگرێت (142)

**تۆوڕووتەکان Gymnosperms** ئەو رووەکانەن تۆوەکانیان لەناو هێلکەداندا نین (125)

**تۆوداپۆشراوەکان Angiosperms** رووەکی گوڵدارە (125)

**تیغ Blaed** بەشە تەخت وپانەکەی گەڵایەکی نموونەییە (142)

**تێتراسایکلین Tetracycline** دژە زیندەییەکە، بەکتریا لەناودەبات لە رێگەی بەرگری لە دروستکردنی پرۆتینی بەکتیری (86)

**توخم Genus** کۆمەڵە جۆرێکی چونیەکن لە زیندەوەران لە پۆلێنزانیدا (48)

**ترشی ئۆگزالۆسرکیك Oxaloacetic acid** ئاوێتەیەکی چوار کاربۆنیە، لەگەڵ ئەسیتایل CoA دا یەکدەگرێت لە سوڕی گرێبسدا، بۆ دروستکردنی ترشی ستریك (37)

**توندڕەو Virulent** ڤایرۆسێکە دەبێتە هۆی نەخۆشی، وبە توندی توشدەکات (64)

**ترشی پایرۆڤیك Pyruvic acid** گەردێکی سێ کاربۆنیە، دوا بەرهەمی شەکرە شیبوونەوەیە (32)

**ترشی ستریك Citrik acid** ئاوێتەیەکی شەش کاربۆنیە، لە سوڕی کرێبسدا دروستدەبێت (37)

## ث

**ثالۆس Thallus** تەنی قەوزەیە (98)

## ج

**چەسپاندنی کاربۆن Carbon Fixation** کردنە ژوورەوەی دوانۆکسیدی کاربۆنە بۆ ناو ئاوێتە ئەندامیەکان (24)

**چیکڵدانۆچکە Vesicle** تورەکەیە لە خانەی ناووك راستەقینەدا،کەبە پەردەی خانە وەیە ماددەیەکی تێدایە پەیوەندە بە هاوردەو دەرکردەی خانەوە یان بە گواستنەوە لەناو خانەدا هەیە (13)

**چیکڵدانەی جیاواز Heterocyst** خانەیەکە لە جۆری بەکتریای سەوزە شینباوەکان، نایترۆجینی هەوا دەچەسپێنێت (77)

**چونەوەیەك Plasmolysis** کرژبوون، یان سیسبوونەوەی خانەیەکە دیواری هەبێت لە دەوروبەرێکی ژینگەیی خەستی بەرزدا (8)

**چەکەرەکردن Germination** لە رووەکدا ئەو کردارەیە تێیدا کۆرپەلەی تۆودەست بە گەشەدەکات (127)

**چاوەپەڵە Eyespot** ئاوچەیەکی دیاریکراوی بۆیەکراوە لە گیانەوەرە بێ بڕبڕەکان و سەرەتاییەکاندا کە گۆڕانەکانی برو جۆری رۆشنایی چاودێری دەکات (93)

**چێوە بازنە Pericycle** لە ڕووەکدا دوا دەرە لوولەیە پێك دێت لە خانەکانی ناوچەی ناوەندە لوولە (135)

**چاندنی شانە Tissue culture** پەرەپێدانی خانە زیندووەکانە لە ناوەندە ماددەیەکی دەست بەسەر داگیراودا (162)

## ج

**جۆر Species** کۆمەڵێك لە زیندەوەران، بە هەمان سیفەتی جۆرایەتی جیا دەکرێنەوە وتوانای خستنەوەی وەچەیان هەیە، هەمان تایبەتمەندی، لە دەوروبەری ژینگەیی سروشتدا (48)

**جووت پیتێن Double fertilization** لە ڕووەکدا یەکگرتنی دوو جۆرە خانەیە لەناو تورەکەی کۆرپەلەدا ڕوودەدات کرداری یەکگرتنی یەکێك لە ناووکی نێرە خانە لەگەڵ ناووکی هێلکە خانە بۆ دروست بوونی هێلکەی پیتراو (2n)، وە هەروەها یەکگرتنی ناووکی نێرە خانەی دووەم لەگەڵ جووت ناووکی جەمسەر بۆ دروست بوونی تێشو(3n) (157)

**جبریلین Gibberellin** هۆرمۆنێکی ڕووەکیە کاردەکاتە سەرهاندانی گەشەی درێژی و وەستاندنی قۆناغی متبوون (168)

**جووت ناووکی جەمسەر Polar nuclei** لە ڕووەکدا ئەو دوو ناووکەن بە ئاراستەی ناوەڕاستی خانەکە دەچن لەکاتی دروست بوونی تورەکەی کۆرپەلەدا (154)

## خ

**خانە هەناسە cellular respiration** کردارێکە کە خانە تیایدا، ئەدینۆسینی سێ فۆسفاتی دروستدەکات، بە هەڵوەشاندنی ناوێتە ئەندامییەکان (31)

**خانەی هەڵلوشەر Phagocyte** بریتیە لە خانەیەکی قوتدەر (13)

**خێرا بەرکردن Vernalization** هەر پێویستیەکی هەندێك ڕەگ یان سپۆرەکانە کە بەر ساردی بکەون پێش ئەوەی بتوانن چەکەرە بکەن (173)

**خەوی ئەفریقی Trypanosomiasis** شێوەیەکە لە شێوەکانی نەخۆشی خەو (96)

**خۆرکەی بەرایی Prophage** بەکتریا خۆری ناو خانەیە وە زیان بەخانەی خانە خوێ ناگەیەنێت (66)

**خێزان Family** کۆمەڵەی توخمێکی لێکتر نزیکن لە پۆلێنزانیدا (48)

**خەستی یەکسان Isotonic** سیفەتی گیراوەیەکە، کە خەستی ماددەی تواوە تیایدا یەکسانە بە خەستیەکەی لەناو خانەدا (7)

**خەستی بەرز Hypertionc** سیفەتی گیراوەیەکە کە خەستی ماددەی تواوە تیایدا زیاترە لە خەستیەکەی لەناو خانەکەدا (6)

**خەستە لێژی Concentration gradien** نزمبوونەوە یان بەرزبوونەوەی ڕێژەی خەستی ماددەیەکی دیاری کراوە لە شوێنێکی دیاریکراودا (5)

**خەستی نزم Hypo tonic** سیفەتی گیراوەیەکە کە خەستی ماددەی تواوە تیایدا کەمترە لە خەستی ناو خانە (6)

## ح

**حەزازیەکان Bryo phyta** ئەو ڕووەکانەن کە هیچ لوولە شانەیەکیان تێدانییە وە ڕەگ یان قەد یان گەڵای ڕاستەقینە دروست ناکەن (126)

## د

**درێژی شەپۆل Wave length** ئەو ماوەیەیە کە دوو لوتکەی شەپۆل لە یەکتر جیادەکاتەوە (20)

**دەرمانی سولفا Sulfa drug** دژە زیندەییەکە بەکتریا لەناو دەبات بەوەستاندنی زیندە چالاکی خانەکەی (86)

**دژە زیندەیی Antibiotic** ماددەیەکی کیمیاییە کە بەرگری گەشەی هەندێك بەکتریا دەکات (78)

**دژە زیندەیی بەرفراوان Broad-spectrum antibiatic** دژە زیندەییە توانای کاریگەری هەیە لەسەر زۆر لە پۆلەکانی زیندەوەران (87)

**دەرکردەی خانەیی Exocytosis** کرداری یەکگرتنی چیکڵدانۆچکەیە بە پەردەی خانەکەوە لەناو خانەکەدا،و ناوەڕۆکەکەی دەهاوێتە دەوروبەری ژینگەیی دەرەوەی (14)

**دەڵاندن Osmosis** بڵاوبوونەوەی ئاوە بە پەردەدا کە بە هەڵبژێری پیارۆ وەسف دەکرێت (6)

**دەوڵەمەندکردنی خۆراك Eutrophication** زۆربوونی ماددەی خۆراکییە لە دەوروبەری ژینگەییدا (77)

**دەرد Blight** نەخۆشیەکە خێرا ڕوودەدات تووشی ڕووەك دەبێت بەوە جیادەکرێتەوە کە گەڵاو قەد وگوڵەکان دادەرزێن و ڕەنگیان ون دەکەن (105)

**دەرە ڕوویۆش Epidermis** چینە خانەیەکە دەرە بەرگی ڕووی لەشی ڕووەك پێکدێنێت (130)

**دەمارکردن Venation** ڕیزبەندبوونی دەمارەکانە لە گەڵادا (143)

**دەنکە هەڵاڵە Pollen grain** قۆناغی نێرە گەمیتە لە ڕووەکە تۆودارەکاندا (152)

**دایکە خانەی مێیە سپۆر Megaspore mother cell** خانەی جووت کۆمەڵەی کرۆمۆسۆمییە لە هێلکۆکەدا بە کەمە دابەشبووندا دەڕوات بۆ دروست کردنی چوار مێیە سپۆری تاك کۆمەڵەی کرۆمۆسۆمی (154)

**دایکە خانەی نێرە سپۆر Micro spore mother cell** خانەی جووت کۆمەڵەی کرۆمۆسۆمیە لە تورەکەی دەنکە هەڵاڵەدا هەیە بە کەمە دابەشبووندا دەڕوات بۆ دروست کردنی چوار نێرە سپۆری تاك کۆمەڵەی کرۆمۆسۆمی (155)

**دەزوولە Filament** لە گوڵدا پێکهاتەیەکە پۆرگی لەسەر جێگیردەبێت (153)

**دەزوولە کەڕوو Hypha** (هایفا) دەزوولەیەکی زیندووی کەڕووە (111)

**دایاتۆم Diatom** پێکهاتەیەکی زۆری پلانکتۆنی ڕووەکیە و ئەندامی لقی قەوزە چیلکەییەکانە (102)

## د

**دوولەپ Dicot** ڕووەکێکی تۆوداپۆشراوەکانە دوو لەپەو ژمارەکانی تۆرپە، بەشەکانی گوڵەکەی چوارین یان پێنجین (128)

**دەرچەی دەم Mouth pore** پێکهاتەیە کە لە دەمەکەندەک کە پارامسیۆم خۆراکە ماددەکانی پێوەردەگرێت (95)

**دەمەکەندەک Oral groove** پێکهاتەیە کە لە ڕەحەتی دەچێت کوڵکدارەکان بۆ خواردن بەکاری دەهێنن (95)

**دارکە لوولەک Xylem vessel** لە ڕووەکەکاندا پێکهاتەیەکە لە خانە پێک دێت کە بۆرییەک پێک دێنێت ئاو وخوێیەکان دەگوازێتەوە بەناو ڕووەکدا (131)

## ڕ

**ڕۆشنەپێکهاتن Photosynthesis** گۆڕینی تیشکە وزەیە بۆ کیمیکە وزە، کە لە ناوێتە ئەندامییەکاندا کۆ دەکرێتەوە (19)

**ڕۆشنە خۆژێن Photo autotroph** زیندەوەرێکە ڕۆشنایی خۆر بەکاردەهێنێت وەک سەرچاوەیەکی وزە (83)

**ڕێچکەی کیمیایی زیندەیی Bio chemical pathway** ئەو زنجیرە کیمیکە کارلێکانەن کە بەکارهێنانی بەرهەمەکانی کارلێک لە کارلێکی دوای خۆی تێدا ڕوودەدات (19)

**ڕۆشنە کارلێکەکان Light reactions** کارلێکە یەکەمیەکانە (بنچینەییەکان) بۆ ڕۆشنە پێکهاتن لەوانە مژینی ڕۆشنایی، لە ڕێگەی سیستمی ڕۆشنایی یەکەم و دووەم وتێپەڕبوونی ئەلکترۆنەکان بە درێژایی زنجیرە گوێزەرەوەکانی ئەلکترۆن وپەیداکردنی NADPH وئۆکسجین. ودروستکردنی ئەدینۆسینی سێ فۆسفاتی بەکرداری کیمکە دەلاندن (20)

**ڕۆشنە ڕووتێکردن Photo tropism** گەشەی ڕووەکە بۆ وەلامدانەوەی ڕۆشنایی (173)

**ڕەگی ڕیشاڵی Fibrousroot** ڕەگی شێوە دەزوولەن گەشەدەکەن ولەژێر ڕووی خاکدا بلاودەبنەوە توانای مژینی ئاو خوێ زیاد دەکەن وڕووەک لە خاکدا دەچەسپێنن (133)

**ڕەگی مێخی Taproot** ئەو ئەندامەیە پەیدادەبێت لە گەشەی ڕەگی سەرەتایی بە ئاراستەی خوارەوە دەبێتە گەورەترین ڕەگ (133)

**ڕەگۆکە Radicle** ڕەگی کۆرپەلەیە لە ڕووەکدا (159)

**مووڕەگ Roothair** درێژبووەی ڕووپۆشە خانەی ڕووەکە (134)

**ڕێکخەری گەشە Growth regulator** هۆرمۆنە هانی گەشەی ڕووەک دەدات یان دەیوەستێنێت (167)

**ڕووەکی ڕۆژگاری سروشتی Day neu-tral plant** ئەو ڕووەکانەن درێژی ڕۆژ کاری تێناکات (171)

**ڕووەکی تۆودار Seed plant** ڕووەکە تۆو دروست دەکات بە ئامانجی زۆربوون (125)

**ڕووەکی نالوولەیی Nonvascular plant** ڕووەکەلوولە شانەو ڕەگ وقەد وگەڵای ڕاستەقینەی نییە (125)

**ڕووەکی ڕۆژگاری درێژ Long-day plant** ڕووەک گوڵدەکات کاتێک دەخرێتە بەر ڕۆژی درێژی زیاتر لە ڕۆژگاری ڕووەکەکە (171)

**ڕووەکی ڕۆژگاری کورت Short-day plant** ڕووەکە گوڵدەکات کاتێک دەخرێتە بەر ڕۆژی کورت لە ڕۆژگاری ڕووەک (171)

**ڕووەکی لوولەیی Vascular plant** ڕووەکەدارکە شانەو نیانە شانەی تێدایە (125)

**ڕووتێکردن Tropism** جووڵەی ڕووەکە بە ئاڕاستەی هاندەر یان بە دوورکەوتنەوە لێی لە دەوروبەری ژینگەییدا (167)

**ڕایزۆم Rhizome** قەدێکە لەناو زەویدایە سەر بە قۆناغی سبۆری سەرخەسە (127)

## ز

**زنجیرەی گواستنەوەی ئەلکترۆن Electro transport chain** گەردەکانی ناو پەردەی سایلۆکۆید، یان پەردەی ناوەوەی مایتۆکۆندریا، هەندێ لە وزەی ئەلکترۆنەکان بەکار دێنن بۆ پاڵنانی پرۆتۆنەکان بەناو پەردەدا (22)

**زیندە ڕۆشنایی Biouminescence** پەیداکردنی ڕۆشناییە لە ڕێگەی کیمیکە کارلێکەوە لە زیندەوەراندا (102)

**زەوییە ڕووتێکردن Geotropism** گەشەی ڕووەکە بۆ وەلامدانەوەی کێشکردنی زەوی (170)

**زیپکە Sorus** بارستەیەکە لە سپۆردانەکان لەسەرخەسیەکاندا (150)

**زاڵبوونی لوتکەی گەشەکەر Apical dominance** گەشەی ڕووەکە بە پێی شێوازێک کە لقەکانی نزیک بە لوتکەی قەدی ڕووەک کورتترن لە لقەکانی دوور لە لووتکەی قەدی ڕووەکەکان (168)

## ژ

**ژێر جۆر Sub species** پۆلەکانی جۆرە گیانەوەرانێکن کە لە ناوچە جوگرافیە جیاوازەکاندا هەن (49)

**ژەهری دەرەکی Exotoxin** پرۆتینە ژەهرێکە ئەو بەکتریایانە دەریدەدەن کە دەبنە هۆی توشبوون بە نەخۆشی. (85)

**ژەهری ناوەکی Endotoxin** ماددەیەکی ئاوێتەیە دەبێتە هۆی پەرچە کردارێکی ژەهری، ودەچێتە پێکهاتنی دیواری خانەی ئەو بەکتریایانەوە کە بۆیەی گرام نێگەتیڤن (86)

**ژەهرە ماددە Toxin** ماددەیەکی کیمیایی زیندەییە، زیان بە فرمانە سروشتیەکانی خانە دەگەیەنێت (85)

## س

**سیستمی ڕۆشنایی Photosystem** لە ڕووەکەکاندا چەند سەدیەکەیەک لە گەردەکانی کلۆرۆفیل و گەردی بۆیەی کارۆتینۆیدیەکان کە لە پەردەی سایلۆکۆیدەکاندا هەن، پێکدێنێت (21)

**سترۆما Stroma** گیراوەیەکە لە ڕووەکدا کە دەوری سایلۆکۆید دەدات لە سەوزە پلاستیدا (20)

**سووڕی شیبوونەوە Lytic cycle** کرداری دووهێندەبوونی ڤایرۆسە کە دەبێتە هۆی تێکشکاندنی خانەی خانە خوێ (64)

**سووڕی کالڤن Calvin Cycle** زنجیرە زیندەیی کیمیایی کرداری ڕۆشنە پێکهاتنە، بەهۆیەوە دوانۆکسیدی کاربۆن دەگۆڕێت بۆ کاربۆهایدرات (24)

**سووڕی کریبس Crebs Cycle** زنجیرە کارلێکێکی کیمیایی زیندەییە کە دوانۆکسیدی کاربۆن دەردەپەڕێنێت ودەبێتە هۆی دروستکردنی ئەدینۆسینی سێ فۆسفاتی (37)

**سپارۆکیت Spirochete** بەکتیریای بۆیەی گرام نێگەتیڤە، شێوەی لولپێچیەو خۆ نەژێنە (78)

**سپۆری ناوەکی Endospore** خانەی بەکتیریایە لە باری متبووندا لەناو بەرگێکی ڕەق وبەهێزدا (82)

**سکلرەنکیما Sclerenchyma** بنچینە شانەیە ڕووەك ڕادەگرێت وبەهێزی دەکات (129)

**سەوزە زۆربوون Vegtative propagation** ناتوخمە زۆربوونە لە ڕووەکدا (162)

**سەرەتاییەکان Protozoa** پێشەنگی تاك خانەن، ناووك ڕاستەقینەن دەتوانن بە شێوەی سەربەخۆ بجووڵێن (93)

**سپۆر Spore** زۆربوونە خانەی بەتینە لە زیندەوەرانی وەکو هەندێك ڕووەك و پێشەنگییەکان و کەڕووەکاندا (150)

**سپۆری تورەکەیی Ascospore** یەکێکە لە هەشت خانەکەی ناو سپۆردانی کەڕووی تورەکەیی، تاك کۆمەڵەی کرۆمۆسۆمیە (115)

**سپۆری سپۆردان Sporangio spore** لە کەڕووەکاندا ئەو سپۆرانە پەیدادەبن لە ناو سپۆردانەدا (112)

**سکچوونی ئەمیبی Amebic dysentery** هەندێك جار نەخۆشیەکی کوشندەیە بە هۆی ئەمیبیاوە ڕوودەدات کە دەچێتە ناو لەش لە ڕێگەی خۆراك یان ئاوی پیس بوو (95)

**سایتۆکینین Cytokinin** هۆرمۆنی ڕووەکیە هانی دابەش بوونی خانە دەدات (168)

**سپۆرۆزۆیت SporoZoite** زیندەوەرێکی سەرەتاییە لە چیکلدانە دەردەچێت ئامادەیە بچێتە ناو خانە خۆیی نوێ (97)

**سەدەف Test** بۆشەرێکی پتەوە لە هەندێك پێشەنگیەکان وگیانەوەرە بێ بڕبڕەدارەکاندا (95)

**سپۆردان Sporangium** سپۆردانە سپۆری تێدایە لە ڕووەك وقەوزەکان و کەڕووەکاندا (100)

**سەرچاوە Soruce** ئەو شوێنەیە کە تێیدا ڕووەك شەکرەکان دروست دەکات (140)

**ستوونە ناوەندە شانە Palisade meso-phyll** لە ڕووەکدا چینێك شانەیە لە ژێر دەرە ڕووپۆش کە زۆربەی ڕۆشنە پێکهاتنی تێیدا بەجێدێت (143)

**سەرخەسە گەڵا Frond** گەڵای پێگەیشتووە لە ڕووەکی سەرخەسیدا (127)

## ش

**شانەی ڕووپۆش Dermal tissue** جۆرێکە لە شانەکانی ڕووەك کە پۆشەری دەرەوەی ڕووەك پێك دێنێت (130)

**شانەی دروستکەر Meristem** ناوچەی گەشەیە لە ڕووەکدا (132)

**شانەی دروستکەری نێوانی Intercalary meristem** ناوچەیەکە لە شانەی ڕووەك ڕێگە دەدات بە گەڵای گیاییەکان کە بە خێرایی دووبارە گەشە بکەنەوە (132)

**شانەی دروستکەری تەنیشتی Lateral meristem** لە ڕووەکدا ناوچەی گەشەیە تیرەی ڕەگ و قەد زیاد دەکات (132)

**شانەی دروستکەری لوتکەیی Apical meristem** ناوچەی گەشەیە لە ڕووەکدا (132)

**شیبوونەوە Lysis** تێکشکاندنی خانەیە بە هۆی تێکچوون لە پەردەی پلازمادا (65)

**شیبوونەوەی خانە Cytolysis** تەقینی خانەیە (9)

**شەکرە شیبوونەوە Glycolysis** ڕێچکەی ئۆکساندنی گلوکۆزە بۆ ترشی پایرۆڤیك (31)

**شەبەنگی بینراو Visible Spectrum** بەشێکە لە ڕۆشنای خۆر کە چاوی مرۆڤ دەیبینێ بە شێوەی ڕەنگی جیاواز (20)

**شانشین Kingdum** کۆمەڵە لق ویۆلێکی لێکچوون لە پۆلێنزانیدا (48)

**شوێنی وەرگر Receptersite** ناوچەیەکە لە پەردەی خانەدا کە دژە پەیداکەری پێوە دەنوسێت (64)

## ڤ

**ڤایرۆس Virus** وردکەی نازیندووە زیندەوەران توشی نەخۆشی دەکات وپێکدێت لە ناووکە ترش وبەرگی پرۆتین (59)

**ڤایرۆسی میانڕەو Temperate Virus** ڤایرۆسێکی لەناوبەرنیە، بە دەگمەن دەبێتە هۆی نەخۆشی (65)

**ڤایرۆید Viroid** تاکە شریتێکی کورتی ناووکە ترشی ڕایبۆزییە، دەبێتە هۆی نەخۆشییەکانی ڕووەك (62)

**ڤایرۆسزانی Vieology** لێکۆڵینەوەی ڤایرۆسەکانە (59)

## ف

**فایتۆکرۆم Phytochrome** بۆیەیە لە ڕووەکدا بۆ چاودێری گۆڕانەکانی درێژی ڕۆژ (172)

**فایکۆبلین Phycobilin** بۆیەیە لە قەوزەی سووردا توانای مژینی درێژە شەپۆلەکانی ڕۆشنایی زۆرکەمی هەیە بۆیە قەوزەی سوور دەتوانێت لە ئاوی زۆر قووڵدا بژێت (101)

**فرەکەرتبوون Multiple Fission** شێوەیەکی دابەش بوونی خانەیە ژمارەیەك تاکی لێکچوو پەیدا دەکات (93)

**فیوکۆ زانثین Fucoxanthin** کارۆتینۆیدە بۆیەیە، یەکێکە لە بۆیە سەرەتاییەکان کە لە دایەتۆم وقەوزەی قاوەییدا هەیە (101)

## ق

**قەدۆکەی ژێر لەپ Hypocotyl** ناوچەیەکە لە قەد دەچێت لە ڕووەکدا دەکەوێتە نێوان دوو لەپەکەو ڕەگی سەرەتاییەوە (159)

## ق

**قەڵەم Style** لە ڕووەکدا پێکهاتەیە لە قەدۆکە دەچێت لە هێلکەداندا (153)

**قووچەك Cone** لە تۆوڕووتەکان پێکهاتەیە تۆوەکان هەڵدەگرێت (127)

**قەوزە Algae** پێشەنگیە خۆژێنەکانە (98)

**قەوزە یۆگلینەکان Euglenlods** قەوزەی تاك خانەیە قامچی هەیە (103)

**قەوزەی دەزوولەیی Filamentous Algae** قەوزەیەکە ئالۆسێکی جیری شێوە چیلکەییە، لە چەند کۆمەڵە خانەیەك پێك دێت، کە ڕەفتاری ڕێکخستن لە نێوانیاندا هەیە (98)

**قەوزەی مۆڵگەیی Colonial Algae** قەوزەیە پێکهاتەکەی لە چەند کۆمەڵە خانەیەك پێکدیت لەناویەکدا ڕێکخراون (98)

**قۆناغی سپۆری Sporo Phyte** یەکێکە لە وەچە جووت کۆمەڵە کرۆمۆسۆمیەکانی ڕووەك لەسەر وشکاییدا دەژێن و سپۆرەکان دروست دەکات (100)

**قۆناغی گەمیتی Gameto Phyte** پێکهاتەیەکی فرە خانەیە لە ڕووەك و قەوزەکاندا گەمیتەکان دروست دەکات (100)

## ک

**کیمیکە ڕووتێکردن Chemotropism** گەشەی ڕووەکە بۆ وەڵامدانەوەی کیمیکە ماددە (170)

**کۆڵەکەیی Basidium** زۆربوونە پێکهاتەیەکی تایبەتمەندە لە ڕیشووەکانی کەڕوو پەیدادەبێت (114)

**کاسە Sepal** گەڵای گۆڕاوە خونچە گوڵ دەپارێزێت (153)

**کەڕووی نان Mold** بارستەیە دەزوولەی خانەیی بەیەکداچووە لە کەڕووەکان وەك ئەو کەڕووەی لەسەرنان گەشە دەکات (111)

**کەڕووزانی Mycology** بواری لێکۆڵینەوەی کەڕووەکانە (111)

**کەڕووی ڕایزۆیدی Mycorrhiza** جووتە سوودگۆڕینەوەیە لە نێوان ڕەگی ڕووەك و کەڕوودا (116)

**کەڕووی مڵی پلازمۆدی Plamodial Simemold** ئەندامێکە لە لقی کەڕووە لینجەکان بارستەیەکی سایتۆپلازمی فرە ناووکە خۆراك قوت دەدات بەڕێگەی هەڵلوشین (105)

**کەڕووی مڵی خانەیی Cellular Slimemol** تاکە خانەی تاك کۆمەڵەی کرۆمۆسۆمیە وەکو ئەمیبا دەجووڵێت، تاکێکە لەپۆلی کەڕووە ئەمیبیەکان (104)

**کرۆك Pith** شانەیەکی ڕووەکە دەکەوێتە ناوەڕاستی قەدەوە (139)

**کەڕووی ئاوی Water mold** زیندەوەرە لە کەڕوو دەچێت پێك دێت لە دەزوولەی خانەیی لە ڕژێمە ئاوییە سازگارەکاندا دەژین (105)

**کەڕووە ناتەواوەکان Deutero mycota** کۆمەڵەیەکە لەکەڕووەکان تا هەنوکە قۆناغی توخمی نەدۆزراوەتەوە (116)

**کڵاوەی ڕەگ Rootcap** پۆشەرێکی پارێزەری شانەی دروست کەری لوتکەیی ڕەگە (134)

**کاراجینان Cara geenan** ماددەیەکی دیواری خانەی کەڕووە سوورەکانە وەك ماددەیەکی نەرم کەرەوە بەکاردێت (101)

**کایتین Chitin** کاربۆهیدراتە، بەشێك لە دەرە پەیکەری مێرووەکان و کەڕووەکان پێکدێنێت (111)

**کوڵەنکیما Collenchyma** شانەیەکی ڕووەکیە پێك دێت لەخانەی لاکێشەیی کە دیوارەکانی بە نا یەکسان ئەستووربووە وجیرن (129)

**کۆنیدیۆم Conidium** سپۆرە پەیدادەبێت کاتی ناتوخمە زۆربوون لە کەڕووە تورەکەییەکاندا (112)

**کیوتیکل Cuticle** لە ڕووەکدا پۆشەرێکی مێوییە لە وشکی دەیپارێزێت (130)

**کوندارەکان Faraminifera** کۆمەڵەیەکی کۆنە لە ڕەگە پێیەکان سەدەفیان هەیە لە زەریاکاندا دەژین (95)

**کۆسپ Stimga** لوتکەی درێژبووی «مێیەکە» قەڵەم هەڵیدەگرێت بەشێکە لە مێیەك دەنکە هەڵاڵەکان وەردەگرێت (153)

**کۆشەکردن layring** کردارێکە تیایدا ڕەگ لەسەر قەد پەیدا دەکرێت (162)

**کونی کۆم Anal pore** لە سەرەتاییەکاندا کونێکە پێیدا پاشەڕۆکان فڕێدەدرێن (95)

**کیمیکە دەڵاندن Chemiosmosis** کردارێکە، لە سەوزە پلاستیدو مایتۆکۆندریادا ڕوودەدات، بەندە بە گواستنەوەی پرۆتۆنەکان بە ئاراستەی ژێر خەستە لێژی، بەناو پەردەدا بە دروستکردنی ئەدینۆسینی سێ فۆسفاتی (23)

**کیمیکە خۆژێن Chemautotroph** زیندەوەرێکە، ئاوێتەی ئەندامی دروستدەکات بە بەکارهێنانی ئاوێتەی کیمیایی لە جیاتی ڕۆشنایی (79)

**کرۆکە بۆشایی Contractil vacuole** ئەندامۆچکەیەکە لە پێشەنگیەکاندا ئاو دەکاتە دەرەوەی خانە (7)

**کەرت Division** کۆمەڵە پۆلێکی ڕووەکی لێکچووە لە پۆلێنزانیدا (48)

**کارۆتینۆید Carotenioid** ئەو ئاوێتانەن کە ڕۆشنایی دەمژن، وەکو بۆیەی یارمەتیدەر کاردەکەن، لە کرداری ڕۆشنە پێکهاتندا (21)

**کلۆرۆفیل Chlorophyll** کۆمەڵە بۆیەیەکە کە ڕۆشنایی دەمژن، وبەکاری دێنن لە کرداری ڕۆشنە پێکهاتندا (21)

**کیلۆکالۆری Kilo caloria** یەکەی گەرمی وزەیە کە دەکاتە 1000 کالۆری، بڕی گەرمیە وزەی پێویستە بۆ بەرز کردنەوەی پلەی گەرمی یەك کیلۆگرام لە ئاو بۆیەك پلەی سەدی (34)

**کەپسول Capsule** لە حەزازیەکاندا تورەکە سپۆر دروستدەکات، و لە بەکتیریا چینێکی پارێزەرە لە شەکری ئاڵۆز پێکهاتووە بە دەوری دیواری خانەدا (82)

## گ

**گۆپکە Bud** پێکهاتەیە لەسەر قەد گەشە دەکات لە شوێنی جێگربوونی هەر گەڵایەکدا (138)

**گەندە پلازمۆدیۆم Pseudo plsmodium** کۆمەڵە خانەیەکن پێکەوە وەك یەکەیەك کاردەکەن بۆ پێکهێنانی سپۆردان (104)

**گەروو Gullet** پێکهاتەکە ڕێڕەوی خۆراك دەگوێزێتەوە لە سایتۆپلازمی پارامیسیۆمدا (95)

**گۆپکەکردن Budding** لە کەڕووەکاندا شێوەیەکی ناتوخمە زۆربوونە تیایدا جیابوونەوەی بەشێك لە خانەکە ڕوودەدات بۆ پەیداکردنی خانەی نوێ (112)

**گەمیتە خانە Gametacyte** خانەی جیاوازنەبووە دەگۆڕێت بۆ گەمیت (97)

**گۆپکەلە Plumule** لە ڕووەکدا ئەو پێکهاتەیە لە قەدۆکەی سەرلەپ پێك دێت سەرەڕای گەڵای کۆرپەلەیی (159)

**گرێ Node** کۆتایی نێوانە گرێیە کەیەك گەڵای ڕووەکی یان زیاتری تێدا جێگیردەبێت (138)

**گریمانەی ورووژمە پەستان Pressure Flow hypothesis** لێکدانەوەی گواستنەوەی شەکرەکانە بەناو شانەی نیانی ڕووەکدا (140)

**گەندە پێ Pseudopodium** درێژبووی سایتۆپلازمی کاتییە توانای گرژ بوونەوەی هەیە، بەشدارە لە داپێنکردنی جووڵەی هەندێك لە زیندەوەران بە ڕێگەی ئەمیبی (132)

**گواستنەوەی خۆراکی ئامادەکراو Translocation** گواستنەوەی گەردە ئەندامیەکانە لە شانەی ڕووەکدا (140)

**گەشەی سەرەتایی Primary Growth** ئەو شانەیە پەیدادەبێت لەشانەدروستکەرە لوتکەییەکانەوە لەڕووەکدا (136)

**گەشەی دووەمی Secondary Growth** ئەو شانەیە پەیدادەبێت لە شانە دروست کەرە تەنیشتیەکانەوە لە ڕووەکدا (136)

**گەڵای سادە Simple leaf** گەڵایەکە تەنها یەك تیغی هەیە (143)

**گەڵای ئاوێتە Compound leaf** جۆرێکی گەڵایە کە تیغەکەی دابەش کراوە بۆ پەلکۆکە گەڵاکان (143)

**گۆڕان Transformation** کرداری گواستنەوەی ناووکە ترشە لە خانەیەکی بەکتیریاوە بۆ خانەیەکی بەکتیریای دیکە (84)

**گەنین Fermentation** کردارێکە کە خانەکان تیایدا بڕێکی دیاریکراو لە ئەدینۆسینی سێ فۆسفاتی دروستدەکەن، بەگۆڕینی گلوکۆز بۆ ئاوێتەی ئەندامی دیکە، وەکو ترشی ماست یان کهولی ئەثیلی بەبێ بوونی ئۆکسجین (33)

**گەنینی ترشی ماست Lactic acid Fermentation** کرداری گۆڕینی ترشی پایرۆڤیکە بۆ ترشی ماست (33)

**گەنینی کهولی Alcoholic Fermentaion** کرداری گۆڕینی ترشی پایرۆڤیکە بۆ کهولی ئەثیلی. کە کردارێکی بێ باهەناسەی کەڕووی هەوێنە لەسەر شەکرەکان (34)

**گرانا Granum** لەسەر یەك هەڵچنراوی سایلۆکۆیدەکانە لە سەوزە پلاستیدەکاندا (20)

**گەندە موو Pilus** تووکی دەرپەڕیون لە بەکتیریادا بۆ خۆنوساندن بە تەنەکانەوە (82)

**گواستنەوە Transduction** کرداری گواستنەوەی بۆماوە ماددەیە لە خانەیەکەوە بۆ خانەیەکی دیکە لە ڤایرۆسەکاندا (84)

**گواستنەوەی ناچالاك Passive transport** جووڵەی گواستنەوەی ماددەیەکی دیاریکراوە بە پەردەی خانەدا بەبێ بەکارهێنانی وزەی خانەکە (5)

**گواستنەوەی چالاك Active transport** جووڵەی گواستنەوەی ماددەیەکی دیاریکراوە بەپەردەی خانەدا بە پێچەوانەی خەستە لێژییەوە، کردارەکە پێویستی بە بەکارهێنانی وزەی خانەکە هەیە (11)

**گەندە خۆر Saprophyte** زیندەوەرێکە ماددەی ئەندامی نازیندوو دەخوات (83)

## ل

**لامینارین Laminarin** جۆرێکی فرە شەکرەکانە لە بەیەکەوە بەسترانی شەکری گلوکۆز پێك دێن بە ڕێگەیەکی جیاواز لە پێکەوە بەستران لە نیشاستەدا (101)

**لوولە کامبیۆم Vascular cambium** شانەیەکی دروست کەری تەنیشتیە لە ڕووەکدا، کە شانەیەکی لوولەیی زیادە پێك دێنێت (132)

**لوولە شانە Vascular tissue** شانەی دارك وشانەی نیان لە ڕووەکدا دەگرێتەوە (131)

**لق Phylnm** کۆمەڵە پۆلێکی لێکچووە لە پۆلێنزانیدا (48)

## م

**مێیە سپۆری گەورە Megaspore** سپۆرە پەیدادەبێت لەماوەی کەمە دابەشبووندا لە ناو سپۆردانی مێیەدا (151)

**موتوربە Grafting** تەکنیکارییەکە تیایدا پارچەیەکی ڕووەك دەخرێتە ناو ڕەگ یان قەدی ڕووەکێکی دیکە لەگەڵیدا گەشە دەکات (162)

**مێیە ئەندامی تورەکەیی Ascogoniunm** پێکهاتەیە گەمیتەکان دروست دەکات لە کەڕووە تورەکەییەکاندا (115)

**مایسلیۆم Mycelium** ڕاخراوێکە لە دەزووە کەڕووی بەیەکداچوو (111)

**مێیە سپۆردانی گەورە Megasporangium** پێکهاتەیەکە مێیە سپۆرە گەورەکان دروست دەکات (151)

**میرۆزۆیت Merozoite** قۆناغی ناتوخمە زۆربوونە لە سوڕی ژیانی هەندێك لە گیانەوەرە پێشەنگیە مشەخۆرە سپۆرییەکاندا بڵاودەبنەوەو خانەی زیاتر تووش دەکەن (97)

**مل Petiole** لە گەڵادا ئەو پێکهاتەیە کە گەڵا بە قەد دەگەیەنێت (143)

**ماوە ڕۆشنایی Photo periodism** وەڵامدانەوەی ڕووەکە بۆ گۆڕانکارییەکان لە درێژی ڕۆژدا (171)

**متبوون Dormancy** بارێکە لە کەمبوونەوەی زیندە چالاکیدا (160)

## ن

**ناچارە مشەخۆری ناو خانە Obligate intracellular parasite** مشەخۆرێکە خانە خوێی پێویستە بۆ ئەوەی کە زۆر ببێت (63)

**نۆشین Pinocytosis** جۆرێکە لە هاوردەی خانەیی، لە ڕێگەیەوە گیراوەو شلە قوتدەدات (13)

**ناوی زانستی Scientific name** ناوێکە لە دوو بەش پێکدێت کە بریتین لە ناوی توخم، وناوی جۆر کە بە جۆری زیندەوەرەکە دەوترێت (49)

**ناونانی دوانی Binomial nemenclature** سیستمی ناونانی زیندەوەرانە کە تیایدا ناوی توخم وناوی جۆر بەکار دەهێنرێت (49)

**نەخۆشیزانی Patholg** لێکۆڵینەوەی زانستیە بۆ نەخۆشیەکان (85)

**ناواخنی مایتۆکۆندریا Mitochondrial matrix** شوێنێکی تایبەتیە لەناو پەردەی مایتۆکۆندریادا (36)

**نێرەك Stamen** پێکهاتەیە لە گوڵی ڕووەك دەنکە هەڵاڵەکان دروست دەکات (153)

**ناوك Hilum** پەڵەیەکە درێژ دەبێتەوە کە لێواری تۆوی ڕووەك دەگرێتەوە بریتیە لە نیشانەی جێگیربوونی تۆوبە دیواری هێلکەدانەوە (159)

**نێوانە گرێ Internode** یەکێکە لە بەشەکانی قەد (138)

**نیمچە ڕەگ Rhizoid** پێکهاتەیە لە ڕەگ دەچێت کە قۆناغی گەمیتی ڕووەك دەچەسپێنێت لە خاك یان تاوێرە بەردەکان یان لە توێکڵی درەختدا دەزووە کەڕووەکانیش بە ماددەیەکی ڕەق دەچەسپێنێت (113)

**نێرە ئەندام Anthridium** لە ڕووەك وقەوزەو کەڕووەکان پێکهاتەی زۆربوونە نێرە گەمیتەکان دروست دەکات لە ڕێگەی کەمە دابەش بووندا (115)

**ناوە ڕووپۆش Endodermis** لە ڕووەکدا چینێك خانەی تایبەتمەندە هاتنە ژوورەوەی ماددەکان بۆ ناوەڕاستی ڕەگ ڕێکدەخات (135)

**نێرە سپۆردانی گەورە Macrosporangium** پێکهاتەیە نێرە سپۆری بچووك دروست دەکات (152)

**ناوەندە شانە Mesophyll** لە گەڵادا ئەو شانەیەیە کە کرداری ڕۆشنە پێکهاتنی تێدا ڕوودەدات (143)

**نەفثالینە ترشی سرکیك Naphthalone acetic acid** ئۆکسینێکی دەستکردە بە کاردێت بۆ هاندانی دروست بوونی ڕەگ لە قەد و ڕووەکە گەڵای بڕاودا (168)

**ناووکی بچووك Micro nucleus** لە پارامیسیۆمدا ناووکە بچووکەکەیە تایبەتی بە توخمە زۆربوون (95)

**ناووکی گەورە Macro nucleus** لە پارامیسیۆمدا ناووکە گەورەکەیە (95)

**نێرە سپۆری بچووك Micro spore** سپۆرە لە کەمە دابەشبووندا پەیدا دەبێت لە سپۆرداندا (151)

## ه

**هێلکۆکە Ovule** مێیە سپۆردانە لە ڕووەکی گوڵداردا (152)

**هێلکە پیتراوی سپۆری Zygosporangium** لە کەڕووەکاندا گەمیتە یەکگرتووەکانە لە کاتی پیتگۆرکێدا (113)

**هەڵگری سپۆردان Sporangiophore** لە هەندێك کەڕووەکاندا دەزووە کەڕووی ستوونیە سپۆردان دروست دەکات (112)

**هەوێن Yeast** کەڕووێکی تاك خانەیە مۆڵگەکانی لە مۆڵگەی بەکتیریا دەچێت، بەو وردە زیندەوەرانە دەناسرێت کە دەبێتە هۆی هەڵئاوسانی نان (112)

**هێلکەدان Ovary** بەشێکی گوڵە هێلکۆکەکان دروست دەکات (127)

**هەڵکشانی سوور Red tide** هەندێك بەشی دەریا ڕەنگیان ون دەکەن بە هۆی بڵاوبوونەوەی کۆمەڵە زیندەییەکان کە سەر بە هەندێك قەوزەی قامچی داری خولاوەن کە تفتە ماددەیەکی ژەهراوی تێدایە کە ئەو زیندەوەرانە دروستی دەکەن (102)

**هۆرمۆن Hormone** کیمیکە ماددەیەکە بە شێوەی تایبەتی کاردەکاتە سەر چالاکی خانە دوورەکان (167)

**هەڵمێن Transpiration** بەهەڵم بوونی ئاوە لە ڕێگەی کونەکانی ڕووەکەوە (141)

**هۆگری پلەی گەرمی بەرز ترشی زۆر Thermo acidophiles** بەکتیریای کۆنە، کە لە شوێنی گەرم وترشدا دەژین (75)

**هۆگری سوێری زۆر Extreme halophile** بەکتیریای کۆنە، کە لە ناوەندی خەستی زۆر بەرزی سوێریدا دەژی (75)

**هاوردەی خانەیی Endocytosis** ڕێگایەکە خانە ئەنجامیدەدات، بە دەورەدانی ماددەیەکی دیاریکراو وقوتدانی (13)

**هەڵلوشین Phagocytosist** جۆرێکە لە هاوردەی خانەیی کە خانە تیایدا گەردە قەبارە گەورەکان یان خانەکە هەمووی قوتدەدات (13)

**هاوسەنگی Equilibrium** ئەو بارەیە بەجێدێت کاتێك پلەی خەستی ماددەیەکی دیاریکراو لە تەواوی شوێنێکی دیاریکراودا هەمان خەستی بێت (5)

## و

**وەرگری ئەلکترۆنی یەکەمی Primary Electron acceptor** گەردێکە لە پەردەی سایلۆکۆییددا ئەو ئەلکترۆنانە وەردەگرێت کە کلۆرۆفیل لە ڕێگەی ڕۆشنە کارلێکەکانەوە ونیدەکات (22)

**وەچە سورکێ Alternation of genaration** توخمە سووری ژیانە لە ڕووەك وقەوزەکاندا لەدوو قۆناغ یان زیاتر پێك دێت (100)

## ی

**یەك لەپەکان Monocaot** لە ڕووەکە تۆودا پۆشراوەکانە، یەك لەپی هەیە و دەمارەکانی تەریبەو بەشەکانی گوڵەکەی فرەیین (128)

**یەکبوونی خانەیی (Coenocytic)** سیفەتێکی ئەو دەزوانەیە کە بەربەستیان تێدانیە (111)

## کورتکراوە

**FAD** فلاڤین ئەدینین دوانە نیوکلیۆتاید، ئاوێتەیەکە ئەلکترۆنەکان وەردەگرێت لە ڕێگای کارلێکەکانی ئۆکساندن ولێکردنەوەوە (38)

**NAD+** نیکۆتینامیدی ئەدینین دوانە نێوکلیۆتاید، گەردێکی ئەندامییە ئەلکترۆنەکان وەردەگرێت لە ڕێگای کارلێکەکانی ئۆکساندن ولێکردنەوە(32)

**NADP+** نیکۆتینامید ئەدینین دوانە نیوکلۆتاید فۆسفاتی، گەردی ئەندامییە ئەلکترۆنەکان وەردەگرێت لە ڕێگەی کارلێکەکانی ئۆکساندن ولێکردنەوە (22)

**PGA** ترشی گلیسرینی تاك فۆسفاتی، گەردێکی سێ کاربۆنیە بە هۆی هەنگاوی یەکەمی سووڕی کالْڤنەوە دروستدەبێت (24)

**PGAL** گلیسر ئەڵدیهایدی تاك فۆسفاتی، گەردێکی سێ کاربۆنیە بە هۆی هەنگاوی دووەمی سوڕی کالْڤنەوە دروستدەبێت کە دەتوانێت لە سوڕەکە بێتە دەرەوە، بەکاردەهێنرێت لە دروستکردنی ئاوێتە ئەندامیەکانی دیکەدا (24)

**RuBP** ڕایبۆلۆزی دووانە فۆسفاتی، شەکرێکی پێنج کاربۆنیە، لەگەڵ دوانۆکسیدی کاربۆندا یەکدەگرێت بۆ پێکهێنانی دوو گەرد لە **PGA** بە هۆی هەنگاوی یەکەمی سوڕی کالْڤنەوە (24)

# زاراوەکان

## أ

**ئەلیل Allele** یەکێکە لە شێوە جێگراوەکانی بۆهێل بەرپرسیارە لە سیفەتێك وەك ڕەنگی موو.(136)

**ئەنزیمی هێلیکەیز Helicase** ئەنزیمێکە دوو زنجیرەی DNA لێك جیادەکاتەوە. (150)

**ئەنزیمی پەلمەرەی DNA**
**DNA Polymerase** ئەو ئەنزیمەیە کە هانی دروستبوونی گەردی **DNA** دەدات. (150)

**ئەنزیمی پەلمەرەی RNA**
**RNA Polymearse** ئەو ئەنزیمەیە هانی دروستبوونی RNA دەدات بە بەکارهێنانی زنجیرەیەك لە گەردی DNA وەکو قاڵب. (165)

**ئەنزیمی کەرتکەر Restriction Enzyem** ئەو ئەنزیمەیە کە گەردەکانی DNA نامۆ تێکدەشکێنێت بە پارچەکردنی DNA لە شوێنی دیاریکراودا. (185)

**ئەلیل زۆری Multiple Alleles** سیفەتێکی بۆماوەییە لە دوو ئەلیل زیاتری هەیە. (173)

**ئاراستەکەر Vector** لە زیندەزانیدا، هۆکارێکە وەك پلازمید یان ڤایرۆس، دەتوانێت DNA یەکی نامۆ تێکەڵ بە DNA تایبەت بەخۆی بکات و لە زیندەوەرێکەوە بۆزیندەوەرێکی دیکە بگوازرێتەوە. (186)

**ئەندازەی بۆماوەیی Genetic engineering** تەکنیککاری گۆڕینی جینۆمە لە خانەیەکی زیندوودا بۆ بەکارهێنانی پزیشکی یان پیشەسازی. (192)

**ئالۆزە Epididymis** بۆرییەکی درێژی پێچاوپێچە لەسەر ڕووی گوندایە، و تێیدا تۆوەکان پێدەگەن. (108)

**ئیسترۆجین Estrogen** هۆرمۆنێکە توخمە پەرەسەندن و فرمانەکانی زۆربوون لە مێیەدا ڕێکدەخات. (97)

**ئەنسۆلین Insulin** هۆرمۆنێکە، کۆمەڵە خانەیەکی تایبەتمەند لە پەنکریاسدا بەرهەمی دێنن، خەستی گلوکۆز لە خوێندا کەمدەکاتەوە. (99)

**ئەندرۆجین Andorogen** هۆرمۆنێکە گون بەرهەمی دێنێت و دەستدەگرێت بەسەر سیفەتە دووەمییەکانی نێرینەدا. (97)

**ئەکتین Actin** پرۆتینێکە وردە دەزووەکانی ماسولکە ڕیشاڵەکان پێکدێنێت، کار لە گرژبوون و خاوبوونەوەی ماسولکە دەکات. (16)

**ئینتەرفیرۆن Interferon** پرۆتینێکە ئەو خانانە بەرهەمیدێنن کە تووشی ڤایرۆس بوون، ئەمەش خانە تووشبووەکان دەپارێزێت لە تووشبوون بە ڤایرۆسەکان. (50)

**ئیپینیفرین Epinephrine** هۆرمۆنێکە کرۆکی ئەدرینال بەرهەمیدەهێنێت. خێرایی زیندەچالاکییەکان لەباری تەنگەتاودا زیاد دەکات، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دەردانی ئەنسۆلین وە لێدانی دڵ و پەستانی خوێن زیاددەکات و پێشی دەڵێن ئەدرینالین. (97)

**ئەرکی حەسانەوە Resting Potential** ئەرکێکی کارەباییە لە پەردەی خانەی دەمارە خانە یان ماسولکە خانەدا، ئەوکاتەی خانەکە چالاك نییە. (69)

**ئەرکی پەردە Membrane Potential** جیاوازی ئەرکی کارەباییە لەنێوان هەردوولای پەردەی خانەدا. (68)

**ئەرکی کار Action Potential** گۆڕانکاری کتوپڕە لە جەمسەرگری پەردەی دەمارە خانە یا ڕژێنە خانە وە یان ماسولکە ڕیشاڵ، بەشداری دەکات لە گواستنەوەی ڕاگەیاندنی کارەباییدا. (67)

**ئەندام Organ** کۆمەڵێك شانەیە کە فرمانێك لە فرمانەکانی لەش بەجێدێنێت. (7)

**ئێسکی ئیسفەنجی Spongy bone** ئێسکە شانەیەکە چڕی لە ئێسك کەمترە، زۆر بۆشایی کراوەی تێدایە. (11)

**ئێسکی پتەو «چڕ» Compact bone** چینە ئێسکێکە لەژێر بەرگە ئێسکدایە کە هێز و ڕەقی دەداتە ئیسکەکە. (10)

**ئێسکە پەیکەر Skeleton** ئێسکەکانی لەشی مرۆڤە یان گیانەوەرە. پاڵپشتی ماسولکەو ئەندامەکان دەکات و ئەندامەکانی ناوەوەش دەپارێزێت. (9)

## ب

**بۆهێڵی هاوپەیوەند linked gene** یەکێکە لەو دوو جووتە بۆهێڵانەی بۆمانەوەیان بەشێوەی هاوەڵ دەبێت. (168)

**بۆماوە پەڕلە Genetic code** ئەو یاسایەیە کە چۆنیەتی ڕیزبەندی نیوکلیۆتایدەکان وەسف دەکات، کە خوێندنەوەیان لەسەر شێوەی کۆمەڵەی سێ نیوکلیۆتایدە یەکبەدوای یەکەکان «سێیانی» دەبێ کە ترشێکی ئەمینی دیاریکراو دیاریدەکەن کە ڕیزبەندی ترشە ئەمینییەکان لە پرۆتین دیاریدەکات. (157)

**بۆماوە بابەت Genotype** پێکهاتەی تەواوی بۆهێلە لە زیندەوەردا، کۆمەڵەی بۆهێڵەکانە بۆ یەکێك یان زیاتر لە سیفەتی دیاریکراو. (132)

**بازدان Mutation** گۆڕانە لە ڕیزبەندی نیوکلیۆتایدەکانی بۆهێڵ یان گەردی DNA دا. (179)

**بازدانی زۆربوونە خانە Germ-cell**
**mutation** بازدانە لە گەمیتەکانی زیندەوەردا ڕوودەدات. (169)

**بازدانی لەشەخانە Somatic-cell**
**mutation** بازدانە لە لەشەخانەکاندا ڕوودەدات. (169)

**بۆماوەزانی Genetic** لقێکە لە لقەکانی زیندەزانی ئەو میکانیزمانە دەگرێتەوە کە بەهۆیانەوە سیفەتەکان لە باوانەوە بۆ وەچەکان دەگوازرێنەوە. (125)

**بۆماوەزانی گەردی Molecular genetics** لێکۆڵینەوەی پێکهاتە و فرمانی بۆهێڵەکان و ڕێکخستنیانە. (125)

**بەکتریا خۆرکە Bacteriophage** ڤایرۆسە تووشی بەکتریا دەبێت. (145)

**بەزیو Recessive** سیفەتی ڕووخسارێکە یان ئەلیلێکە کە پێکەوە دەردەبڕێن تەنها ئەوکاتەی هەردوو ئەلیلی بەزیوی هەمان سیفەت بۆماوەییانە بمێننەوە. (129)

**بلاستۆ چیکڵدانە Blastocyst** یەکێکە لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆرپەلەی شیرەدەرەکان (115)

**بۆماوە Heredity** گواستنەوەی سیفەتەکانە یان ڕووخسارە بۆماوەییەکانە لە باوانەوە بۆ وەچەکان. (125)

**بنەچە Origin** لە زانستی توێکاریدا ئەو ناوچەیە کە ماسولکە بە ئێسکی جێگیرەوە دەبەستێت. (18)

**بەرگەگرتن Tolerane** بارێکی ئالودەبوونە لەسەر دەرمان دەبێت بۆ گەیشتن بە کاریگەری ویستراو. (83)

**بەرگرییە کۆئەندام Immune system** ئەو خانە و شانانەن کە ماددە نامۆکان دەناسنەوە لەلەشدا و پەلاماریان دەدەن. (51)

**بیلبیلە Pupil** دەرچەیەکە لە ناوەڕاستی ڕەنگینەی چاودایە دەستبەسەر بڕی ئەو ڕووناکیەدا دەگرێت کە دەچێتە ناو چاوەوە. (80)

**بیرخەرەوە خانە Memory cell** خانەی B لە بەرگرییە کۆئەندامدا، کاتێك دەگەنە دژە پەیداکەر یان خانەی هێرش بەر، لەجاری یەکەمدا وەڵام نادەنەوە، بەڵام دژە پەیداکەرەکە یان خانە هێرش بەرەکە دەناسێتەوە، لەماوەی تووشبوونەکانی داهاتوودا پەلاماری هەردووکیان دەدات ئەگەر ڕووبەڕوویان ببێتەوە. (55)

**بەستەر Ligament** جۆرێکی بەستەرە شانەیە کە ئێسکەکانی جومگە لەشوێنی خۆیاندا دەهێڵێتەوە. (14)

**بەرگە ئێسك Periosteum** پەردەیەکی دووتوێی ڕەنگ سپیە، تەواوی ڕووی ئێسك دادەپۆشێت جگە لە ڕووی جومگەکان. ئەویش دەمارە ڕیشاڵ و لوولەکانی خوێنی تێدایە. (10)

**بۆریچکەی هەوا Bronchiole** ڕێڕەوی هەوایی بچووکن لە لقەکانی بۆری هەوا پەیدادەبن لەناو سیپەکاندا. (39)

**بۆری هەوا Trachea canal** ئەو بۆرییەیە کە قورگ بە هەردوو سیەکانەوە دەبەستێت لە بڕبڕەدارەکان. (39)

**بیستنە جۆگە Auditory canal** جۆگەیەکە لەرێگەیەوە هەوا بۆ ناو گوێ تێپەڕدەبێت. (79)

**بۆن وەرگر Olfactory recepter** خانەیەکە لە ڕێڕەوەکانی لووتدا هەیە، بەهۆی هەندێك ماددە وریا دەبێتەوە، بۆ ئەوەی دەمارە ڕاگەیاندن پەیدا بکات. لەمەشەوە هەستی بۆنکردن پەیدادەبێت. (81)

**بەدەستهاتەکانی کوخ Koch's postulates** بەجێهێنانێکی چوار قۆناغییە، کوخ بۆ دیاریکردنی هۆکاری نەخۆشیەکی دیاریکراو دایناوە، کە بۆتە هۆی ڕوودانی ئەم نەخۆشیە. (47)

**بزێوە جومگە Movable joint** ئەو جومگەیەیە کە جووڵەی بەرفراوانی تێدا ڕوو ئەدات وەکو جومگەی گۆیی. (13)

**بەرگری Immunity** توانایە لەسەر ڕوو بەڕوو بوونەوەی نەخۆشیەکی درم. (56)

**بەستەرە شانە Connective tissue** شانەیەکە، نێوانە ماددەیەکی زۆری تێدایە و شانەکانی دیکە بەیەك دەگەیەنێت و پاڵپشتیان دەکات. (6)

**بەرگی مایلینی Myelin sheath** چینە ماددەیەکی چەورییە دەوری هەندێك تەوەرەی دەمارەخانە دەدات وەك داپڕێکی کارەبایی کاردەکات. (67)

## پ

**پلازمید Plasmid** گەردی DNA ئەڵقەییە ئاسایی لەبەکتریادا هەیە، دەتوانێت دوو هێند ببێت بەشێوەی سەربەخۆ لە کرۆمۆسۆمی سەرەکی. (186)

**پریمیدین Pyrimidin** تفتی نایترۆجینی پێکهاتە تاك ئەلقەییە، یەکێکە لە دوو جۆرە سەرەکییەکەی تفتە نایترۆجینەکان لە RNA و DNA دا هەیە، ئەوانیش سایتۆسین و سایمین یان یۆراسیلن (148)

**پیورین Purine** تفتی نایترۆجینی پێکهاتە دوو ئەلقەییە، یەکێکە لە دوو جۆرە سەرەکییەکەی تفتی نایترۆجینی لە RNA و DNA هەیە ئەوانیش ئەدینین و گوانینە. (148)

**پەڕین Pollination** گواستنەوەی دەنکە هەڵاڵەیە لەنێرە زۆربوونە پێکهاتەکان «پۆرگ» بۆ لوتکەی مێیە زۆربوونە پێکهاتە «کۆسپ» لە گوڵی ڕووەکە تۆ و داپۆشراوەکان یان بۆ هێلکۆکە لە ڕووکە تۆو ڕووتەکاندا. (126)

**پەڕینی خۆیی Self-pollination** گواستنەوەی دەنکە هەڵاڵەیە لە پۆرگەوە بۆ کۆسپی هەمان گوڵ یان بۆ کۆسپی گوڵێکی دیکە لەسەر هەمان ڕووەك. (126)

**پزدان «پاور» Afterbirth** پاشماوەی وێلاش و ئەو پەردانەن کە لە لەشی دایك دوای منداڵبوون دەریاندەکات. (118)

**پنتە بازدان Point mutation** بازدانێکە بەهۆیەوە تفتێکی نایترۆجینی یان نیوکلیۆتایدێك لەبۆهێڵێکدا دەگۆڕێت. (170)

**پشکنەر Probe** تاکە زنجیرەی RNA یان DNA یە کە بەماددەیەکی تیشکدەر یان بەبۆیەی فلۆرسنت جیاکراوەتەوە. (187)

**پرۆژەی جینۆمی مرۆیی Human genome project** ئەرکی لێکۆڵینەوەی زانستیە لە هەموو جیهاندا بۆ دانانی نەخشەیەك بۆ بۆماوە ماددە و دیاریکردنی ڕیزبەندییەکەی. (189)

**پرۆتیۆمزانی Proteomies** لێکۆڵینەوەی ناوەڕۆکی پرۆتینی زیندەوەرە، کە جۆرەکانی پرۆتین و پێکهاتە و کارلێك و زۆریان دەگرێتەوە. (192)

**پرۆجیسترۆن Progestrone** ستیرۆیدە هۆرمۆنێکە، تەنی زەرد لە هێلکەداندا دەریدەدات هانی گۆڕانەکانی منداڵدان دەدات تا هێلکەی پیتراو تێیدا بچەقێت، هەروەها وێلاشیش لەکاتی سکپڕیدا دروستی دەکات. (97)

**پلازمەخانە Plasma cell** جۆرێکە لە خرۆکە سپیەکانی خوێن، کە دژەتەنەکان دروستدەکات. (54)

**پشتبەستن Dependence** بارێکە، کەسێك تێیدا پشت بە دەرمانێکەوە دەبەستێت بە پشتبەستنێکی لەشی یان دەروونی بۆ ئەوەی کارەکانی بەجێبهێنێت. (83)

**پرۆستاگلاندین Prostaglandin** جۆرێکە لە هۆرمۆن، لە شانەکانی لەشدا دروستدەبێت و لەشوێنی دەردانیدا کار دەکات. پرۆستاگلاندینەکان کاریگەرییان لەبوارە جیاجیاکاندا دەردەکەوێت وەك فراوانکردنی لوولەکانی خوێن و گرژکردنی لووسە ماسولکەکان و خاوکردنەوەیان، و ڕێکخستنی فرمانی گورچیلەکان. (93)

**پلازما Plasma** پێکهێنەرێکی شلە لە پێکهاتووەکانی خوێن. (32)

**پەرچەپێدانەوەی ئەرێنی Positive feedback** دەرپەڕینی هۆرمۆنی یەکەمی دەرپەڕاندنی هۆرمۆنەکانی دیکە وریادەکاتەوە یان ماددەکانی دیکە، ئەوانیش دەبنە هۆی بەردەوامبوونی دەرپەڕاندنی هۆرمۆنی یەکەمی. (102)

**پەرچەپێدانەوەی نەرێنی Negative feedback** میکانیزمی هاوسەنگی ناوەکیە کە تێیدا هەنگاوێك لە زنجیرە ڕووداوەکاندا هەنگاوی یەکەمی ئەو زنجیرەیە دەوەستێنێت. (101)

**پلەی خەستی کهول لە خوێندا Blood alohol concentration** پێوانەی بڕی کهولە لە خوێنی کەسێکی دیاریکراو بە (BAC کورت دەکرێتەوە) (85)

**پەڕەی خوێن Platelets** پارچەیە لە خانە، پێویستە بۆ پێکهێنانی خوێنمەیین. (33)

**پەستانی خوێن Blood pressure** ئەو هێزەیە کە خوێن بەهۆیەوە پەستان دەخاتە سەر دیواری خوێنبەرەکان. (28)

**پەرچەکردار Reflex** جووڵەیەکی خۆنەویستی خێرایە کە وەڵامدانەوەیە بۆ هەر وریاکەرەوەیەك. (76)

**پەیکەرە ماسولکە Skeletal museles** ماسولکەی خۆویستن بەئێسکەوە دەبەسترێن و بەشەکانی لەش دەجولێنن.(5)

**پارچەی ماسولکەیی Sarcomere** یەکەی بنچینەییە بۆ گرژبوون لە پەیکەرە ماسولکە و دڵە ماسولکەدا. (17)

**پەڕەی جەمسەری ئێسك Epiphyseal Plate** ئەو جێگەیەیە کە ئێسك تێیدا بە باری درێژی گەشە دەکات، دەکەوێتە هەردوو سەری ئێسکی درێژ لە جومگەدا. (12)

**پیپتیدە هۆرمۆن Peptide hormone** هۆرمۆنە لە ترشە ئەمینییەکان یان پێپتیدەکان یان پرۆتینەکان پێکدێت. (91)

**پەلە پەیکەر Appendicular skeletons** ئێسکەکانی دەست و لاق و دەفەی شان و چەڵەمە ئێسك و ئێسکەکانی حەوز دەگرێتەوە. (9)

## ت

**تۆڕە Retina** چینی ناوەوەی چاوەو هەستیارە بۆ ڕۆشنایی، ئەو وێنەیە وەردەگرێت کە هاوێنە دروست دەکات. پاشان لە ڕێگەی دەماری بینینەوە بۆ دەماخ دەنێردرێت. (86)

**تاکە نیوکلیۆتایدی فرەجێگە Single nucleotide polymorphismis** شوێنێکی DNA بێهاوتایە تێیدا تاکەکان جیاواز دەبن لەیەك نیوکلیۆتایددا، ئەمەش گرنگە بۆدانانی نەخشەی جینۆم. (190)

**تێکچوونی بۆماوەیی Genetic disorder** نەخۆشەیەکی بۆماوەییە یان تێکچوونە هۆیەکەی بازدانە لە بۆهێڵێکدا یان کەموکوڕیە لە کرۆمۆسۆمدا. (172)

**تۆوە بۆڕیچکە Seminiferous tube** لە هەردوو گوندا، یەکێکە لەو بۆڕیچکە زۆرانەی کە تێیدا تۆوەکان بەرهەمدێن. (107)

**توشبوونە هەلپەرستی Opportunistic infection** توشبوونی کەسێکە بە وردە زیندەوەرێك ئاسایی نابێتە هۆی نەخۆشی، بەڵام دەبێتە هۆکارێك بۆ نەخۆشی کاتێك کۆئەندامی بەرگری بێهێز دەبێت. (61)

**تێکەڵە پەڕین Cross-pollination** زۆربوونە کردارێکە تێیدا دەنکە هەڵاڵە لە پۆرگی ڕووەکێکەوە بۆ کۆسپی ڕووەکێکی دیکە دەگوازرێتەوە. (126)

**تیلۆمیر Telomere** ڕیزبەندی تفتە نایترۆجینیە دووبارەبووەکانە لە DNA دا کە دەکەوێتە کۆتایی کرۆمۆسۆمەکانەوە وە لە هەر دابەشبوونێکی خانەدا کورت دەبێتەوە. (196)

**تۆواوە چیکڵدانە Seminal vesicle** یەکێکە لەو دوو پێکهاتە ڕژێنەی لە نێرەی بڕبڕەدارەکاندا. کە ئەو شلەیە دەردەدات و کۆئەکاتەوە کە بەشێك لە تۆواو پێکدێنێت. (109)

**تۆواو Semen** شلەیەکە، تۆوەکان و ئەو شلە جیاوازانەی تێدایە کە نێرە کۆئەندامی زاوزێ بەرهەمی دێنێت. (109)

**تۆماری ڕەچەڵەك Pedigree** هێڵکارییەکە بۆماوە ڕوخسارێك دەردەخات لە چەند وەچەی خێزانێکدا. (171)

**تەمەنی بێ ئومێدی Menopause** ئەو تەمەنەیە کە تێیدا سوڕی مانگانە لە ئافرەتدا دەوەستێت، ئەمەش لەنێوان 45 تا 55 ساڵیدایە. (113)

**توخمە کرۆمۆسۆم Sex chromosome** یەکێکە لەو دوو جووتە کرۆمۆسۆمەی کە توخمی تاك دیاریدەکات. (166)

**تورەکەی سەراو Amniotic sac** ئەو تورەکەیەیە کە پەردەی سەراو پێکدەهێنێت. (116)

**تورەکەی گون Scrotum** ئەو تورەکەیەیە کە هەردوو گونی تێدایە لە زۆربەی نێرەی شیردەرەکاندا. (107)

**تیرەی یەکرەگ True-Breeding** زاراوەیەکە زیندەوەر یان بۆماوەبابەتی یەکرەگ لە سیفەتێکی دیاریکراودا وەسف دەکات، واتە هەمیشە نەوەکان بە هەمان ڕووخسارە بابەتی سیفەتەکە بەرهەم دێنێت. (127)

**توندڕەو Virulent** وەسفی وردبینە زیندەوەرەکانە کە دەبنە هۆی نەخۆشی و تووشکردن بەتووندی. (143)

**تێستیستیرۆن Testosterone** هۆرمۆنێکە توخمە سیفەتەکانی نێرە و بەرهەمهێنانی تۆوەکان ڕێکدەخات. (97)

**تفتی نایترۆجینی Nitrogenous base** تفتێکی ئەندامییە نایترۆجینی تێدایە، وەك پیورین یان پریمیدین، یەکەی پێکهاتنی نیوکلیۆتایدەکانە لە DNA و RNAدا. (147)

**تەنگە هەناسە «هەناسەتەنگی» Asthma** تێکچوونێکی سییەکانە، لە نیشانەکانی گرانی هەناسەدانە و هۆیەکەشی تەسکبوونەوەی لقەکانی بۆری هەوایە، کورتە هەناسە و هەناسەبرکێ و کۆکەی لەگەڵدا دەبێت. هۆیەکەی کاردانەوەیە بۆ ماددە ورژێنەرە دیاریکراوەکان. (58)

**تەمەنی پێگەیشتن Puberty** قۆناغێکە لە ژیانی مرۆڤ، لە مێیەدا لەکاتی دەستپێکردنی سوڕی مانگانەدا دەستپێدەکات، و لەنێرەدا لەکاتی بەرهەمهێنانی تۆو دەستپێدەکات و توخمە سیفەتە دووەمییەکان دەردەکەون. (97)

**توێکڵی مێشك Serebral cortex** بەشی خۆڵەمێشی دەرەوەی مێشکە دەستدەگرێت بەسەر فرمانە ژیرییەکان و جووڵەی گشتی، و فرمانی ئەندامەکان و لێکدانەوە و کاردانەوەی ڕەفتاری. (73)

**تەوەرە Axon** درێژبوونەوەی سایتۆپلازمی دەمارە خانەیە، دەمارە ڕاگەیاندن بۆ دوور لە لەشی خانەکە دەگوازرێتەوە. (67)

**تەوەرە پەیکەر Axial skeleton** کەللەی سەر و ئێسکەکانی پەراسوو و بڕبڕەی پشت و ئێسکی کۆڵە دەگرێتەوە. (9)

## ج

**جێپەنجەی DNA (DNA Finger print)** شێوازی ئەو هێڵانەن کە دەردەکەون کاتێك سامپڵێکی DNA تیشکدەر لە کەسێکدا جیادەکرێتەوە و دەدرێتە بەر تیشکی X لە دوای ئەوەی دەبڕدرێت و دووهێند دەکرێت و لێك جیادەکرێتەوە. (185)

**جینۆم Genome** تەواوی بۆماوە ماددەیە کە لەلەشی کەسێکدا هەیە. (160)

**جووتە تفتی تەواوکار Complementary base pair** تفتی نیوکلیۆتایدەکانی زنجیرەیەکە لە DNA یان RNA کە جووت دەبن لەگەڵ تفتەکانی زنجیرەکەی دیکە، ئەدینین لەگەڵ سایمین یان یۆراسیل جووتدەبێت و گوانین لەگەڵ سایتۆسین جووت دەبێت. (148)

**جیانەبوونەوە Nondisjunction** سەرنەکەوتنی کرۆمۆسۆمە لێکچووەکانە لە جیابوونەوە لەکاتی دابەشبوونی یەکەمی کەمە دابەشبووندا یان، سەرنەکەوتنی کرۆماتیدە براکانە لە جیابوونەوە لەکاتی دەزوەدابەشبوونی ئاسایی یان دابەشبوونی دووەمی کەمە دابەشبووندا. (169)

**جیاکردنەوەی کارەبایی جەلاتینی Gel electro phoresis** تەکنیکارییە بۆ جیاکردنەوەی ناووکە ترشەکان یان پرۆتینەکان بەکاردەهێنرێت بەپێی درێژی و بارگەکانیان لە جەلاتینی ئەگارۆز یان ئەکریلامیددا. (185)

**جیاکردنەوەی کارەبایی جەلاتینی دوودووری Two - Dimensional gel electrophresis** ڕێگەیەکی تاقیگەییە بۆجیاکردنەوەی ترشە ئەمینیەکان یان پرۆتینەکان بەپێی خاڵەکانی یەکسانی لە ئەرکی کارەبایی و کێشی گەردیدا. (192)

**جیاکردنەوەی شلەی سەراو Amniocentesis** بەجێهێنانێکە بۆ دەستنیشانکردنی کۆرپەلە بە لێنۆڕینی سەراو لە منداڵدانی نافرەتی دوو گیان. (175)

**جووڵە دەمارە خانە Motor Neuron** دەمارە خانەیەکە، دەمارە ڕاگەیاندن لە ناوەندە کۆئەندامی دەمارەوە بۆ ماسولکەکان یان ڕژێنەکان دەگوازرێتەوە. (75)

**جۆگەی ئۆستاکی Eustachian Tube** جۆگەیەکە گوێی ناوەڕاست بە دەمەکەلێن دەگەیەنێت. (79)

**جۆگەی فالوب Fallopian tube** بۆرییەکە لەڕێگەیەوە هێلکەکان لە هێلکەدانەوە بۆ منداڵدان دەگوازرێنەوە. (110)

**جۆگەی کەوانەیی Semicircular canal** جۆگەیەکە لەگوێی ناوەوەدا پڕە لە شلەیەك، کە بەشداری دەکات لە پارێزگاری هاوسەنگی و دەستگرتن بەسەر جووڵەدا. (80)

**جۆگەی هافەرس Haversian canal** جۆگەیەکە لوولەکانی خوێنی تێدایە لە شانەی ئێسکی پتەودا. (11)

**جێبەست Insertion** لەزانستی توێکاریدا ئەو ناوچەیە کە تێیدا ماسولکە بە ئێسکێکی جوڵاو دەبەسترێت. (19)

**جومگە Joint** ئەو شوێنەیە کە تێیدا دوو ئێسك یان زیاتر بەیەکدەگەن. (13)

**جومگەی جووڵە سنووردار Semimovable joint** جومگەیەکە تێیدا جووڵەیەکی سنووردار ڕوودەدات. نموونەش جومگەکانی بڕبڕەی پشت. (13)

## چ

**چیکڵدانە Follicle** کەلێن یان تورەکەیەکی بچووکی تەسکە، لە ئەندامێك یان لە شانەیەکدایە، هەروەها لە هێلکەداندا هەیە کە هێلکەی تێدایە و پەرەدەسێنێت. (112)

**چووك Penis** ئەندامی نێرینەیە، کە تۆوەکان بۆ جۆگەی زاوزێی مێینە دەگوازێتەوە لەکاتی جووتبووندا، فرمانی دووەمی چووکیش دەرکردنی میزە لەلەشدا. (109)

**چوارگۆشەی پۆنیت Punnett Square** وێنە هێڵکارییەکە بۆ پێشبینی ئەنجامی لێکدانی بۆهێڵەکان بەکاردێت. (136)

**چارەسەرکردنی بۆهێڵی Gene thrapy** تەکنیکارییە، بۆهێڵێك دەخاتە خانەوە، بۆڕاستکردنەوەی نەخۆشەیەکی بۆماوەیی یان بۆ باشکردنی جینۆمەکەی. (195)

**چەقین Impronatation** کرداری تێچەقینی هێلکەی تازە پیتراوە کە بۆتە بلاستۆ چیکڵدانە لە ناوپۆشی منداڵدانا. (115)

**چەژە گۆیکە Taste bud** کۆبونەوەی کۆتایی هەستە دەمارەکانە، شێوە هێلکەییە و لەسەر زمان و بنمیچی دەم و گەرووا هەیە. (81)

**چێوە دەمارە کۆئەندام Peripheral nervous system** بەشەکانی دەمارە کۆئەندامە جگە لە دەماخ و دڕکە پەتك (ناوەندە دەمارە کۆئەندام) کە کاسە دەمارەکان و دڕکە دەمارەکان دەگرێتەوە. (72)

## ح

**حەوزە کەلێن Pelvic cavity** بەشێکی کلۆرە لە لەشدا، دەکەوێتە ژێر بۆشایی سکەوە، کە ئەندامەکانی هەردوو کۆئەندامی زاوزێ و دەرهاویشتنی تێدایە. (8)

## خ

**خویێگرتن «نالودەبوون» Addiction** بارێکە کە مرۆڤ ناتوانێت واز لە بەکارهێنانی دەرمان بهێنێت. (83)

**خۆییە دەمارەکۆئەندام Autonomic nerv-ous system** بەشێکە لە کۆئەندامی دەمار و دەستبەسەر خۆنەویستە چالاکییەکاندا دەگرێت. (77)

**خانەی B (B cell)** لیمفە خرۆکە سپی خوێنە، لە ئێسکدا بەرهەمدێت دژەتەنەکان دروستدەکات. (52)

**خانەی T (T cell)** خانەیەکە لە سایمۆسە رژێنەوە پێدەگات بەشداری دەکات لە وەڵامدانەوەکانی بەرگری خانەییدا. (52)

**خانەی هەڵلوشێنەر Phagocyte** خانەیەکە ماددە نامۆکان یان وردە زیندەوەرەکان قووت دەدات و شیان دەکاتەوە. (33، 49)

**خرۆکەی سپی خوێن White blood cell (Leukocyte)** جۆرێکە لە خانەکانی خوێن، بەکتریا و ڤایرۆس و پرۆتینە ژەهراوییەکان تێکدەشکێنێت، و یارمەتی لەشیش دەدات بۆ دەستکەوتنی بەرگری. (33)

**خرۆکەی سووری خوێن Red blood cell (Erythrocyte)** خانەیەکی شێوە خەپلەییە و ناووکی تێدانییە و هیمۆگڵۆبینی تێدایە و ئۆکسجین لە کۆئەندامی سوڕاندا دەگوازێتەوە. (32)

**خانەی T ژەهراوی Cytotoxin T cell** جۆرێکە لە خانەکانی T ، خانە تووشبووەکان و خانە شێرپەنجەییەکان دەناسێتەوە و تێکیان دەشکێنێت. (53)

**خانەی چیلکەیی Rod** یەکێك لەو دوو جۆرە خانەیە کە ڕۆشنایی لە چاودا دەناسێتەوە. خانە چیلکەییەکان ڕۆشنایی کز دەناسنەوە ڕۆڵیان هەیە لە بینینی شتی بێڕەنگ و بنین لە تاریکیدا. (80)

**خۆییە بەرگرییە نەخۆشی (نەخۆشی دژە خۆیی) Autoimmune disease** نەخۆشیەکە تێیدا بەرگرییە کۆئەندام پەلاماری خانەکانی لەشی خۆی دەدات. (59)

**خانەی قوچەکی Cone** لەگیانەوەردا، وەرگری ڕۆشناییە لە تۆڕەی چاودا، ڕەنگەکان جیادەکاتەوە و زۆر هەستیاریشە بۆ ڕۆشنایی درەوشاوە. (80)

**خانەی ئامانج Target cell** ئەو خانەیە کە هۆرمۆنی بۆ دەچێت بۆ پەیداکردنی کاریگەری دیاریکراو. (92)

**خانەی T یاریدەدەر Helper T cell** لیمفە خرۆکە سپی خوێنە، پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی خەستییەکی سروشتی لە دژە تەنەکان لەلایەن خانەکانی B ـەوە. (53)

**خوێنبەر Artery** لوولەی خوێنە، کە خوێن بۆ دوور لە دڵ دەگوازێتەوە بۆ ئەندامەکانی لەش. (28)

**خۆویستە ماسولکە Voluntary muscle** ماسولکەیەکە دەتوانرێت بەپێی خواست دەستبەسەر جووڵەکەیدا بگیرێت. (15)

**خۆنەویستە ماسولکە Involuntary muscle** ماسولکەیەکە ناتوانرێت بەپێی خواست دەستبەسەر جوڵەکەیدا بگیرێت. وەك دڵە ماسولکە و لووسەماسولکە. (16)

**خوێنهێنەر Vein** لوولەی خوێنە خوێن بۆ دڵ دەگوازێتەوە. (29)

## د

**دروستبوونی پرۆتین Protine synthesis** دروستبوونی پرۆتینە بەبەکارهێنانی ئەو زانیارییانەی کە لە DNA دا هەن، و mRNA هەڵیگرتوون. (154)

**دەستپێك Primer** پارچەیەکی بچووکی RNA یان DNA ی تاك زنجیرەیە کە پێویستە هەبێت بۆ دووهێندبوونی DNA (190)

**دووڕیانی دووهێندبوون Replicaion fork** خاڵێکی شێوە Y یە، کە پەیدادەبێت کاتێك هەردوو زنجیرەی لوولپێچی هاوجووتی DNA جیادەبنەوە بۆ ئەوەی توانا بدات بە DNA کە دووهێند بێت. (150)

**DNA دووبارە پێکهاتووەوە DNA Recombiant** ئەو گەردانەن، لەڕێگای یەکخستنی DNA لەسەرچاوە جیاوازەکاندا دروست دەکرێن. (186)

**دووهێندبوونی DNA (DNA Replication)** ئەو میکانیزمەیە کە تێیدا DNA دووهێند دەبێت. (150)

**دووهێندبوونی نیوە پارێزراو Semi-conservative repilcation** لەهەر لوولپێچێکی DNA هاوجووتدا کە لە دووهێندبوونەوە پەیدا بووە، تاکە زنجیرەیەکیان لە گەردی DNA بنچینەیی وەرگیراوە، وە زنجیرەکەی دیکەش نوێ دەبێت. (150)

**دڵە لوولە کۆئەندام Cardiovascular System** کۆمەڵێك ئەندامن خوێن بۆ هەموو بەشەکانی لەش دەگوازنەوە، ئەندامەکانی ئەم کۆئەندامە: دڵ وخوێنبەرو خوێنهێنەرەکان دەگرێتەوە. (35)

**دەمارە خانە Neuron** خانەیەکە، ڕاگەیاندنی کارەبایی دروستدەکات و دەیانگوازێتەوە. (67,65)

**دەمار Nerve** کۆمەڵێك دەمارە ڕیشاڵە لە ڕێگەیانەوە دەمارە ڕاگەیاندن لە نێوان ناوەندە دەمارە کۆئەندام وبەشەکانی دیکەی لەشدا دەگوازرێتەوە (75)

**دڵە ماسولکە Cardiac muscle** ماسولکەی خۆنەویستەو لە دڵدا هەیە. (5)

**دڕکە کەلێن Spinal cavity** ئەو بەشەیە کە دڕکە پەتکی تێدایە. (8)

**دەرمان Drug** ماددەیەکە، هۆی گۆڕانە لە باری دەروونی یان جەستەیی لە زیندەوەردا. (83)

**دەرمانی کاریگەری دەروونی Psychoactive drug** دەرمانێکە کار لە گۆڕانی فرمانی ناوەندە دەمارە کۆئەندام دەکات. (83)

**دەمارە گوێزەرەوە Neurotransmitter** ماددەیەکی کیمیاییە دەمارە ڕاگەیاندنەکان بە دەمارە گەیێنکەدا دەگوازێتەوە. (67)

**دەمارە شانە Nervous tissue** شانەیەکی کۆئەندامی دەمارە، کە دەمارە خانەو پاڵپشتە خانەو بەستەرە شانە دەگرێتەوە. (5)

**دژە پەیداکەر Antigen** ماددەیەکە، وەڵامدانەوەی بەرگری چالاك دەکات. (52,34)

**دەمارە کۆتایی Nerve ending** کۆتایی تەوەرەی دەمارە خانەیە. (67)

**سوڕی کۆڕۆنەری Coronary circulation** جوولانەوەی خوێنە لە دڵدا (31)

**دابڕان Withdrawal** نیشانەکانی دەروونی وجەستەیی ناشیاون لە کەسێکدا پەیدادەبن لە کاتی وەستان لە بەکارهێنانی دەرمانێك کە لەوەوپێش بەکاری هێناوە. (83)

**دالآن Vestibule** بەشێکە لە گوێی ناوەوە ڕۆڵی هاوسەنگی بەجێدێنێت. (80)

**دەمارەپیپتید Neuropeptide** هۆرمۆنێکە دەمارە کۆئەندام پەیدای دەکات. (93)

**دروستبوونی ئێسك Ossification** ئەو کردارەیە کە تێیدا کرکراگە بۆ ئێسك دەگۆڕێت. (12)

**دژەتەن Antibody** پرۆتینێکە وەڵامی دژە پەیدارێکی دیاریکراو دەداتەوە، یان دەبێتە هۆی لەکارخستنی یان تێکشکاندنی ماددەیەکی ژەهراوی. (54,33)

**دەمارەکۆئەندام Nervous System** کۆمەڵێك پێکهاتەن دەستبەسەر ئەو کارانەدا دەگرن کە لەش پێیان هەڵدەستێت وە کاردانەوەی وەڵامی ئەو کاریگەریانەی کە لە دەوروبەری ژینگەییەوە دەردەچن. ئەم کۆئەندامەش لە بلیۆنان دەمارە خانەی تایبەتمەند پێکدێت. (67)

**دووڕەگ Heterozygous** تاکێکی دوو ئەلیل جیاواز لە سیفەتێکدا وەسف دەکات (133)

## ڕ

**ڕەقبوونی خوێنبەر Atherosclerosis** نەخۆشییەکە بە کەڵەکەبوونی ماددە چەورییەکان لە دیواری ناوەوەی خوێنبەرەکان جیادەکرێتەوە. (31)

**ڕژێنی جوگەدار Exocrine gland** ڕژێنێکە دەردراوەکانی بە جۆگەدا دەگوازرێتەوە. (91)

**ڕژێنی ئەدرینال Adrenal gland** کوێرە ڕژێنن بە ئەدرینال ناودەبرێت دەکەونە سەر هەر گورچیلەیەك. (96)

**ڕەنگینە Lris** بەشە بازنەییە ڕەنگاوڕەنگەکەی چاوە. (81)

**ڕێتێچوون (ئەگەرەکان) Probability** ڕێژەی ژمارەی جارەکانە کە لەوانەیە کەوتنەوەی ڕووداوی تێدا دووبارەببێتەوە بۆ ژمارەی جارەکان کە ڕووداوەکەی تێدا ڕوودەدات. (133)

**ڕاوێژپێکردنی بۆماوەیی Genetic Counseling** کرداری لێنۆڕین وئاگاداکردنەوەی باوانی چاوەڕوانکراوە لە پێکهاتەی بۆهێڵیان و ئەگەری ئەوەی کە منداڵەکانیان کەموکوڕی یان نەخۆشی بۆماوەییان هەبێت. (177)

**ڕایبۆز Ribose** شەکرێکی پێنج کاربۆنییە لە RNA دا هەیە. (155)

**ڕایبۆزی کەم ئۆکسجینی Deoxy ribose** شەکرێکی پێنج کاربۆنییە لە نیوکیلۆتایدەکانی DNA دا هەیە. (147)

**RNA ڕایبۆسۆمی (rRNA) Ribosomal RNA** گەردێکی RNA تاك زنجیرەییە کە دەچێتە پێکهاتەی ڕایبۆسۆمەوە. (155)

**ڕووخسارە بابەت Phenotype** ڕووخساری دەرەوەی زیندەوەر یان سیفەتێکی دیکەیە کە لەوانەیە دەربیخات، لەبۆماوە بابەتی زیندەوەر و ژینگە پەیدادەبێت. (132)

**ڕژێنی پرۆستات Prostat gland** ڕژێنێکە بەشداری لە دروستبوونی تۆواو لە نێرەدا دەکات. (109)

**ڕژێنی کۆپەر Cowper's gland** دوو ڕژێنی نێرە کۆئەندامی زاوزێن بەشێك لە شلەی تۆواو دەردەدەن لە کاتی ڕژاندا. (109)

**ڕێژەی بۆماوە بابەت Genotypic ratio** ڕێژەی بۆماوە بابەتەکانە کە لە نەوەکاندا دەردەکەوێت. (135)

**ڕێژەی ڕووخسارە بابەت Phenotypic ratio** ڕێژەی ڕووخسارە بابەتی پەیدابووە لە جووتبووندا. (135)

**ڕەوشتە زیندەییەکان Bioethies** لێکۆڵینەوەی بابەتە ڕەوشتیەکانی پەیوەستە بە تەکنۆلۆژیای DNA. (198)

**ڕووکەشە شانە Epithelial tissue** چینە شانەیەکە ڕووی لەش دادەپۆشێت بۆشاییەکەی ناوپۆش دەکات. (6)

## ز

**زمانە Valves** نوشتانەوەیەکی پەردەییە دەست دەگرێت بەسەر وورژمکردنی شلەیەکی دیاریکراو. (25)

**زاوزێیە ڕژێن (توخمە ڕژێن) Gonad** ئەندامی بەرهەمهێنانی گەمیتەکانە. (97)

**زمانەی زورنایی Epiglottis** پێکهاتەیەکی کرکراگەییە لە دەروازەی قورگدا، ڕێ لە چوونەژوورەوەی خۆراك دەگرێت بۆ قورگ وبۆڕی هەوا لەکاتی قووتداندا. (38)

**زەردەتەن Carpus luteum** ئەو پێکهاتەیە کە لە چیکڵدانەی تەقیوی هێلکەدان پێکدێت لە دوای هێلکەدانان، هۆرمۆنەکان دەردەدات. (113)

**زاڵ Dominant** سیفەتی ئەو ئەلیلەیە کە بە شێوە دەردەبڕێت ئەو کاتەی کە تەنها لە لایەن یەك کرۆمۆسۆم لە جووت کرۆمۆسۆمە لێکچووەکان هەڵدەگیرێت. (129)

**زیندەزانیارییەکان Bioinformatic** تەکنیکاریە، زیندەزانی و زانستە زانیارییەکان و تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان کۆ دەکاتەوە بۆ تواناپێدانی لە دۆزینەوەی زیندە نوێیەکان وە لە یەکخستنی چەمکەکان. (192)

**زێ Vagina** ئەندامێکی زاوزێی مێیەیە کە منداڵدان بەدەرەوەی لەش دەگەیەنێت وە پێشوازی لە تۆوەکان دەکات لە کاتی جووتبووندا. (111)

**زاڵبوونی تەواو Complete dominance** پەیوەندییەکە تێیدا ئەلیلێك زاڵبوونی تەواوی بەسەر ئەلیلێکی دیکەدا هەیە. (136)

**زاڵبوونی ناتەواو Incomplete dominance** بارێکە تێیدا سیفەتی تاکێك مام ناوەند دەبێت لە نێوان دوو ڕووخسارە بابەتی باوانی تاکەکە، چونکە ئەلیلی زاڵ ناتوانێت بە تەواوی خۆی دەربڕێت (174, 136)

**زیادبوونە بازدان Insertion mutation** بازدانێکە بە هۆیەوە یەك نیوکلیۆتاید یان زیاتر بۆ بۆهێڵەکە زیاد دەبێت. (170)

## ژ

**ژان Labor** ئەو کردارەیە کە کۆرپەڵەو وێڵاش لە منداڵدانەوە دەردەکات. (118)

**ژێر لانك Hypothalamus** ناوچەیەکی دەماخە، کە چالاکی دەمارە کۆئەندام و کوێرە ڕژێنە کۆئەندام ڕێکدەخات، هەروەها دەست دەگرێت بەسەر زۆر لە چالاکییەکانی لەش کە پەیوەستن بە هاوسەنگی ناوەکی. (94,74)

**ژێر مێشکە ڕژێن Pituitary gland** کوێرە ڕژێنێکە دەکەوێتە خوارەوەی دەماخ و هەندێك لەو هۆرمۆنانە کۆدەکاتەوە کە ژێر لانك دەریاندەدات، وەهەندێکی دیکە یان دەردەدات. هەروەها ئەو هۆرمۆنانە دەردەدات کە ژێر لانك دەستبەسەر دەردانیاندا دەگرێت. (94)

**ژێ Tendon** بەستەرە شانەیەکی بەتینە، ماسولکە بە ئێسك یان بە ئەندامێکی دیکەی لەش دەبەستێت. (18)

## س

**سایمۆسەڕژێن Thymus gland** ئەو ڕژێنەیە کە خانەکانی T تێیدا پێدەگەن. (51)

**سییە ئاوسان Emphysema** نەخۆشییەکە لە سییەکان، بە تێکچوونی سیکلدانۆچکەکانی هەواجیا دەکرێتەوە، بەمەش ڕوویەری پێویست بۆ ئاڵوگۆڕی گازەکان کەمدەکاتەوە. (86)

**سکۆڵە Ventricle** یەکێك لەو دوو ژوورە ماسولکەییە گەورانەیە کە پاڵ بە خوێنەوە دەنێت بۆ دەرەوەی دڵ. (25)

**سکپڕی Gestation یان Pregnancy** لە شیردەرەکاندا، هەڵگرتنی کۆرپەڵەیە لە پیتێنەوە هەتا منداڵبوون. (115)

**سوڕی مانگانە Menstrual Cycle** سوڕە زۆربوونێکی مێینەیە بە گۆڕانی مانگانە لە ناوپۆشی منداڵدان و کەوتنە سەرخوێن جیادەکرێتەوە. (112)

**سکە کەلێن Abdominal cavity** ئەو بەشە کلۆرەی لەشە، لە ژێر ناوپەنجك ولەسەر حەوزدایە. ئەندامەکانی هەرس و دەرهاوێشتن وزۆربوونی تێدایە. (8)

**سنگە کەلێن Thoracic cavity** ئەو کەلێنەیە کە دەکەوێتە نێوان مل و سك لەلەشی مرۆڤدا، ئەویش دڵ و سییەکانی تێدایە. (8)

**سیکلدانۆچکەی هەوا Alveolus** خانەی هەواییە لە سییەکاندا کە ئاڵوگۆڕی ئۆکسجین ودوانۆکسیدی کاربۆنی تێدا ڕوودەدات. (39)

**سییە سوڕ Pulmonary Circulation** دەربەڕینی خوێنە لە سکۆڵەی ڕاستی دڵەوە بۆ سییەکان وپاشان بۆ گوێچکەڵەی چەپی دڵ لەڕێی تۆڕێك لە سییە خوێنبەرو موولوولەی خوێن و خوێنهێنەرەکانەوە. (29)

**سی Lung** ناوەندە پێکهاتەی کۆئەندامی هەناسەدانە، کە تێیدا ئاڵوگۆڕی ئۆکسجینی هەواو دوانۆکسیدی کاربۆنی خوێن ڕوودەدات. (38)

**سپڵ Spleen** گەورەترین لیمفە ئەندامی لەشە، وەك کۆگایەکی خوێن کاردەکات، خڕۆکەسوورە کۆنەکانی خوێن تێکدەشکێنێت و لیمفە خانەکانیش دروست دەکات. (52)

**سیستمی تەواوکەر Complement System** کۆئەندامێکی پرۆتینیە بەڕێڕەوی خوێندا دەسوڕێتەوە بە دژە تەنەکانەوە دەبەسترێت بۆ دابینکردنی پاراستن لە دژە پەیداکەرەکان. (50)

**ستیرۆیدە هۆرمۆن Steroid Hormon** جۆرە هۆرمۆنێکە لە کۆلیسترۆل پێکدێت، ژمارەیەك ستیرۆیدە هۆرمۆن هەن، کە توێکڵی ئەدرینال و گون وهێلکەدان و وێڵاش بەرهەمیان دێنن. (91)

**سایرۆیدە ڕژێن Thyroid gland** کوێرە ڕژێنە دەکەوێتە خوارەوەی مل ئەو دەردراوانە دروست دەکات کە گرنگن بۆ ڕێکخستنی هەندێك لە زیندە چالاکییەکان و هاوسەنگی خوێ. (96)

**سوڕی هێلکەدان Ovarian Cycle** زنجیرەیەك ڕووداوە، بە هۆی هۆرمۆنەکانەوە ڕوودەدات، کە لە ماوەیدا هێلکەدان هاندەدرێت بۆ پێگەیشتنی هێلکەو دەرپەڕاندنی (112)

**سیفەت Trait** شێوەیەکە لە شێوەکانی بۆماوە سیفەتێکی دیاریکراو. (125)

**سیفەتی بەتوخم کارتێکراو Sex-Influenced trait** سیفەتێکی لەشییە بە بوونی توخمە هۆرمۆنەکانی نێرەو مێیە کاریتێدەکرێت. (174)

**سیفەتی بەتوخم بەستراو Sex-Linked trait** سیفەتێکە بۆ هێڵێك دیاریدەکات کە دەکەوێتە سەر هەریەك لەدوو کرۆمۆسۆمی X یان Y لە مرۆڤدا. (167)

**سیفەتە ئالۆزەکان Complex character** سیفەتێکە وەکو ڕەنگی پێست تاڕادەیەکی زۆر، ژینگەو بۆهێڵەکان بەیەکەوە کاریتێدەکەن. (173)

## ش

**شەقبوون Cleavage** زنجیرەیەك دابەشبوونی خانەیە، لەپەرەسەندنی زیندەییدا، کە ڕاستەوخۆ لە دوای پیتاندنی هێلکە ڕوودەدات. (114)

**شوێنی دەستپێك Promoter** ڕیزبەندی نیوکلیۆتایدەکانی DNA یە کە گەردێك ئەنزیمی پەلمەرەی RNA پێوە بەند دەبێت و دەست بە لەبەر گرتنەوەی بۆ هێڵێکی دیاریکراودەکات. (156)

**شاخوێنبەر Aorta** خوێنبەری سەرەکی لەشە، خوێن لە سکۆڵەی چەپەوە بۆ کۆئەندامە سوڕ دەگوازێتەوە. (26)

**شلەی جومگەیی Synovial Fluid** ئەو شلە ڕوونەیە کە جووڵەی جومگە ئاسان دەکات. (14)

## ف

**فایبرین Fibrin** پرۆتینێکە تێکئاڵانێکی دەزوولەیی لە کاتی خوێنمەیندا پێکدێنێت. (34)

**فرە بۆهێڵی Polygnic** سیفەتێك دەردەخات، بەکاریگەری چەند بۆهێڵێك. (172)

## ڤ

**ڤایرۆسی نەمانی بەرگری لە مرۆڤدا HIV** ئەو ڤایرۆسەیەکە دەبێتە هۆی نەخۆشی AIDS. (60)

## ق

**قەدی دەماغ Brain stem** بەشێکی دەماخە، لە شێوەی قەدۆکەیەو هەردوو نیوەی مێشك بە درکەپەتکەوە دەبەستێت پارێزگاری لە چالاکییە پێویستەکانی لەش وەك هەناسەدان و سوڕانەوەی خوێن دەکات. (74)

**قورگ Larynx** ناوچەیەکی ئەلقەییە کە دەو ژێیەکانی تێدایەو دەنگ پەیدادەکات. (38)

**قۆناغی چیکڵدانە Follicular phase** ئەو قۆناغەیە کە تێیدا هێلکەی پێنەگەیشتوو دابەشبوونی یەکەمی کەمەدابەشبوون تەواودەکات. (112)

**قۆناغی زەردەتەن Luteal phase** قۆناغێکی سوڕی مانگانەیە کە تەنی زەرد تێیدا گەشە دەکات و پەرەدەسێنێت. (113)

## ك

**کەللە کەلێن Cranial cavity** ناوچەیەکی کەللەی سەرە کە دەماخی تێدایە. (8)

**کوتان Vaccination** وردە زیندەوەرەکانە یان ماددەی هۆکاری نەخۆشین دەدرێن بە مرۆڤ و گیانەوەران بۆ دابینکردنی وەڵامدانەوە بەرگرییەکان لەلایان. (56)

**کوژەرە خانەی سروشتی Natralkiller Cell** جۆرێکە لە خرۆکە سپیەکان، لەو کەسانەدا هەیە کە بەرگرییان پەیدا نەکردووە، ئەم خانانەش کۆمەڵە خانەی هەمەجۆر دەکوژن. (50)

**کۆئەندامی هەناسە Respiratory System** کۆمەڵە ئەندامێکە فرمانی سەرەکی، وەرگرتنی ئۆکسجین ودەرکردنی دوانۆکسیدی کاربۆنە. ئەم کۆئەندامەش هەردوو سی و قورگ و ئەو جۆگانەی کە بۆ سییەکان دەچن دەگرێتەوە. (38)

**کوێرە ڕژێنە کۆئەندام Endocrine System** کۆمەڵێك ئەندام وخانەن ئەو هۆرمۆنانە دەردەدەن کە گەشەو پەرەسەندن وهاوسەنگی ناوەکی ڕێکدەخەن. ژێرمێشکە ڕژێن سایرۆیدە ڕژێن وهاوسێی سایرۆیدە ڕژێن و ڕژێنی ئەدرینال و ژێر لانك و ڕژێنی کاژێی و توخمە ڕژێنەکان دەگرێتەوە. (91)

**کۆئەندامە سوڕ Systemis circulation** جووڵانەوەی خوێنە لە دڵەوە بۆ هەموو بەشەکانی لەش وپاشان گەڕانەوەی بۆ دڵ. (30)

**کشۆکە ماسولکە Extensor** ئەو ماسولکەیە کە جومگە دەکشێنێت. (19)

**گرژۆکە ماسولکە Flexor** ئەو ماسولکەیە کە جومگە دەچەمێنێتەوە. (19)

**کوێرە ڕژێن Endocrine gland** ڕژێنی بێ جۆگەیە هۆرمۆنەکان دەردەدات بۆ خوێن یان بۆ شلەی دەرەوەی خانەکان. (91)

**کوژەرە بازدان Lethal mutation** کرۆمۆسۆم یان بۆهێڵە بازدانەکار لەگەشەو پەرەسەندنی زیندەوەر دەکات، کە ناتوانێت بە زیندووی بمێنێتەوە. (169)

**کۆدۆن Codon** لە DNA دا ڕیزبەندی سێ نیوکلیۆتایدە، کە ترشێکی ئەمینی دیاریدەکات، یان هانی نیشانەی دەستپێك یان وەستان دەدات. (157)

**کوتاوی DNA (DNA Vaccine)** کوتاوێکە لە DNA بۆ هۆکارێکی نەخۆشی دروستدەکرێت، بەڵام ئەو ناتوانێت ببێتە هۆی نەخۆشی. (197)

**کەوتنە سەرخوێن Menstruation** دەرچوونی خوێن وشانە تێکشکاوەکانە لە منداڵدان لەکاتی سوڕی مانگانەدا. (113)

**کۆمەڵەی خوێن Blood type** پۆلێنکردنی خوێنە، لەسەر جۆری ئەو دژە پەیداکەرە بەندە کە دەکەوێتەسەر ڕووی خرۆکە سورەکانەوە. (34)

**کۆرنیە Cornea** پەردەیەکی ڕوونە بەشی پێشەوەی گلێنەی چاو پێکدەهێنێت. (80)

**کۆرتیزۆڵ Cortisol** هۆرمۆنێکە قۆناغە دیاریکراوەکانی زیندە چالاکی کاربۆهایدرات وپرۆتین وناو ڕێکدەخات. وەکار لە ماسولکەکانیش دەکات و دەردراوەکانی گەدەیی زیاددەکات ویارمەتی وەڵامدانەوەی شانەکان دەدات لە کاتی زیاندا. (97)

**کەمی ئۆکسجین Oxygen debt** ئەو بڕە ئۆکسجینە زیادەیە کە پێویستە بە هۆی لەشەوە وەربگیرێت. بۆ ئەوەی دووبارە بە ماسولکەکان بدرێتەوە، بۆ ڕێپێدان بە شیکردنەوەی ترشی ماست لە ماسولکەکاندا، بە تایبەتی لەدوای چالاکییەکی بە ئەرك. (20)

## گ

**گوێچکەڵە Atrium** ژوورێکە ئەو خوێنەی بۆ دڵ دەگەڕێتەوە، وەردەگرێت. (25)

**گەروو Pharynx** ڕێڕەوی دەمە بۆ قورگ و سورێنچك. (38)

**گەیێنکە دەمار Synapse** جیاکراوەیەکە کۆتایی تەوەرە لەگەڵ جەمسەرەکانی لق و پۆپ یان لەگەڵ دەمارە خانەیەکی دیکە یان لەگەڵ خانەیەکی دیکەدا بەیەکتر دەگەن. (67)

**گۆچکە Papilla** یەکێك لە نووکە شانەکانی سەرزمانە، کە لە نێوانیاندا گۆپکەکانی تامکردن نوقم دەبن. (81)

**گرێ گیرفانی - گوێچکەڵە Sinoatrial node** تۆپەڵە خانەیەکی ماسولکەی دڵن، دەکەونە شوێنی بەیەکگەیشتنی کلۆرە خوێنهێنەری سەروو بە گوێچکەڵەی ڕاستەوە، گرژبوونەکانی دڵ دروست دەکات و ڕێکیان دەخات. (27)

**گرێ گوێچکەڵە - سکۆڵە Atrioventricular nod** تۆپەڵە خانەیەکی ماسولکەی دڵن دەکەونە نێوان گوێچکەڵەی ڕاست و سکۆڵەی ڕاستەوە. ڕاگەیاندنە کارەباییەکان دروستدەکەن کە دەبنە هۆی گرژبوونی سکۆڵەکان. (27)

**گۆڕینەوە Substicution** بازدانێکە تێیدا نیوکلیۆتایدێك یان کۆدۆنێك لە DNA دا شوێنی نیوکلیۆتایدێکی دیکە دەگرێتەوە. (170)

**گواستنەوە Translocation** گواستنەوەی بەشێك لە DNA ی کرۆمۆسۆمێکی دیاریکراوە بۆ یەکێکی دیکە، بە جۆرێك گۆڕان لە شوێنی ئەو بەشەی DNA ڕوودەدات. (169)

**گۆڕان Transformation** گواستنەوەی بۆماوە ماددەیە بە شێوەی پارچە DNA لە خانەیەکەوە بۆ خانەیەکی دیکە یان لە زیندەوەرێکەوە بۆ زیندەوەرێکی دیکە. (144)

**گونەکان Testes** نێرە ئەندامی زاوزێی یەکەمین، کە تۆوەکان و تێستێسترۆن بەرهەمدێنێت. (107)

**گۆچکەکانی کوریۆنی Chorionic Villi** نوکەکانی کۆریۆنن لە پەنجەکان دەچن وە بۆ ناوپۆشی منداڵدان درێژدەبنەوە. (116)

**RNA گوێزەرەوە Transfer RNA (tRNA)** گەردی RNA یە لەکاتی وەرگێڕاندا ترشە ئەمینیەکان دەگوازێتەوە بۆ جەمسەرێکی فرە پیپتیدی گەشەکردوو. (155)

## ل

**لەشە کۆئەندامی دەمار Somatic nervous system** بەشێکە لە پێکهاتەی دەماری، کە بۆ پێست وئێسکە پەیکەرو ماسولکەکان، بەستنەوەی دەماری دابیندەکات کە بۆ هەناوو لوولەکانی خوێن ورژێنەکان دابینی ناکات. (76)

**لقە بۆڕی هەوا Bronchus** هەردوو سی بە بۆری هەواوە دەبەستنەوە. (39)

**لیمفە کۆئەندام Lymphatic System** کۆمەڵە ئەندامێکن، فرمانی سەرەکییان کۆکردنەوەی شلەی دەرەوەی خانەکانەو وە گێرانەوەیانە بۆ خوێن. ئەندامەکانی ئەو کۆئەندامە لیمفە گرێکان ولیمفە لوولەکان دەگرێتەوە. (25)

**لقوپۆپ Dendrite** درێژبووەوەی سایتۆپلازمی دەمارەخانەیە وریاکەرەوە وەردەگرێت. (67)

**لووسە ماسولکە Smooth muscled** ماسولکەی خۆنەویستن لە جۆگەی هەرس و لوولەی خوێن ورژێنەکاندا هەن. بەڵام لە دڵدا نییە. (5)

**لینجە پەردە Mucous membrane** چینێکە لە ڕووکەشە خانە، ڕووەکانی ناوەوەی لەش ناوپۆش دەکات ومادەیەکی لینج دەردەدات. (48)

**لوولپێچ Cochlea** لوولپێچە جۆگەیەکە لە گوێی ناوەوەدایە و پێویستە بۆ بیستن. (79)

**لیمف Lymph** ئەو شلەیە کە لوولەو لیمفە گرێکان کۆی دەکەنەوە. (31)

**لێدانی دڵ Pulse** پەستانی ڕێکوپێکی خوێنە کە دەیخاتە سەر ڕووی ناوەوەی لوولەکانی خوێن بەتایبەتی خوێنبەرەکان. (28)

**لاکێشە مۆخ Medulla Oblongata** بەشی خوارەوەی قەدی دەماخە لە مرۆڤدا، سوڕی خوێن وهەناسەدان ڕێکدەخات لەگەل هەندێ هەستە ئەندامی تایبەتدا. (74)

**لانک Thalamus** بەشێکی دەماخە ڕاگەیاندنە هەستیە جووڵەییە هاتووەکان لەدەرەوەی لەش ئاراستەی شوێنی ڕاستەقینە دەکات بۆ لێکدانەوەیان. (74)

**لەبەرگرتنەوە لە ڕێگەی گواستنەوەی ناووک Cloning by nuclear transfer** گواستنەوەی ناووکە لە لەشە خانەیەکەوە بۆ هێلکە، کە بەتاڵ کرابێت لە بۆماوە ماددەکەی بە مەبەستی لە بەرگرتنەوەی زیندەوەرێکی تەواو. (169)

**لێکدانی تاقیکاری Testcross** لێکدانی نێوان تاکێکی بۆماوە بابەت نەزانراوە بۆ سیفەتێکی زاڵ لەگەڵ تاکێکی یەکرەگی بەزیو بە ئامانجی دیاریکردنی بۆماوە بابەتی نەنزانراوەکە. (135)

**لابردن Deletion** نەمانی بەشێك لە DNAی کرۆمۆسۆمە. (196)

**لادانە بازدان Frameshift mutation** بازدانێکە، بە زیادکردنی یان لادانی نیوکلیۆتایدێك لە ریزبەندەکە. دەبێتە هۆی پەیدا بوونی خوێندنەوەیەکی ناراستی پەڕلەکە لەکاتی وەرگێڕاندا بە هۆی گۆڕان لە سنوری خوێندنەوەدا. (170)

**لینۆرینی گۆچکەکانی کۆریونی Chorionic Villi sampling** بەجێهێنانێکە لە ڕێگەیەوە شیکردنەوەی گۆچکەکانی کۆریۆنی دەکرێت، بۆ دەستنیشانکردنی بۆماوە بابەتی کۆرپەلە. (175)

**لەشە کرۆمۆسۆم Autosome** هەر کرۆمۆسۆمێکە جگە لە توخمە کرۆمۆسۆم. (166)

**لەبەرگیراو Clone** زیندەوەرێکە لە ناتوخمە زۆربوونەوە پەیدابووە، وە لە ڕووی بۆهێڵەوە لێکچووی یەکێك لە باوانیەتی، بەجۆرێك ئەو تاکە لێکچووی بۆماوەیی بێت. (166)

**لەبەرگرتنەوە Transcription** کرداری دروستبوونی ناوکە ترشە بە بەکارهێنانی گەردێکی دیکە وەکو قاڵب، بەتایبەتی کرداری دروستبوونی RNA، بە بەکارهێنانی یەك زنجیرە لە DNA وەك قاڵب. (156)

**تاکە دووڕەگبوون Monohybrid cross** جووتبوونی نێوان تاکەکانە، کە جووتێك لە دژە سیفەتەکان دەگرێتەوە. (134)

**لێکدانی جووتە دووڕەگبوون Dihybird cross** جووتبوونی نێوان تاکەکانە، دوو جووت لە دژە سیفەتەکان دەگرێتەوە. (137)

**لوولەی گوێزەرەوە Vas deferens** ئەو جۆگەیە کە تۆوەکانی پێدادەڕوات کە لە ئاڵۆزەوەدێن بۆ دەرچوونیان لە میزەڕۆ بە چووکدا. (108)

**لیمفە خانە Lymphocyte** جۆرێکە لە خڕۆکە سپییەکانی خوێن بە دوو جۆری یەکەمی هەن: خانەکانی B و خانەکانی T. (51)

## م

**منداڵدان Uterus** ئەندامێکی ماسولکەیی کلۆرە لە کۆئەندامی زاوزێی مێیە، لەناوپۆشەکەیدا هێلکەی پیتراو نوقم دەبێت وتێیدا کۆرپەلە گەشە دەکات و پەرە دەسێنێت. (110)

**موولوولەی خوێن Blood capillary** لوولە خوێنی وردە لە ڕێیەوە ئاڵوگۆڕی ماددەکان لە نێوان خوێن وخانەی شانەکاندا ڕوودەدات. (29)

**مێشك Cerebrum** بەشی سەرەوەی دەماخە کە هەستکردن وەردەگرێت و دەستبەسەر جووڵەشدا دەگرێت. (73)

**ماوەی نەویستن Refractory period** ماوەیەکی کورتە لە دوای وریا کردنەوەی دەمارێك دێت، کە تێیدا دەمارەکە ناتوانێت وریا ببێتەوە. (70)

**مێشکۆلە Cerebellum** بەشی دواوەی دەماخە کە دەستبەسەر جوولەی ماسولکەکان وچالاکی بێ ئاگایی و هەندێك فرمانی هاوسەنگیدا دەگرێت. (75)

**مایۆسین Myosin** ئەو پرۆتینەیە کە بە زۆری لە ماسولکە شانەدا هەیە. پێکهێنەری سەرەکی دەزووە ئەستوورەکانی ماسولکە ڕیشاڵە. (16)

**میلاتۆنین Melatonin** هۆرمۆنێکە رژێنی کاژیی لەشەودا دروستی دەکات، بەشداری دەکات لە ڕێکخستنی سوڕە زیندەییە دیاری کراوەکانی وەکو شێوازەکانی نوستن. (100)

**مۆخی ئێسك Bone morrow** نەرمە شانەیە لەناو ئێسكدایە، كە خانەكانی خرۆكە سوورو خرۆكە سپی بەرهەمدێنێت. (11)

**ماسولكە ریشاڵ Muscle fiber** ماسولكە خانەیە بە تایبەتی لە پەیكەرە ماسولكە ودڵە ماسولكەدا هەیە و فرە ناوكە. (15)

**ماسولكە ریشاڵۆچكە Myofibril** گورزە پێكهاتەیەكی دەزوولەییە لە ماسولكە خانەی میلداردا هەیە و بە زۆری لە ئەكتین و مایۆسین پێكدێت. (16)

**ماسولكە شانە Muscle tissue** شانەیەكە لەو خانانە پێكدێت كە دەتوانن گرژو خاوببنەوە بۆ ئەنجامدانی جووڵە. (5)

**ماندوبوونی ماسولكە Muscle Fatigue** بێ توانایی ماسولكەیە بۆ فرمانی گرژبوون.(20)

## ن

**ناوەندە دەمارە كۆئەندام Central nervous system** دەماخ و درکەپەتكە، كە فرمانی سەرەكییان دەستبەسەرداگرتنی رۆیشتنی راگەیاندنەكانە لە لەشدا. (72)

**ناوپەنچك Diaphragm** ماسولكەیەكە بە شێوەی گومبەزە «گومبەت» بە پەراسووەكانی خوارەوە بەندە، وەك ماسولكەیەكی سەرەكی لە هەناسەدان كاردەكات. (42,8)

**نێوانە دەمارە خانە Interneuron** دەمارە خانەیە دەكەوێتە نێوان دوو دەمارە خانەوە. (75)

**نێوانە ماددە Matrix** ماددەیەكە دەوری خانەكان دەدات، هێزو جێری دەداتە بەستەرە شانە، لەوانەیە شل یان نیمچە رەق یان رەق بێت. (6)

**نەخۆشی ئایدز Acquires immuno (Aids) deficiency syndrome** نەخۆشییەكە هۆیەكەی ڤایرۆسی HIVیە، وا لە تووشبوو دەكات بەرگرییە كۆئەندامەكەی ناچالاك بێت. (60)

**نەخۆشی شەكرە Diabetes mellitus** تێكچوونێكی مەترسیدارە وا لە خانەكان دەكات لە مژینی گلوكۆزی خوێن بێتوانابن، وە هۆیەكەشی كەمی ئەنسولینە یان نەمانی وەڵامدانەوەیە بۆ ئەنسولێن. (99)

**نەخۆشی درم Infections disease** نەخۆشییەكە هۆیەكەی بەكتریای هۆكاری نەخۆشییە یان ڤایرۆسە یان پێشەنگییەكانە. (47)

**نەبزێوە جومگە Fixed joint** جومگەیەكە جووڵەی تێدا روونادات وەك جومگەی ئێسكەكانی كەللە. (13)

**نیشانەی كۆتاییهاتن Termination signal** ریزبەندی دیاریكراوی نیوكلیۆتایدەكانە كۆتایی بۆهێل دیاریدەكات. (156)

**ناوكە پەتك Umbilical cord** ئەو پێكهاتەیە كە كۆرپەلە بە وێلاشەوە دەبەستێت و لە رێگەیەوە لوولەكانی خوێن تێپەڕ دەبن. (117)

**ناوكە ترشی رایبۆزی Ribonucleic acid** فرە یەكەی پێكهاتنە لە هەموو خانە زیندووەكاندا هەیە ورۆڵی هەیە لە دروستبوونی پرۆتین. (154)

**RNA نێردراو Messenger RNA** گەردی RNA تاكە زنجیرەییە كە زانیارییەكانی دروستبوونی پرۆتین هەڵدەگرێت. (155)

**نەخۆشی هانتینگتۆن Hantington's disease** نەخۆشیەكی بۆماوەیی دەماخە، بە دەگمەن هەیە بە جووڵەی خۆنەویستی پەلەكان یان رووی دەموچاو جیادەكرێتەوە، توانای ژیری دادەبەزێنێت ولە كۆتاییدا دەبێتە هۆی مردن. (175)

**نیوكلیۆتاید Nucleotide** یەكەی پێكهاتنە لە زنجیرەی ناووكە ترشدا، لە شەكرو فۆسفات و تفتێكی نایترۆجینی پێكدێت. (147)

**نەخشەی كرۆمۆسۆمی Chromosome map** وێنەی شوێنی بۆهێلەكانە لەسەر كرۆمۆسۆمدا. (168)

**نۆرئیپینیفرین Norepinephrine** ئەو ماددە كیمیاییەكە بریتیە لە دەمارە گوێزەرەوەیەك دەمارە كۆتاییەكانی سمپاساوی لە خۆیە كۆئەندامی دەمار بەرهەمیدێنن، ئەویش هۆرمۆنێكە كرۆكی ئەدرینال بەرهەمیدێنێت بۆ ورياكردنەوەی فرمانی كۆئەندامی سوڕان وكۆئەندامی هەناسە بەتایبەتی. (97)

**نیكۆتین Nicotine** ماددەیەكی ئالودەبوونی تفتی ژەهراوییە، لەتوتن وەرگیراوە. یەكێكە لەوماددانەی كە بەشداری دەكات لە كاریگەرییە زیانبەخشەكانی جگەرەكێشان. (86)

**نێردراوی دووەم Second messenger** گەردێكە كاتێك بەرهەمدێت كە ماددەیەكی دیاریكراو بە وەرگرێكی سەر رووی خانەیەك بەندەبێت، لە ئەنجامدا گۆڕانێك لە فرمانی خانەیی روودەدات. (92)

## هـ

**هەوكردنی جومگەی رۆماتیدی Rheumatoid** تێكچوونێكی درێژخایەنی كۆئەندامی بەرگرییە، دەبێتە هۆی رەقبونی جومگەكان و هەستكردن بەئازار. (14)

**هەوكردنی ئێسكە جومگە Osteo arthritis** نەخۆشییەكی جومگەیی داخورانە تووشی ئەوكركراگەیە دەبێت كەرووی ئێسك دادەپۆشێت، تەنك وزبر دەبێت. (14)

**هەڵلوشێنەری گەورە Macrophage** خانەیەكە لە كۆئەندامی بەرگری، دەوری هۆكارەكانی نەخۆشی و ماددەكانی دیكە دەدات. (50)

**هەناسەدانی دەرەوە Externalrespiraction** ئاڵوگۆڕی گازەكانە لە نێوان زەپۆش و سیەكان. (38)

**هەناسەدانی ناوەوە Internal respiraction** ئاڵوگۆڕی گازەكانە لە نێوان خوێن وخانەكانی لەشدا. (38)

**هەستیاری Allergy** وەڵامدانەوەیەكی هەستپێكراوە بۆ دژە پەیداكەرەكان. لەوانەیە ماددەیەكی باوبێت كە ئەمەش لە زۆربەی خەڵكدا وەڵامدانەوەیەكی كەمە یان هەر نییە. (58)

**هێڵی Z line Z** هێڵی نێوان دوو پارچە ماسولكەیە لە ماسولكە ریشاڵدا لە خانەكانی ماسولكەی میلداردا دەزوەكانی ئەكتینی دەكەونە سەر. (17)

**هاوتا خرۆكەی سپی Neutrophil** خانەیەكی خرۆكە سپی گەورەیە ناوكێكی پلدراو سایتۆپلازمی دەنكۆلەداری تێدایە. (49)

**هێلكەدانان Ovulation** دەرچوونی هێلكەی پێگەیشتووە لە چیكلدانەی هێلكەداندا. (112)

**هاوزاڵبوون Codominance** بارێكە تێیدا دوو ئەلیلی بۆ هێڵێك پێكەوە دەردەبڕێن. (136)

**هەڵگر Carrier** لە بۆماوەزانیدا، ئەو تاکەیە کە یەك لەشە ئەلیلی بەزیو هەڵدەگرێت، ئەگەر یەکرەگ بێت نەخۆشی دەردەخات. (172)

**هێلکەدان Ovary** ئەندامێکە هێلکە بەرهەمدێنێت لە مێیە کۆئەندامی زاوزێدا.

**هۆرمۆنی کۆریۆنی هاندەری توخمە ڕژێنەکان Human chorionic gonadotropin**
هۆرمۆنێکە وێلاش دەریدەدات و زەردەتەن هاندەدات بۆ بەردەوامبوون لە دەردانی پرۆجیسترۆن. (117)

**هەناسەدانەوە Expiration** ئەو کردارە هەناسە دانەیە کە لەڕێیەوە دەرکردنی هەوا لە سییەکانەوە بۆ دەرەوە بەجێدێت. (42)

**هەناسە وەرگرتن Inspiration** کرداری چوونە ژوورەوەی هەوای دەرەوەی لەشە بۆ ناو سییەکان. (41)

**هۆکاری ڕیسی Rh factor** یەکێك لە دژە پەیداکەرەکانی کۆمەڵەی خوێن لەسەر ڕووی خڕۆکە سورەکانی خوێندایە. (36)

**هاوێنە Lens** پێکهاتەیەکی ڕوونی قۆقزە لە چاودا ڕۆشنایی لەسەر تۆڕە کۆدەکاتەوە. (80)

**هەستە ئەندام Sense Organ** ئەندامێکە ئەو کارتێکەرانە وەردەگرێت کە هەستەکانی لێوە پەیدادەبن وەك بینین، بۆنکردن، بیستن، چەژتن وئازار. (78)

**هۆکاری نەخۆشی Pathogen** ڤایرۆس یان وردە زیندەوەرن یان زیندەوەری دیکەن کە دەبنە هۆی نەخۆشی. (47)

**هۆرمۆن Hormone** ماددەیەکە خانەکان دەریدەدەن بۆ هەستان بە ڕێکخستنی چالاکی خانەکانی دیکە لە لەشدا. (91)

**هۆرمۆنی هاندەری تەنی زەرد Luteinizing hormone** هۆرمۆنێکە هێلکەدانان و دەردانی پرۆجیسترۆن بەهۆی تەنی زەرد لە مێیەدا وریا دەکاتەوە، هەروەها دەردانی تێستسترۆن لە نێرەدا وریادەکاتەوە. (97)

**هۆرمۆنی هاندەری جیکڵدانە Follicle stimulating hormone**
هۆرمۆنی وریاکەرەوەی توخمە ڕژێنەکانە و بەرهەمهێنانی تۆو لە نێرینەدا و گەشەو پێگەیشتنی هێلکەدانە چیکڵدانە لە مێیەدا وریا دەکاتەوە. (97)

**هیستامین Histamine** ماددەیەکی کیمیاییە خوێیە کۆئەندامی دەمار و فراوانکردنی خوێنبەرەکان وریادەکاتەوە. (49)

**هیمۆگلۆبین Hemoglobin** پرۆتینە لە خڕۆکە سوورەکاندا، ئۆکسجین هەڵدەگرێت. (32)

## و

**وەڵامدانەوەی هەوکردن Inflammatory tesponse** خۆپارێزی وەڵامدانەوەی شانەکانە، کە تووشی نەخۆشییەك یان زیانێك بووە. بە سووربوونەوەو هەڵئاوسان وئازار جیادەکرێتەوە. (49)

**وەڵامدانەوەی بەرگری Immune response** کاردانەوەی لەشە دژی دژە پەیداکەرەکان. (52)

**وەڵامدانەوە بەرگرییە دەردانییەکان Humoral immune response**
وەڵامدانەوەی بەرگرییە بەهۆی کاری دژە تەنەکان لە شلەکانی لەشدا ڕوودەدات. (54)

**وەڵامدانەوە بەرگرییە خانەییەکان Cell-mediated immune response**
وەڵامدانەوەی بەرگرییە، کاردەکات بۆ پاراستنی خانەکان لە پەلاماردانی خانە نامۆکان هەروەها پشت دەبەستێت بە خانەکانی T یەوە. (53)

**وەرگر Receptor** هەستە دەمارێکی تایبەتمەندە جۆری دیاریکراو لە وریاکەرەوەکان وەڵام دەداتەوە. (92)

**وەستێنەرە دەرمان Depressent** دەرمانێکە چالاکی فرمانی کەمدەکاتەوە و وخاوبوونەوەی ماسولکەش ئەنجامدەدات. (85)

**وریاکەرەوە دەرمان Stimulant** دەرمانێکە چالاکی لەش یان بەشێکی زیاد دەکات. (84)

**وەرگەڕان Inversion** پێچەوانە ڕێکخستنەوەی بۆ هێڵەکانە یان بەشێکی کرۆمۆسۆمە لەناو کرۆمۆسۆمدا. (169)

**وەرگێڕان Translation** هەنگاوێکە لە کرداری دروستبوونی پرۆتین لە ڕایبۆسۆمەکان ڕوودەدات، تێیدا بەکارهێنانی کۆدۆنەکان لە گەردەکانی RNA نێرەر ڕوودەدات، بۆ دیاریکردنی ڕیزبەندی ترشە ئەمینیەکان لە زنجیرەی پیپتیدا. (158)

**وەچەی یەکەم $F_1$ Generation $F_1$** وەچەی یەکەمی تاکە پەیدا بووەکانە لە لێکدانی تاقیکاری دوو زیندەوەردا. (127)

**وەچەی دووەم $F_2$ Generation $F_2$** وەچەی دووەمی تاکە پەیدابووەکانە لە لێکدانی تاقیکاری دوو زیندەوەری تاکەکانی وەچەی یەکەمدا. (127)

**وەچەی باوان P Generation** دوو تاکی یەکەمین کە بۆماوەییانە جووت دەبن. (127)

**وێلاش Placenta** ئەو پێکهاتەیە کە کۆرپەلەی گەشە کردوو بە منداڵدان دەبەستێتەوە وڕێگەدەدات بە ئاڵوگۆڕی خۆراکە ماددەو پاشەڕۆو گازەکان لە نێوان دایك و کۆرپەلەکەدا. (116)

## ی

**یاسای بەجووتەبوونی تفتەکان Base-paring rules** ئەو یاسایەیە کە دەڵێت سایتۆسین جووتەدەبێت لەگەڵ گوانین وئەدینین جووت دەبێت لەگەڵ سایمین لە DNA دا، و ئەدینینیش جووت دەبێت لەگەڵ یوراسیل لە RNA دا. (148)

**یاسای جیابونەوە Low of Segregation** هۆکارە جووتەکانی بۆماوە لێکجیادەبنەوە لە کاتی دروستبوونی گەمیتەکان. (129)

**یاسای دابەشکردنی سەربەخۆ Low of independent assortment**
هۆکارە بۆماوەییەکان لەیەکتری جیادەبنەوە بە شێوەی سەربەخۆ لەکاتی دروستبوونی گەمیتەکان. (130)

**یەکرەگ Homozygous** سیفەتی تاکێکە دوو ئەلیلی لێکچووی هەیە بۆ ڕوخسارێك لەسەر دوو کرۆمۆسۆمی لێکچوودا. (132)

**یەکەی نەخشە Map Unit** ئەو ماوەیە کە دوو بۆهێل لێك جیادەکاتەوە، ڕێژەی پەڕینەوە لە نێوانیاندا 1%. (169)

# فەرهەنگۆکی جوگرافیا

## پۆلەی ١٠ی وێژەیی

# فەرهەنگی ووشەکان

| کوردی | عەرەبی |
|---|---|
| ئـ | |
| ئاودزەکان | مسارب المياه |
| ئامێرکار | الي |
| ئاودڕ | الجرف |
| ئاگرکار | برکاني |
| ئاواکاری | الاستيطان |
| ئەلکول | الكحول |
| ئاست، ئاقار | مستوى |
| ئۆقرەگر | ثابت |
| ئۆقرە نەگر | غير ثابت |
| ئاراستەکان | الاتجاهات |
| ئاومالك | غرين |
| ئاو بەسەرە | محتفظ مياه السطحية |
| ئاوهەڵچنە | ماصة للمياه |
| ئارەقە، ئاودەردان | النتح |
| ئاسەوار | اثار |
| ئاوەردە | واردات |
| ئاژاوتن | السياقة |
| ئاسنە ڕێ | الطرق الحديدية |
| ئاڕاستەکار | موجه |
| ئاوسەرخەر | مضخة |
| ئاوپرژێن | رشاشة المياه |
| بـ | |
| بەش | الباب |
| بەرە بەرە | بالتدريج |

| کوردی | عەرەبی |
|---|---|
| بەند | الفصل |
| بنەماکان | مقومات، اسس |
| بە جیوە | زئبقية |
| باشوورین | الجنوبي |
| با جێگاکردەکان | الرياح المحلية |
| بای هەمەڕۆژە | الرياح اليومية |
| بارانی هەوری سەرکەوتو | الامطار التصاعدية |
| بارانی بەرزە دیاران | الامطار التضاريسية |
| بەکەلك هێنان | الاستفادة من |
| بەگەنکردن | لختيار، قبول |
| بێ هاوتا | فريد من نوعه |
| برگە | قطاع |
| بڕاو بڕ | نهائياً، قطعاً |
| بیابانی | البدو |
| بیابانی گەری | البداوة |
| بان، بانو | هضبة |
| بەرەی گشتکاری | قطاع زراعي |
| بێڵ تەپ | تقليب التربة |
| بەکاربەر (کارکەر) | المستهلك |
| بەرهەمهێن | المنتج |
| بەرلو | الأراضي السبخية |
| بەنداو | السد |
| بەرایی | القابلية |
| بە برشت | القابلية |
| پێوەر | المقياس |

| | |
|---|---|
| بەردەڕێژ | الرصف بالحجارة |

## پـ

| | |
|---|---|
| پێکهاتووی دەریاکرد | تكوينات بحرية |
| پەرداخکردن | الصقل |
| پارچەی سەردابڕ | مقطع رأسي |
| پشتێنە | نطاق |
| پەستان سۆک | الضغط الخفيف |
| پەستان قورس | الضغط العالي |
| پچڕ پچڕ | متقط |
| پۆشاکی ڕووەککرد | الغطاء النباتي |
| پەستانی هەواکرد | الضغط الجوي |
| پێشبینی | تنبؤ |
| پێوانەکاری | المسح، المساحة |
| پەموانە | بذور القطن |
| پەی پێ بردن | دراك، اكتشاف |
| پیشە | المهنة |
| پیشەسازی | الصناعة |
| پیشەدارکردن | التصنيع |
| پارەی خەوتوو | الأرصدة المالية(النقدية) |
| پیس بوون | التلوث |
| پەڕش | الشيلم |
| پالە | عامل زراعي |
| پەیین کردن | التسميد العضوي |
| پەیینی کیمیاکار | السماد الكيميائي |
| پێکداچوون | التشابك |
| پیز، پیت | الخصوبة |
| پەیت | مركز |
| پێکدادان | التلاطم |
| پەرگر | متطرف |

## تـ

| | |
|---|---|
| تاوێر | الصخر |
| تەکان | حركة، اندفاع |
| تەوژم، تەزوو | التيار |
| تێکڕا، تێکرا | متوسط، المعدل |
| تەواوسازی خۆبەخۆ | الاكتفاء الذاتي |
| تایە | المشتل |
| تاوێرکار(ڕەقەن) | صخري |
| تاوێری لمکار | الصخور الرملية |
| تاوێری ئاگرین | الصخور النارية |
| تاوێری نیشتەنیکردن | الصخور الرسوبية |
| تاوێری گۆڕاو | الصخور المتحولة |
| تێدا دەکوژێتەوە | ينتهي اليه |
| تاقتکردن | تخزين، الحفظ |
| تایبەتمەند | تخصص، المتخصص |
| تەوژمی کەنداو | التيار الخليجي |
| تەواوکاری | التكامل |
| تێکچڕژان | التشابك |
| تەریک | منعزل، بعيد |
| تۆڕئاسا | مشبكة، شبكية |
| تەقینەوەی کانی ئاگرینەکان | ثورة البراكين |

## جـ

| | |
|---|---|
| جێگاکرد | المكانية |

| | |
|---|---|
| جێگا حەواڵەکردن | المواضع المشرقة |
| جوگرافیگە | الجغرافي |
| جێ مەبەست | الهدف |
| جەستەیەکی فڕۆك | جسم طائر |
| جێکار | الاثر |
| جەنگ سار | حربي |
| جەنجاڵ | مزدحم، ازدحام |
| جامباز | دلال، سمسار |
| جۆشخوار | كارة لاحم |
| **چ** | |
| چڕ | كثيف |
| چەندێتی | الكمية |
| چەندو چۆنی | الكمية و النوعية |
| چۆنیەك | متساو، متشابه |
| چەپ | معزول، منعزل |
| چیا چەماوەکان | الجبال الالتوائية |
| چیا شکست کردەکان | الجبال الانكسارية |
| چاوگێری | المراقبة |
| **ح** | |
| حەوانەوە، حەسانەوە | الراحة |
| **خ** | |
| خەست | كثيف، مركز |
| خول خواردن | دوران |
| خۆڵبار | مترب |
| خۆرسك | الطبيعي |
| خاکی هەناسەدار | تربة مسامية |
| خەرمانە | هالة، اكليل |
| خەستەوەبوو | مكثف |
| خەستەوەبوون | التكاثف |
| خاروبار | ارزاق |
| خستنەڕوو | العرض |
| خواست | الطلب |
| خۆرکار، خۆرکرد | الشمسي |
| خۆڵەکەوە، خۆڵەمێش | الرماد |
| خۆهەڵواس | متسلق، متعلق |
| خاسیەتی دەزولەکردن | الخاصية الشعرية |
| خوارتر(نزمتر) | اوطأ |
| خوارین | الاوطأ، السفلي |
| خستنە ژێربار | تسخير، استغلال |
| **د** | |
| داتاشراو | منحوت |
| دیاردە | ظاهرة |
| دەرامەت | مورد |
| دانە | مفرد، عنصر |
| دارایی | المالي |
| دیکار، دیتنکار | الميداني |
| دارین | خشبي |
| داکەوتن | الهبوط |
| دیوی نەدیوی | الجهة الخلفية(غير المرئية) |
| کاریتە | من الجبل |
| داری مێشە | الشربين |
| دەچێتەوە سەر | ينتمي، يرجع الى |
| دەردانەوە، بەرێخستن | التصريف |
| دەلاندن | الترشح |

| | |
|---|---|
| دزەدەکات | يتسرب |
| داکشان(نیشتاو) | الجزر |
| داڕووتان، داماڵین | التعريه |
| داتاشین | النحت، اصطناعي |
| داڕووشان | الخدش |
| دای لەلێژی | تردى |
| داڵدە ئاو | المرفأ |
| داڕشتن | صياغة، الصب |
| داڵدە | ملجأ |
| دووکەڵکێش | مدخنة |
| دووکەڵپاڵێو | مدخنة مفلترة |
| دەستیاو | سلفة |
| داباڕین | المتساقط |
| دەم دەمی | متذبذ |
| داهێنان | لخترع، ابداع |
| دووهەوا | الجو المتقلب، القاري |
| دەستکردی ماڵەوە | الصناعات المنزلية |
| دەستکرد | يدوي |
| دەست ڕەنگینی | المهارة اليدوية |
| دای لەزۆری | ازداد |
| دەوەن | شجيرات |
| دەرمانی هەرزێکوژ | ادوية مكافحة للادغال |
| داشوشتن | البزل |
| داشۆرکاری | عمليت البزل |
| داخلیسکان | انزلاق |
| دەریا | البحر |
| دەشتی لافاوکرد | السهول الفيضية |
| دەشتی خڵتەکرد | السهول العرينية |

## ر - ڕ

| | |
|---|---|
| ڕەگەز | عنصر، الاصل |
| ڕاستەوخۆ | مباشرة |
| ڕێچکەی با | تيار الهواء، اتجاهه |
| ڕەنووسکرد | الرقمي |
| ڕووناکیکار | الضوئي |
| ڕوانگە | المرصد |
| ڕاماڵین | الجرف |
| ڕاماڵران | انجراف |
| ڕابەرکاری | الترشيد |
| ڕووتەن | جرداء |
| ڕۆچوون | هبوط الارض |
| ڕۆخە دەشت | سهل الساحلي |

## ز

| | |
|---|---|
| زەریا | المحيط |
| زورگان | اراضي متموجة |
| زورگ | التل، التلال |
| زیندەکاری، زیندەوەرزانی | الحيوي |
| زوقم | الصقيع |
| زیادەگیری | التوسع |

## ژ

| | |
|---|---|
| ژوورینەکان | العليا |

## س

| | |
|---|---|
| سەردەم، سەرزەمان | الازمنة |
| سەرد | شديدة التماسك، صلد |
| سەویە، ئاست | المستوى |

| | |
|---|---|
| سەنگ | الوزن، الحجر |
| سەرکەوتن | الصعود، النجاح |
| سەوڵ ئاسا | مجذابي الشكل |
| سوورانەوە | الدوران، التجوال |
| سنوری داتاشراو | حدود مصطنعة |
| سەربازی، سەروازی | العسكري |
| سیفەتی دەست باڵا | الصفة الغالبة |
| سەرمایەی پارە | رأس المال النقدي |
| سەروەریی | السيادة |
| سەربەخۆیی | الاستقلال |
| سەردەکات | يتسرب، يتدفق |
| سفت | كثيف(للنسيج) |
| سەربەرەو دەریا | نحو البحر |
| سەرەتاتکێ | الاستطلاع |

## شـ

| | |
|---|---|
| شلەتێن | فاتر |
| شەوکەران | شجرة الشوكران |
| شارەزایی دۆخی هەوا | الانواء الجوية |
| شوێنکار | معالم، اثر |
| شیّ ی رێژەیی | الرطوبة النسبية |
| شان لەشان | المزاحمة، المنافسة |
| شکستەنی | المواد القابلة للكسر |
| شمەکی بەرهەم ساز | السلع الانتاجية |
| شمەکی بەکاربردن | السلع الاستهلاكية |
| شاری قەلاگار | مدينة محصنة(عسكرية) |
| شاری خێو(درنج) | مدينة الاشباح |
| شاری ملیۆن نشین | مدينة مليونية |
| شاش | متفرقة، غيركثيف |
| شەتاو | الشط، الماء الوفير |
| شارێگە | الطريق الرئيس |
| شکستکرد | الانكسارية |

## عـ

| | |
|---|---|
| عەماراو | خزانات المياه |

## قـ

| | |
|---|---|
| قۆڵ | جهة، ذراع |
| قاڵبووەکان | المتمرسون، بلورات المتخصصون |
| قەڵەباڵغ، قەرەباڵغ | كثير النفوس |
| قاپوور، توێکڵ | درع، هيكل |
| قولأیی بین | المسبلر |

## کـ

| | |
|---|---|
| کەندڕ | الجرف |
| کێشانە | |
| کۆتایی گەورە | النهاية العظمى |
| کۆتایی بچوك | النهاية الصغرى |
| کەمەرەی زەمین | خط الاستواء |
| کاژ | الصنوبر |
| کانی ئاگرین(ئاگرپژێن) | البركان |
| کووڕ | عالي، مقوس |
| کەنارەو کەنار | على امتداد الساحل |
| کەناراو | الساحل |
| کوختە، کونج | الكوخ |
| کۆمەڵی یەکان | الجماعية |
| کشتگە | مزرعة |
| کشتار | مزارع |

| | |
|---|---|
| کزن | البرسيم |
| کشتوکاڵی جێگۆڕکێ | الزراعة المتنقلة |
| کشتوکاڵی گوزەرەنکاری | الزراعة المعاشية |
| کلّکار | الفخاري |
| کێشانە سووک | ذات الوزن الخفيف |
| کەلێن | المنفذ |
| کەرەتۆپەڵ | كتلة صماء |
| کارزانی | الكفاءة |
| کارزان | الكفوّ |

## گـ

| | |
|---|---|
| گۆڕاوەکان | المتحولة |
| گلّکار | الطينية |
| گیانلەبەر، بێ زمان | الحيوانات |
| گەردونی | الفلكية |
| گرە | السموم |
| گەلاّرێژ | نفضية |
| گەروو، تەنگە | المضيق |
| گەورەشار | المدينة الكبيرة |
| گیازەنگولە، گارس | الشوفان |
| گاسنکێش | جرارات المحاريث |
| گەرماگۆڕکێ | التغيرات الحرارية |
| گۆل گۆلکراو | مقسمة الى حقول |
| گەردوونەجێ | الموقع الفلكي |

## لـ

| | |
|---|---|
| لەلەکراو | مدرجة بخطوط |
| لادەدات | ينحرف |
| لقەقۆڵ | جهات فرعية |
| لەخۆزیاد | الفائض عن الحاجة |
| لەون، کارزان | كفوّ |
| لەون، کارزان | كفوْ |
| لێدەرهاتی نەوت | مستخلصات النفط |
| لمکار | رملي |
| لابەلا، لەلاوە | بصورة غير مباشرة |
| لوولەکێشی | مد الانابيب |

## مـ

| | |
|---|---|
| مرۆڤکرد، مرۆڤکار | من صنع الانسان |
| مۆلگە | المركز |
| مۆلگەی ناوچە | مركز الناحية |
| مۆلگەی بەڕێوەبراو | مركز اداري |
| مۆلگەی هەڵسوڕاو | مركز اداري |
| مێگەل | قطيع |
| مێگەلەشار | مدينة متجمعة |
| مێژووکرد | تاريخي |
| مت بوون | سبات |
| میزاودان | التسميد الحيواني (العضوي) |
| مۆلەتکار | مؤقت |

## نـ

| | |
|---|---|
| نیشتەنی جۆشکار | رسوبية لاحمة |
| نیشتەنی کردەکان | الرسوبية |
| نشینە، دانیشتوان | السكان |
| نەخشەی نشینە نماکان | الخرائط السكانية |
| نەخشەی مێژوونما | خريطة تأريخية |
| نخوونکراو | منكوس، مقلوب |
| نیمچە خولگە | شبه مداري |